خوێندنەوەی

خەلەفی عاشر

ئیسحاق و ئیدریس

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضیف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شیخ نظام الدین یونس عزیز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَانُ

في القراءات العشر للقرآن

خلف العاشر

براوييه/ إسحاق وإدريس
من طريق الدرة

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبو سمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

خەلەفی عاشر

ئیسحاق و ئیدریس

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضیف الله عمر أبو سمهدانه

سەرپەرشتیاری وەرگێڕان

شیخ نظام الدین یونس عزیز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
779 لە 2024/7/8
عێراق - هولێر

ليستی سەرپەرشتیاری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — **سەرپەرشتیاری زانستی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — **پێداچوونەوەی زانستی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — **پێداچوونەوەی زمانەوانی**

قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێڕی سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — **سەرپەرشتیاری چاپ**


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — **وەرگێڕ**

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ

أُوْلَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾ البقرة: ١٢١

له عوسمانی کوڕی عەففانەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە ماڤ هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ئهوهی كه ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكهی ئهوهی لهگهڵ كردوین كه باوهڕی پێ بهخشیوین، وئێمهی تایبهت مهند كردووه به ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه له جوانی و به هێزیدا و چیرۆكهكانی دووباره ئهبێتهوه، قورئانی پیرۆز ڕوونكهرهوهی ههموو شتێكه، هیدایهت بهخش و ڕهحمهتهو مزگێنیشه بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه، درودو ڕهحمهت بۆ سهر ئهو نێردراوهی كه ڕهحمهت و بهرهكهته بۆ ههمووو جیهان، گهورهو خۆشهویستمان موحهمهد (ﷺ)، ومیهرهبانی بڕژێ بهسهر خانهوادهو ئهصحاب و شوێن كهوتوانی و ئهوانهی شوێنیان كهوتوون به چاكه تا ڕۆژی دوایی.

به دڵنیایهوه خودای مهزن فهرمانی كردووه به ڕووكردنه قورئانی مهزن به خوێندنهوهو لهبهر كردن و تێگهیشتن و بیرلێكردنهوهو كارپێكردنی له زۆر ئایهت له قورئانی پیرۆز، یهكێك لهو ئایهتانه دهفهرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ ﴾ فاطر: ٢٩

وههروها پێغهمبهری خۆشهویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكهین و كهسانی تریش فێر بكهین، ههر وهك ئهفهرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پهروهردگاری پاك و بێگهرد خهڵكانێكی ئامادهكردووه له ههموو كات و سهردهمێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوهكو بهڵێنی پهروهردگار بێته دی له پاراستنی پهرتوكهكهی. ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبهت كردووه بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، وهریان گرتووه، ههروهك چۆن پێغهمبهر(ﷺ) وهری گرتوهو كهسانی دوای خۆی فێركردووه،

موسلمانانیش له ههمووو سهردهمێكدا قورئانیان خوێندووه به خوێندنێكی پاراو وجوان ههر وهك چۆن دابهزیووه، پاشان پێمان گهشتووه به پاك و بێگهردی دوور له هەموو ههڵهو كهم و كورتیهك، به سهنهدێكی نهپچڕاو دهست به دهست تاوهكو دهگات به پێغهمبهری خۆشهویستمان(ﷺ).

به شێوهیهكی گشتی ولأتمان به تایبهتی گرنگیهكی زۆری داوه به قورئانی پیرۆز، به شێوهیهك كه به ههزارهها ئهزبهركاری (حافز) قورئانیان تێدا ههڵكهوتووهو له ههردوو ڕهگهز به دهیهها ههزار قورئانخوێنیان تێدا ههلكهوتووه، سوپاس بۆ ئهو خودایهی خاوهنی ههمووو فهزل و چاكهیهكه، وسوپاس بۆ ئهو چاكهو میهرهبانیهی لهگهڵ ئێمه كردویهتی، خهریك بوون به قورئان باشتره لهوهی كه خهڵكی له مولك و سامان كۆیدهكهنهوه. سوپاس بۆ خودای گهوره، خهڵكی پێش بڕكێ دهكهن بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، بهمهبهستی دهست كهوتنی خێرو پاداشت.

یهكێك لهوانه برای خۆشهویست دكتۆر ئهحمهد ضهیف الله سهمهدانه، دهستی كردووه به ئامادهكردنی زنجیرهیهك له كتێبی قیرائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاته ژێر دهستی قوتابیانی زانستهكانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوه (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئان ، تا بهشی ههبێت لهگهڵ ههمووو ئهو كهسانهی كه گرنگی به قورئانی پیرۆز دهدهن و خهریكی ئهم كارهن، ئاسان كردنی فێربونی قیرائاتی قورئانی پیرۆز و شارهزاكردنی كهسانی تر، من سهیری ئهم كارهم كرد بۆم دهركهوت كه ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا بهكار هێناوه، ده خوێندنهوهكانی قورئانی له خۆ گرتووه به شێوهیهكی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، به وردبینی و جوان وهرگرتنی.

سهرهتا دهستی كردووه به باس كردنی بنچینهكانی خوێندنهوهی قاریئهكه، ئهوهی كه مهبهسته له باسهكهدا، دواتر دهستی كردوه بهوهی كه جیاوازهو پێچهوانهی قیرائهتی (حهفصه)و (فهرش)[1].و بنچینهكانیهتی، پیت پیت و وشه وشه، پاشان له بهشی سێههم دهستی كردووه به باس كردنی وشهكانی (فهرش) كه پێچهوانهی خوێندنهوهی

---

[1] فهرش: زاراوهیهكی زانستی قیرائاتی قورئانه، كه ئاماژهدهكات بهو ووشانهی كه له خوێندنهوهیاندا جیاوازی ههیه له نێوان قاریئهكاندا. (وهرگێڕ)

(حەفصە). پەرتوکەکە گشتگیرە بەوەی کە جیاوازی قاریئەکە لە خۆ دەگرێت و فێرخواز شتە وونبوەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

داواکارم لە پەروەردگار ئەم بەرهەمە سودی هەبێت بۆ هەمووو خەڵك بە شێوەیەکی گشتی و خەڵکی تایبەتمەند بە قورئانی پیرۆز بە تایبەتی، وپاداشتی برای بەڕێزمان کاك ئەحمەد بداتەوە کە هەستاوە بەم کارە چاکە بە باشترین شێوە وئەمەشی بۆ بکاتە چاکەیەکی نەبڕاوە بەو زانستەی کە خەڵکی سودی لێببینێ، وداواکارم خودای مەزن هێزو چالاکییەکی پێ ببەخشێت بۆ خزمەت کردنی پەرتوکی پەروەردگارو بلأوکردنەوەی زانستەکانی قورئان تا بچێتە ژێر ئەم فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

پەروەردگار ئەم کارەمان لێ وەربگرەو لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ پەروەردگاریگی زۆر بیسەرو زانایت، تەوبەو پەشیمانیمان لێ وەربگرەو بێگومان تۆ پەروەردگاریگی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانی، خودایە بمانگێڕە لە ئەصحابی قورئانی پیرۆزو نزیك لە خۆتت بە تایبەت، خودایە دڵێکی پاك و مەبەستێکی بێ گەردمان پێ ببەخشە لە گوفتارو کردەوەدا، خودایە کۆتایی تەمەنمان پر خێر بکەی.

درودو ڕەحمەت بۆ سەر پێشەواو خۆشەویست و پێغەمبەرمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سەر خانەوادەو یارانی بە گشتی.

عبدالرحمن ی کوڕی یوسف الجمل[1]

---

[1] دکتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشەوای قورئانخوێنانی فەلەستین، لە دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نەسیرات لە ناوەڕاستی کەرتی غەزە، مامۆستای بەژداربو لە تەفسیر و زانستەکانی قورئان و خوێندنەوەکانی قورئان لە کۆلێژی بنەماکانی ئاین لە زانکۆی ئیسلامی لە غەزە، کاری کردووە وەك مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی بنەماکانی ئاین، دواتر بۆتە عەمیدی کۆلێژی ناوبراو، ئێستا کار دەکا وەك سەرۆکی دەزگای قورئانی پیرۆز و سونە لە کەرتی غەزە و سەرۆکی فەرمانگەی قیرائاتی سەنەدەکانی قورئانە، بەڕێز دکتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینەی چاکەو ماف بەسەرمانەوە هەیە لە دوای پەروەردگاری مەزن لە بلاوکردنەوەی زانستەکانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنەوەی لە غەزە، چەند پەرتوکێکی بلأو کراوەی هەیە لە قیرائاتی قورئان و سەنەدەکانی وەرگرتوەو ڕێگە پێدراوە لە لایەن کۆمەلێك بەڕێزو مامۆستای گەورەوە، لەوانەی مامۆستاو شێخی گەورە بەڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی بە پێنووسی شێخ: سەعید زەعیمە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕەحمەت وسەلام برژێ بەسەر چاترینی پەیامبەران و پێشەوای بڕواداران، ئەو کەسەی کە کتێبێکی بەسەر دابەزیوە هیچ خواری و کەم و کورتی تێدا نیە، نە لەپێش و نە لە دواوە.

سەیری ئەم زنجیرە پیرۆزەم کرد کە ناونراوە بە گەوهەرەکانی قیراِئاتی قورئان (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان، کە دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله باوکی سەمهەدانە، بینیم پڕە لە زانیاری ورد لە ناوەڕۆکدا.

منیش داواکارم لە یەزدان کە سودی هەبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بەوەی کە داڕێژراوەو نوسراوەتەوە لەم زنجیرە پیرۆزەدا .

دووبارە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:

سعيد صالح زعيمه[1]

---

(1) شێخی پزیشك: سەعید صالح مصطفى زعيمه، زانایەکی لێکۆڵەرو کاربەجێیە، یەکێکە لە زانایانی خوێندنەوەکانی قورئان لە ئەسکەندەریە، پزیشکی جەڕاحە لە ئەزهەر، لە دایك بوی 1957ز، دەرچوی پەیمانگای سەموحەیە، بۆ قیرائاتی قورئانی بڕوانامەی بالای وەرگرتوە لە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە، شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هەیە لەسەر دەقەکانی شێخ و زاناکان وەك شاطبی و ئیبن جەزری و جەمزوری، قورئانی پیرۆزی بەتەواوی خوێندۆتەوە بە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە بەسەر زانا شێخ موحەممەد عبدالحميد عبدالله خليل ، خاوەنی بەرزترین پالپشتە لە جیهاندا لە خوێندنەوەی دە قیرائاتە گەورەکە، وشێخ سەعید قورئانی خوێندۆتەوە بەسەر زۆر شێخ دا کە باس دەکرێن نزیکەی چل پیاو و ئافرەت دەبن، هەمووی ڕێپێدانیان وەرگرتوە، بۆ نمونە کەسێکە بەناوی عبدالفتاح مەدکور، وهەروها شێخ سەمنودی،و شێخ عەلی نحاس،و شێخ عەلی رحال،و دایکی سەعد، ومۆڵەتی لە خوێندنەوەی دەی بچوکی پێداوم بەناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر کتیبێی هەیە لە زانستی خوێندنەوەکانداو جگە لە خوێندنەوەکانیش،

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەكی شێخ: جەمال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و تەنیا، درودو ڕەحمەت بۆ سەر گیانی ئەو كەسەی كە هیچ پێغەمبەرێك لە دوای ئەو نایەت.

ئەم پەرتووكەم بینی كە ناونراوە بە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، لە نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئەحمەد ضەیف الله باوكی سەمهەدانە ، بینیم كتێبێكی چاكە لە داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كەش كردوە، سود بەخشە لە بابەتەكانیدا، ئاسانە لەسەر زانست خوازان، تكاكارم لە پەروەردگار سودی بگێنێت لە هەموو كات و ساتێكدا، چونكە تەنها ئەو پشتیوان و بەهێزە لەسەر هەمووو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووتەی شێخ:

جەمال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هەول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئەنجام داوە لە بلأوكردنەوەی زانستی قیراِئات، لەگەلٚ ئەوەش زانستێكی بەرفراوانی هەیە لە زانستی نەحوو صەرف و تەفسیر و زانستە شەرعیەكاندا.

[1] شێخ: جەمال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحەممەد القرش، لە دایك بوی 1963ز، چەن ڕێگە پێدراوێكی بەدەست هێناوە لە خوێندن و خوێندنەوەدا، بڕوانامەی زانكۆیی هەیە لە كۆلێژی ئاداب و پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی سالی1987ی زایینی، سەرپەرشتیار بووە لە بەشی قورئانی پیرۆزو زانستەكانی لە بنكەی یەكەم بۆ پەرەپێدانی پەروەردەیی لە ڕیاز، بەژداری لە زۆر خول كردووە وەك لێهاتویی و سەرپەرشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوەو سەرۆكی بەشی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانمانی پێشو لە ولأتی سعودیا، وەهەروەها كاری كردوە وەك بەڕێوەبەر بۆ كاروباری فێركردن لە قوتابخانەكانی ناوەڕاست لە سالی1427ی كۆچی تا وەكو سالی1433ی كۆچی، بەژداری كردوە لە پێش بركێی نێو دەولەتی بۆ لەبەر كردنی قورئانی پیرۆز لە ولاتی كویەت لە سالی 1432ك، و 1433ك، چەن نوسراوێكی خۆی هەیە لە (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	لەبری
4	سكون	زەنەدار
5	شدة	شەدەدار
6	ضمة	ضەمەدار
7	فتحة	فەتحەدار
8	كسرة	كەسرەدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانەپاڵ
11	وقف	وەستان
12	وصل	نەوەستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنەوە
15	مد	درێژكردنەوە
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شەش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنەوە

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی:-

سوپاس بۆ ئەو خودایەی قورئانی پیرۆزی کردۆتە ڕۆناکی بۆ خەڵك تا ڕێ نیشاندەری گومڕاو سەرلێشێواوان بێت، وخەڵکی لە تاریکی نەزانی ڕزگار کردووە بەرەو ڕوناکی قورئانی پیرۆز، ودەروونی پاك کردۆتەوەو دەری هێناون لە سەر گەردانی و بەرەو جوانترین و بەرزترین پلەوپایەی بردوون.

ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر پێشەومان، موحەممەدی کوڕی عبداللە(ﷺ)، ئەو کەسەی کە ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بەسەردابەزیوە.

بەهۆی ئەم قورئانە پیرۆزە چلکی ئارەزوەکانی لابردوە لەگەڵ پیسیەکان، هەر بەهۆی ئەم قورئانە پێشەوایەتی بۆ مرۆڤەکان دروست کردووە، بوون بە نمونە لە پۆشاکی هێزی باوەڕدا، درووود لەسەر خانەوادەی ئەم پەیامبەرەو ئەم هاوڕێیانەی کە چاکترین کەس بوون، ودرووود لەسەر ئەوکەسانەش کە شوێن کەوتەی ڕێبازی ئەوانن لە پیاو چاکان و پاکان، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان ئەزبەر کردو پارێزگاریان لێ کرد، پەروەردگار پاداشتی چاکەکانیانی داوە لە دونیاو دوارۆژدا، پەروەردگار چاکەکارانی خۆش دەوێت:

بە دڵنیایەوە زانستی تەجویدو خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز لەپێشینەی زانستەکانی ترە لەباس کردن و یادگەدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگەیان هەیە ، چونکە پەیوەستن بە فەرمودەی پەروەردگاری جیهانیان بە شێوەیەك ئەو زانستەو ئەو زنجیرە قورئانیانە پاداشتێکی زۆری لەسەرە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إِلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

---

[1] **ئەبو داوود، پەرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.**

دوای ئه‌وه‌ی فێركردنی قورئانی پیرۆزو شاره‌زابوون لێی، وبلأوكردنه‌وه‌ی شێوه‌ی خوێندنه‌وه‌كه‌ی و گێڕانه‌واكانی، نزیكت ده‌كاته‌وه له‌ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، به‌ پالْ پشتی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌رمان (ﷺ) كه‌ ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[1]. واتا: چاكترینتان ئه‌و كه‌سانه‌ن كه‌ خۆی فێری قورئان ده‌كات و كه‌سانی تریش فێر ده‌كات.

له‌سه‌ر وه‌لأم دانه‌وه‌ی پێشنازی هه‌ندێ له‌ هاوڕێیان، ئیستخاره‌ی په‌روه‌ردگارم كرد، داوای كۆمه‌ك و هاوكاری و ڕێنیشاندانی پشت ئه‌ستوریم لێ كرد، ئه‌ویش دلْ و ده‌روونمی ئارام كرد له‌سه‌ر نوسینی ئه‌م بابه‌ته‌ی ئه‌م به‌شه‌دا، به‌ هیوای ئه‌وه‌ی بتوانم ببم به‌ شوێن كه‌وته‌ی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌م (ﷺ) ده‌ستم پێ كرد به‌ داوای پالْ پشت و هاوكاری خودای گه‌وره‌ له‌سه‌ر بلاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م زنجیره‌ قورئانیه‌ی پاش ئه‌وه‌ی كه‌ سه‌ربه‌رزو سه‌ر فراز بووم به‌ وه‌رگرتنی فێربونی زانستی ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز خوێندنه‌وه‌ی بچووك و گه‌وره‌و چوار جۆر خوێندنه‌وه‌ شازه‌كان (القراءات الشاذة) به‌ پالْ پشتی مامۆستا به‌رێزه‌كان و له‌سه‌ر ده‌ستی شێخه‌ به‌ڕێزه‌كانم، ده‌ست پێ ده‌كه‌م له‌م ڕووه‌ی كه‌ هه‌ست به‌ به‌رپرسیاره‌تی ده‌كه‌م، نه‌ك له‌ڕووی ئه‌وه‌ی كه‌ بلێم من شایه‌نی ئه‌م كاره‌م.

ئه‌و ڕێگایه‌ی گرتومه‌به‌ر له‌م زنجیره‌دا، بریتیه‌ له‌ زنجیره‌یه‌ك له‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی كه‌ ناوم ناوه‌ (الدرر الحسان) له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، من ئه‌م بابه‌ته‌م كۆكردۆته‌وه‌ له‌ كتێبه‌كانی پێشو، وئه‌وه‌شی كه‌ وه‌رم گرتوه‌ له‌ مامۆستاكانم، باسی ئه‌و جیاوازیانه‌م كردووه‌ كه‌ ڕاویه‌كان یان قاریئه‌كه‌ پێچه‌وانه‌ی پێشه‌وا حه‌فصی كردووه‌، باسی یه‌ك ده‌نگیم له‌ نێوانیاندا نه‌كردووه‌، مه‌گه‌ر كه‌مێك جار نه‌بێ كه‌ باسی یه‌ك هه‌لْ وێستیان ئه‌كه‌م زیاتر بۆ ڕوون كردنه‌وه‌و ته‌واوكه‌ری سوده‌كانه‌، ئه‌م په‌رتوكه‌ی له‌ ژێر ده‌ستی خوێنه‌ری به‌رێزدایه‌ كردومه‌ به‌ سێ به‌ش، له‌ به‌شی یه‌كه‌م : باسی بنچینه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا ئبی عه‌مری بسڕی به‌ ریزبه‌ندی

[1] بوخاری، له‌ باسی خیركم من تعلم القران و علمه، ژماره‌ی فه‌رمووده‌5027، لاپه‌ڕه‌436.

بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا خەلەف ی عاشرو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

بە مێشكم داهات كە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێكەڵاو بكەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەكانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەكانی قورئان و ڕێگەی زنجیرەكانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا خەلەف ی عاشر، وتوندو تۆڵكردنی زنجیرەكانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، كاتێ تاقیكردنەوەكان و گشت بابەتەكان تەواو ئەبن بەیەكتر پەیوەست ئەكرێن، وجگە لە

كاری تری په‌روه‌رده‌یی كه شاراوه نیه لای هه‌مووو كه‌سێكی تێگه‌یشتوو، ئه‌وانه‌ی باس كران هه‌مووویان له چوارچێوه‌ی ته‌واوبوندا له نێوان چوار چێوه‌ی تیۆری و لایه‌نی كرداری ده‌بێته یارمه‌تیده‌ر بۆ مامۆستا یان خوێنه‌ر تا پشتی پیٚ ببه‌ستیٚ له كاتی فێركردن و فێربوونی ئه‌م قیرائه‌یه.

داواكارم له خودای مه‌زن ئه‌م زنجیره قورئانیه‌م بۆ وا لێبكات كه مه‌به‌ستم ته‌نها ڕازی بوونی ئه‌و بێت و ته‌نها له پێناو ئه‌ودا بێت، تكام وایه لێم وه‌ربگرێت به باشترین شێوه، وڕێزێكی گه‌وره‌و بیٚ پایه‌نی بۆ دانیٚ، سودی بۆ نوسه‌ره‌كه‌ی و ئه‌وكه‌سانه‌شی كه له ده‌ورو به‌ریدان هه‌بێت، وه‌هه‌روها سوده‌كه‌ی بگێنیٚ به نه‌وه‌ی داهاتوو پشت به پشت، منیش بپارێزێت له بیرۆكه‌ی نابه‌جیٚ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات له هه‌ڵه، هه‌ركه‌سیٚ كه‌مته‌رخه‌میه‌كی بینی تیایدا یان هه‌ڵه‌و كه‌مو كورتیه‌كی تیایدا دۆزیه‌وه تكای لیٚ ده‌كه‌م پۆزشم بۆ بێنێته‌وه‌و ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاته‌وه.

پێویسته ئه‌وه‌ش بلێم كه ئه‌م ماندوبونه‌ی من بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتووكی خودای گه‌وره هه‌ر چه‌نده زه‌حمه‌تی تێدایه به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا تام و چێژێكی تایبه‌تی خۆی هه‌یه، هه‌رچه‌نده ئه‌زیه‌ت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان ده‌بێت.

به‌رله‌وه‌ی پێنوسی ڕوون كردنه‌وه هه‌ڵگرم، به‌پێی فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه ده‌فه‌رموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراسته‌ی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه ده‌كه‌م كه هاوكارو یارمه‌تیده‌رم بوون، پاداشتی چاكه كارانیش ته‌نها چاكه‌یه.

سوپاسێكی بیٚ پایان و تایبه‌ت بۆ شه‌یخه‌كه‌م به‌ڕێز (سوله‌یمان ی باوكی عاذره) چاكه‌و ماف به‌سه‌رمدا هه‌یه ، ئه‌و له ته‌رازوی ژێریدا پێش ده‌خرێت، له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌ی ئه‌م زنجیره باسه و ڕاست كردنه‌وه‌ی له ڕووی زمانه‌وانیدا.

---

(1) ترمژی، باسی(ما جاء ڤ الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپه‌ڕه383.

وه‌هه‌روها سوپاسی برای به‌ڕێزم (عبدالسلام طباسی) ده‌كه‌م له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌و زیاده خستنه سه‌ر شێوه هونه‌ریه‌كه‌ی له ده‌رچوون و ڕاخستنی ئه‌م په‌رتووكه، وسوپاس بۆ شێخی به‌ڕێز (عبدالله جمال العرقان) له‌سه‌ر ئه‌م ماندوبونه‌و بوونی په‌یوه‌ندی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ مامۆستایان بۆ پێش كه‌ش كردنی ئه‌م زنجیره پیرۆزه.

له كۆتاییدا سوپاسی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه ده‌كه‌م كه سودیان پێم گه‌یاندوه به ڕسته‌یه‌ك، یان سودیان پێم گه‌یاندوه به ئاماژه‌یه‌ك، یان منیان ڕاست كردۆته‌وه له هه‌ڵه، یارمه‌تیان داوم به نوسین، گه‌ر بمه‌وێ سوپاس و پێزانینیان كورت بكه‌مه‌وه ته‌نها ده‌ڵێم ئه‌وه‌یان لامه كه به نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمه‌وه.

خزمه تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئه‌حمه‌د ضیف الله عومر ئه‌بو سه‌مهه‌دانه

ڕێگه پێدراوی ده قیراِئاتی (خوێندنه‌وه‌كانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گه‌وره

و چوار جۆره ده‌رچوه‌كه له قیراِئاتی قورئانی پیرۆز

دەروازەیەك:-

سوپاست دەكەم لەسەر وەرگرتنی ئەم پەرتووكە، ئومێدەوارم پالپشتت بێ لە بیرۆكەو زانیاری بە سود، هاوكاریت بكات لەسەر خوێندنەوەی پەرتووكی پەروەردگار بە شێوەیەكی ڕاست و دروست.

هەروها ئومێدەوارم – لە ڕێگەی ئەو پۆستە ئەلیكترۆنیەی داندراوە لە سەرەتای ئەم پەرتووكە – دەولەمەندم بكەیت بە تێبینیەكانت، وئەم پەڕاوە گرنگانەی كە من هەڵوەستەیان لەسەر دەكەم، ئەو دێرانەی كە من هێلم لە ژێر داوە، هیچ شتێك لەوە چاكتر نیە كە نوسەر ببینێ نوسراوەكەی بە جوانترین شێوە نوسراوە، بە تایبەت ئەگەر نوسین و پەرتوكەكەی پەیوەست دار بێت بە قورئانی پیرۆز، ئەوە زیاتر بایەخی پێ دەدات و دڵنیایی لەسەر دەبێت.

پێم باشە لێرەدا ئەوە بگوازمەوە كە (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووە سەبارەت بە كەمتەر خەمی و ماندوبونی مرۆڤ، سەرەڕای گشت هەوڵەكانی، بۆ پوخت كردنی شتەكان و ڕاستكردنەوەیان و بەدواداچونیان، دەفەرموێت: "من ئەبینم هەركەسێك پەرتوكێك بنوسێت لە ڕۆژی دواتر دە لی: ئەگەر لەبری ئەمە ئەمەم بەكار بهێنابوایە باشتر بو، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد كرابوایە چاكتر بو، ئەگەر ئەوە پێش بخرابوایە گرنگتر بو، ئەگەر ئەوە لا بردرابوایە جوانتر بو، ئەمەش گەورەترین پەندە، بەڵگەی سەلماندنی ئەوەیە كە نوسینی ڕستەكانی مرۆڤ كەم و كورت و ناتەواون" ئیبن قەییمی جوزی، د.ت، بەرگی 1، لاپەڕە2).

داواكارم لە بەڕیزت كاتێكت هەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵپەڕی فەیس بوك: بەناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپەڕی كەسی من)، چونكە من

---

[1] ارەتی نوسینی ئەدبیات ی بەناوبانگ عیماد ئەصفەهانی، پاشان بەناوی عیماد بلاْوبۆتەوە، لەم بارەیەوە سەیری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی بەسام بكە: كتێبەكەی بەناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مەككەی پیرۆز، نوسینگەی الاسدی، چ5، بەرگی1، 2003ز، لاپەڕە3.

ده‌مه‌وێت هه‌ندێ شتی باش و ده‌ستكاری و نمونه و سه‌رچاوه‌ی تر دابنێم كه به ڕاستی سودیان بۆ تۆ ده‌بێت له دواییدا.

له نوسینی ئه‌م په‌رتوكه‌دا شێوازێكی تایبه‌تم به كار هێناوه – پاش داوای یارمه‌تی و پاڵ پشتی له په‌روه‌ردگار – لێره‌دا به كورتی باسی ده‌كه‌م به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

1. **نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز به وێنه‌ی عوسمانی.**

2. **نوسینی فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به سه‌رو ژێره‌وه‌و به نوسینێكی جیا له نوسینه‌كانی تر، مه‌به‌ست له‌م كاره‌ش بۆ گه‌وره‌یی و پیرۆزی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ره(ﷺ).**

3. **له كاتی نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوره‌ته‌كه‌و ژماره‌ی ئایه‌ته‌كه‌م كردووه، ڕاسته‌و خۆ له‌دوای ئایه‌ته‌كه‌م داناوه تا نوسینه‌كان زۆرو تێكه‌ڵاو نه‌بێت.**

4. **پێناسه‌ی زاراوه‌كانم كردووه به‌پێی توانا.**

5. **ڕونكردنه‌وه‌ی واتای هه‌ندێ وشه‌ی نادیار له په‌راوێزدا .**

6. **پێناسه‌ی هه‌ندێك كه‌سایه‌تی كه ناویان هاتووه له‌م په‌رتوكه‌دا.**

7. **من پێداگربوم – به پێی توانا– له بیركردنه‌وه‌و هه‌ڵوه‌سته له وه‌رگرتنی هه‌ر بابه‌تێك یان بڕیارێك له‌سه‌ر دیارده‌یه‌ك، له‌به‌ر ئه‌وه ڕۆچوون له فه‌رمانێك كه په‌یوه‌ندی به قورئانی پیرۆزه‌وه هه‌یه ئه‌وه ده‌خوازێت كه به‌دواداچونی بۆ بكه‌یت و لێی وردبیته‌وه جوان تێڕابمینێیت، ئه‌وه‌ش به یارمه‌تی په‌روه‌ردگار و چاكه‌ی ئه‌وه به‌سه‌رمه‌وه، له‌گه‌ڵ كورتی كات و دووری ڕێگادا.**

8. له كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی " " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتیێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پیێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەرەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گه‌ڕاومه‌ته‌وه سه‌ر به‌شێكی زۆر له سه‌رچاوه‌و ماسته‌ر نامه‌ی زانكۆیی و بابه‌تی ترو ماڵپه‌ڕه ئینته‌رنێتیه‌كان، وگه‌ڕاومه‌ته‌وه بۆ ده‌یه‌ها سه‌رچاوه‌ی تر به‌ڵام به‌كارم نه‌هێناوه چونكه له‌گه‌ڵ بابه‌تی من زۆر تێكی نه‌كردۆته‌وه.

15. زۆربه‌ی جار ئه‌و ده‌قه‌ی كه وه‌رمگرتووه ئاماژه‌م به‌سه‌رچاوه‌كه‌ی نه‌كردووه. تا ژێرنوسه‌كان زۆر نه‌بێت، ومن ئاره‌زوی كورت كراوه ده‌كه‌م و زیاتر ماندوبوونه‌كه‌م بۆ شتی گرنگتر به كاردێنم، له كۆتایی كتێبه‌كه‌دا باسم كردووه، له ناوه‌ڕۆكی سارچاوه‌كان ئه‌وه‌ی كه زۆر سودم لێ بینیوه له بڕگه زانستیه‌كه‌دا.

16. له كۆتایی: كاتێك بینیم به‌رفراوانیه‌ك هه‌یه له بنچینه‌و بڕگه‌كانی ئه‌م كتێبه‌دا و گشتگیریه‌كه‌یدا، دلنیابووم بڕگه‌كانی درێژه ده‌كێشێت، بینیم پێویسته ئه‌و بابه‌تانه‌ی ڕوون وئاشكران كورت كه‌مه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وانی تر، مه‌به‌ست له‌م كۆششه ئاسایی كردنی بابه‌ته درێژه‌كان بوو.



ئەم ڕێگایەی بەکارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

به پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم به بەکارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی له نوسینی وشەکانی فەرشدا.

- ✓ ئەگەر وشەیەکەم بەڕەهایی بەکارهێنا، واته مەبەستم پێی لەکاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)
- ✓ (أ) ئاماژەیە به ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیته هەمزەکە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَأَعۡجَمِيٌّ].
- ✓ (ؤ) ئاماژەیە به ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].
- ✓ (ـئـ) ئاماژەیە به ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی بەرزکردنەوەی دەنگ بێت(نەبرە)، وەك: [أَئِمَّةَ].
- ✓ (•) ئاماژەیە به ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە له ڕیزی پیتەکانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءِنَّكَ].
- ✓ (ـسـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە به پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].
- ✓ (ـهـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان به پیتی(ه)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَّ][فِيمَه].
- ✓ (ـتـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، به پیتی(ه) وەك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـُـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ضه‌ممه‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین، به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری ضه‌ممه، وه‌ك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِندخُلُواْ].

✓ (ـِـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر كه‌سره‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری كه‌سره، وه‌ك: [أَحَدُۢ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ•) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر كه‌وته ژێر پیت، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بوونی ئیماله[1]، وه‌ك: [مَجۡرِىٰهَا].

✓ ئه‌گه‌ر ناوی ڕاوی (گێره‌وه‌ره‌كه)م نه‌بردبوو، واتا هه‌ردوو ڕاویه‌كه یه‌ك خوێندنه‌وه‌یان هه‌یه، واته جیاوازیه‌كه ته‌نها له‌سه‌ر خه‌له‌ف ی عاشره به ڕاویه‌كانیه‌وه.

✓ له به‌شی یه‌كه‌م له وشه‌كانی فه‌رش كورت كردنه‌وه‌م كردووه له‌سه‌ر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربه‌ی جار دووباره‌م نه‌كردۆته‌وه له به‌شه‌كانی تر، ئه‌وه‌ش به‌هۆی زۆر به‌كارهاتنی له قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم له هه‌ندێك جار له‌گه‌ڵ یاسای تر باس كردووه له هه‌مان وشه.

✓ به‌شی سێیه‌م تایبه‌ت كردووه ته‌نها به وشه‌كانی فه‌رش، له‌گه‌ڵ ئاشكراكردنێكی كورت، ده‌رباره‌ی پیتی(ه)ی كینایه[2]، وپیتی(م)ی كۆ، له‌گه‌ڵ وه‌ستان به پیتی(ه) له‌بری پیتی(ت)ی مێ، وگه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه به‌یه‌كترو ئه‌وانه‌ی هاووێنه‌ی ئه‌وه‌ن كه باسمان كرد، له‌م به‌شه‌دا باسم نه‌كردووه، تا درێژنه‌بێته‌وه، ئه‌وه‌شی زانیاری زیاتری ده‌وێت بگه‌ڕێته‌وه بۆ به‌شی دووه‌م، زۆر به درێژی باس كراوه.

---

[1] ئیماله(الاماله) واته خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف و یائدا هاوشێوه‌ی (ی)ی كوردی لێدێت، وه‌كو:(مَجۡرِىٰهَا) (مه‌جراها) (مه‌جرێها)

[2] كناية: دركه – دوو نیازی – به‌لاّم لێره‌دا مه‌به‌ستی پێی ڕاناوی لكاوه(ضمير متصل).

گرنگترین تایبهتمهندییهکانی ئهم پهرتووکه

1. پهرتوکهکه له ژێردهستتدا دهبێت تا چێژ وهرگری له خوێندنهوهی پهرتووکی پهروهردگار، بهخێرایی دهتگهیێنێت به زانستی خوێندنهوهکانی قورئانی پیرۆز، نهخوشیت بۆ دیاری دهکات، چارهسهریشت بۆ دهدۆزێتهوه، وبۆچوونه پهسندهکهشت پیۤ دهبهخشێت.

2. نمونهی کرداریت بۆ ڕێك دهخات لهگهڵ نمونهی ژیری و گریمانهیی، تا خوێنهرێکی کاراو به توانات لیۤ دروست بکات بتوانی گهڕان و تێڕامان بکهیت.

3. به وردی شیکردنهوهو کردنهوهی گریۤ کوێرهکانی زۆرێك له بابهته ئالۆزو تێکهلاٌوهکانت بۆ دهکات، دواتر چارهسهرێکی زانستی گونجاو بۆ ههر یهك له کێشهکان دهکات.

4. ئهم پهرتووکه کێشهو چارهسهری زۆرێك له بابهته تایبهته بچوکهکانت دهخاته ژێر دهست، درێژه پێدهره تا بابهته گهوره ئالۆزیهکانت پیشان دهدات.

5. نمونهو بهڵگهی زۆر ورد ههلبژێردراون تا بیرۆکهی بابهتهکان به تهواوی پێت بگات.

6. له ناوهڕۆکدا کۆکهرهوهی گرنگترین بۆچون و ئهو بابهتانهیه که له پهرتووکهکانی تری پهیوهست بهم بواره.

7. سادهو ئاسان کردنی زانیاریهکان بهپێی توانا.

8. بەكارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری كراو له جیاوازییه فەرشییەكان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری كردنی وێناكردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم كردووه له بەشی نوسینی وشەكانی فەرش.

9. ئەم پەرتووكە جیاكراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەكانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەكان – بۆ ئەو كەسانەی كە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەكان دەكەن تا دەركی پێ بكەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووكەكە دابەش كراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەكان، لە پێشەكیەكەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مه‌به‌ست له خوێندنی قیراِئاتی قورئانی پیرۆز له حه‌له‌قاتی قورئانی

مه‌به‌سته گشتیه‌كان كه پێویسته له‌سه‌ر مامۆستای فێرخواز بیخاته ژێر ده‌ستی قوتابی بۆ كار پێكردن:

زۆر به جوانی و به وردی خوێندنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆز ئه‌نجام بدات هه‌ر وه‌ك چۆن دابه‌زیوه بۆ سه‌ر پێغه‌مبه‌ر(ﷺ).

1. هه‌ڵوێستی خۆی ده‌ربڕێ كه ئاماده‌یه كه‌سێكی خێر خواز بێت له‌سه‌ر فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه ده‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هه‌وڵ و كۆشش بدات بۆ به‌ده‌ست هێنانی پاداشت و چاكه، به دانیشتن له‌بازنه‌ی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بكات له‌سه‌ر به‌دست هێنانی ڕه‌زامه‌ندی په‌روه‌ردگار به‌جێ به‌جێ كردنی فه‌رمانی خودا كه ده‌فه‌رموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾ .

4. په‌یوه‌ندی دروست بكات له نێوان ملكه‌چی و بیركردنه‌وه له كاتی نوێژدا.

5. به‌روبومی زمانه‌وانی ده‌نگی و زیره‌كی و لێهاتویی په‌ره‌پێ بدات، ئه‌وانه‌ی كه په‌یوه‌ندیان به ده‌ربڕینه‌وه هه‌یه.

6. به قوڵی ڕۆچوونی هه‌بێت بۆ خۆشه‌ویستی قورئان و قیراِئاتی قورئانی موته‌واتیر و دڵی لای خه‌ڵكی قورئان بێت و شانازی به‌م نازناوه بكات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونکە فێری یاسای ژیانی دەکات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەکی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زەکاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەکانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بکات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز کردنی تواناکانی لەسەر ئەزبەرکردن و جێبەجێ کردنێکی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەکانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێرکردن و دورکەوتنەوە لە تێکەلأوکردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا خەلەف ی عاشر

- ئەم پەرتوكە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربكەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەكی ئەم خولە ئەم پەرتووكەیە كە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا خەلەف ی عاشر.
- ئامادەكردنی فەرش و وشەكانی خەلەف ی عاشر لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیكردنەوەی چالاكی بەشێوەیەكی بەردەوام لە كۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاكانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلأمانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەكەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەكانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووكە، یان بۆ پێش خستنی پەیرەوی ئەم خولە.

ڕێكارەكانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا خەلەف ی عاشر

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاكەی دەركردنە.
- وتەی لاوەكی كە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەكانەوە قەدەغەیە.
- قسەكردن بە مۆبایل لە كاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشەوا خەلەف ی عاشر

خەلەف ی کوڕی هیشامی کوڕی ثەعلەبی کوڕی هوشەیمی کوڕی ثەعلەبی ئەسەدی بەغدادی بەزارە، نازناوی ئەبو موحەممەدە، یەکێکە لە دە قاریئەکان و ڕاوی حەمزەیە.

❖ **لەدایك بوونی پێشەوا خەلەف:** پێشەوا خەلەف لە ساڵی150 کۆچی لە دایك بووە.

❖ **مامۆستاکانی پێشەوا خەلەف**

زانستی قیرائاتی لە سولیم وەرگرتووە ئەوەیش لە حەمزە، وەهەروها لە عەبدورەحمانی کوڕی ئەبی حەماد ئەوانیش لە حەمزە، وپێشەوا خەلەف قورئانی لەلای ئیسحاقی موسیبی خوێندۆتەوە بە قیرائەتی پێشەوا نافع و عوبێدی کوڕی عەقیل بە خوێندنەوەی پێشەوا ئیبن کەثیر، وەهەروها بەسەر عەبدولوهابی کوڕی عەتای خوێندۆتەوە بە قیرائەتی ئەبی عەمر، لەگەڵ خوێندنەوە بەسەر یەحیای کوڕی ئادەم بە ڕیوایەتی شوعبە لە عاصم، وەگوێ بیستی خوێندنی قورئان بووە لە کیسائی بەڵام بەسەری دا نەخوێندۆتەوە، پێشەوا خەلەف قیرائەتی ئەعمەشی لە زائیدەی کوڕی قودامە وەرگرتووە.

❖ **قوتابیەکانی پێشەوا خەلەف**

یەکێك لە قوتابیەکانی پێشەوا خەلەف ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی وەرڕاقە، لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی یەزیدی حەلوانی و ئیبراهیمی کوڕی عەلی قەصار، وەهەروها ئیدریسی حەدادو موحەممەدی کوڕی ئیسحاق و فەزلی کوڕی ئەحمەدی زوبێدی و موحەممەدی کوڕی عیسی کە ئەو کەسێکی باوەڕ پێکراوی گەورەو لە خوا ترس بوو، شارەزایەکی تەواوی هەبووە لە قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ).

پێشەوا خەلەف:

له تەمەنی ده ساڵیدا توانی هەموو قورئانی پیرۆز ئەزبەر بكات، ولەتەمەنی سێزده ساڵیدا دەستی كرد به خوێندنی زانستی شەرعی.

❖ شایەتی دانی زانایان بۆ پێشەوا خەلەف

یەحیای كوڕی موعین خەلەڤ به كەسێكی باوەڕ پێكراوو ڕاستگۆ داناوه.
دارەقوتنی دەربارەی خەلەف دفەرموێت: خەلەف كەسێكی لەخواترس و خوا پەرست بوو.

حوسێنی كوڕی فەهم دەفەرموێت: وەكو خەلەڤ كوڕی هیشامم نەبینیووه، سەرەتا به قوتابیەكانی قورئان دەستی پیّ دەكرد دواتر ڕێگای به قوتابیانی فەرموده دەدا، وهەر له حوسێنەوه گێڕدراوتەوه كه خەلەف كێشەیەكی لەسەر بابەتێكی نەحو لەلا دروست بوو هەشتا هەزار دیرهەمی خەرج كرد تاوەكو لەبەری كرد.

پێشەوا خەلەف دەفەرموێت: چوم بۆ شاری كوفه بۆ لای سەلیم، سەلیم فەرموی: بۆچی هاتووی؟ وتم هاتووم تاوەكو قورئان بەسەر ئەبو بەكری كوڕی عەیاش بخوێنمەوه، سەلیم كوڕەكەی بانگ كرد نوسراوێكی بۆ نوسی فەرموی بیبه بۆ لای ئەبو بەكر، بەڵام من نەمزانی چی تێدا نوسراوه، دواتر لەگەڵ كوڕەكەی سەلیم هاتین بۆ لای ئەبو بەكر، ئەبو بەكر نوسراوەكەی خوێندەوه پاشان سەیری منی كردو فەرموی: تۆ خەلەڤ؟ وتم بەڵیّ، فەرموی: تۆ كەست له شاری بەغدا لەدوای خۆت جیّ هێشتووه شارەزاتر بێت له تۆ، منیش بێدەنگ بووم، پاشان فەرموی: دانیشه، ئینجا وتی بیخوێنەوه، وتم بەسەر تۆ؟ وتی بەڵیّ، وتم نەخێر سوێند بەخوا بەسەر كەسێك ناخوێنمەوه كه خەڵكی قورئانیان لا بچووك بێت، دواتر ڕۆیشتم، ئەبو بەكر بۆ لای سولیمی نارد كه بمگەڕێنێتەوه، بەڵام منیش ڕەتمكردەوه، بەڵام دواتر پەشیمان بومەوه، ئینجا دەستم كرد به نوسینی خوێندنەوەی عاصم له یەحیای كوڕی ئادەم ئەویش له شوعبە.

❖ مه‌زهه‌بی پێشه‌وا خه‌له‌ف

پێشه‌وا خه‌له‌ف له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی حه‌مزه بوو، ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت جیاوازی هه‌بوو له‌گه‌ڵ حه‌مزه له هه‌لبژاردنی سه‌ت و بیست وشه‌ی جیاواز له خوێندنه‌وه، ئیبنولجه‌زه‌ری شوێنی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ی خه‌له‌ف كه‌وت، بۆی ده‌ركه‌وت كه خه‌له‌ف له خوێندنه‌وه‌ی كوفیه‌كان و حه‌مزه‌و كیسائی و شوعبه لای نه‌دابوو، ته‌نها له ئایه‌تی ﴿وَحَرَامٌ عَلَىٰ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَآ﴾(ئه‌نبیاء :95)، خه‌له‌ف وه‌ك حه‌فص ده‌یخوێنێته‌وه.

❖ مردنی پێشه‌وا خه‌له‌ف

پێشه‌وا خه‌له‌ف له شاری به‌غدا كۆچی دوایی كرد له ساڵی (229)ی كۆچی له مانگی جومادی ئه‌خیر.



ڕاویەکانی پێشەوا خەلەف

بەناوبانگترین ئەوکەسانەی قیرائەتیان لە پێشەوا خەلەف گێڕاوتەوە دوو ڕاوین بە ناوەکانی:

1- ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی وەڕاق.

2- ئیدریسی کوڕی عەبدولکەریمی حەداد.

ئەم دووانە ڕاستەوخۆ زانستی قیرائاتیان لە پێشەوا خەلەف وەرگرتووە.

➢ ڕاوی یەکەم: ئیسحاقی وەڕاق

ناوی تەواوی ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵایە، پێی دەگوترێت ئەبو یەعقوبی مەڕوەزی بەغدادی وەڕاقی خەلەف، ئیسحاق تەنها ئەو قیرائەتەی دەخوێند کە خەلەف دیاری کردبو وهەڵی بژاردبوە.

ئیسحاق کەسێکی زۆر بە توانابوو لە ڕووی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا، هەرچەندە تەنها ئەو قیرائەتەی دەخوێند کە خەلەف هەلیبژاردبوو بەلاّم لەگەڵ ئەوەش دا باوەڕپێکراوو وردبو، ئیسحاق لەدوای نەمانی خەلەف دەستی بە قیرائەتەکەی گرت و بەردەوام بوو لەسەری، ولەدوای خەلەف بەسەر وەلیدی کوڕی موسلیمی خوێندەوە.

قورئانیان بەسەر ئیسحاق خوێندۆتەوە هەر یەك لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو عەمری نەقاش و حەسەنی کوڕی عوسمانی بەرصاتی، لەگەڵ عەلی کوڕی موسای سەقەفیە، لەگەڵ کوڕەکەی کە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق و ئیبن شەنبوزو خەڵکانی تریش هەن.

❖ كۆچی دوایی ئیسحاقی وه‌ڕاق

یه‌كه‌م ڕاوی خه‌له‌ف كه‌ ئیسحاقی وه‌ڕراقه‌(ڕه‌حمه‌تی خوای لیبێت) كۆچی دوایی كردووه‌ له‌ ساڵی دووسه‌ت و هه‌شتاو شه‌شی كۆچی.

➢ ڕاوی دووه‌م: ئیدریسی حه‌داد

ناوی ئیدریسی كوڕی عه‌بولكه‌ریمی حه‌داده‌، به‌ ئه‌بولحه‌سه‌نی به‌غدادی ناسراوه‌، پێشه‌وایه‌كی وردو خۆ پارێزو باوه‌ڕپێكراو بووه‌، قاریئی عیڕاق بوو، له‌ ساڵی(193)ی كۆچی له‌دایك بووه‌، هه‌ڵبژارده‌ی خه‌له‌ف و ڕیوایه‌ته‌كه‌ی به‌سه‌ر خه‌له‌ف خوێندۆته‌وه‌، وه‌هه‌روها به‌سه‌ر موحه‌ممه‌دی كوڕی حه‌بیبی شمونیشی خوێندۆته‌وه‌.

قیڕائه‌تی وه‌رگرتووه‌ له‌ خه‌له‌ف ئه‌ویش له‌ قوته‌یبه‌ ئه‌ویش له‌ كیسائی، وه‌هه‌روها له‌ پێشه‌وا ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌لیشی وه‌رگرتووه‌، گێڕاویه‌تیه‌وه‌ له‌ عاصمی كوڕی عه‌لی و ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل و یه‌حیای كوڕی موعین و موصعه‌بی زوبێری و ئه‌وانه‌ی له‌و ئاسته‌دان، ئیدریس قیرائاتی بلاۆو كردۆته‌وه‌و بۆ شارو شوێنان كۆچی كردووه‌.

ئه‌و كه‌سانه‌ی
قیرائاتیان له‌ ئیدریس گێڕاوته‌وه‌

له‌ ئیدریسی گێڕاوته‌وه‌: نه‌جادو ئه‌بولقاسمی ته‌به‌ڕانی و ئه‌بو به‌كری كوڕی موجاهیدو ئه‌بو به‌كر ئه‌حمه‌دی كوڕی جه‌عفه‌ری قه‌تیعی، له‌گه‌ڵ موحه‌ممه‌دی كوڕی ئه‌حمه‌دی كوڕی شنبوزو حه‌سه‌نی كوڕی سه‌عیدی موته‌وه‌عی، وه‌هه‌روها ئه‌حمه‌دی كوڕی بویان و موسای كوڕی عوبه‌یدوڵلای خاقانی، له‌گه‌ڵ ئیبنو میقسه‌م و ئیبڕاهیمی كوڕی حوسێنی شه‌تی و كه‌سانی تر.

پرسیاركرا له‌ داره‌قوتنی ده‌رباره‌ی ڕاوی ئیدریس له‌ ولآمدا فه‌رموی: ئیدریس كه‌سێكی باوه‌ڕپێكراوه‌، وه‌هه‌روها ئه‌حمه‌دی كوڕی منادی ده‌فه‌رموێت: خه‌ڵكی زانستیان له‌ ئیدریس وه‌رگرتووه‌ چونكه‌ ئه‌و كه‌سێكی چاكه‌خوازو ڕاستگۆو موتمانه‌یه‌.

❖ كۆچی دوایی ئیدریس:

ئیدریس(ڕه‌حمه‌تی خوای لێبێت) وه‌فاتی كردووه‌ له‌ ساڵی(292)ی كۆچی، له‌ ته‌مه‌نی نه‌وت و سێ ساڵیدا.

ئاگاداركردنه‌وه‌: هیچ جیاوازیه‌ك نیه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌ی ئیسحاق و ئیدریس.

ڕێگاکانی
پێشەوا خەلەف لە قیرائاتدا

أ. ئیسحاق دوو ڕێگای هەیە بۆ گێڕانەوە:

✓ **یەکەم:**

ڕێگەی ئەبولقاسم هیبتوڵلای کوڕی ئەحمەدی کوڕی تەبەڕی کەبەسەر ئەبو بەکر موحەممەدی کوڕی عەلی خەیات خوێندویەتیەوە، وهەروها بەسەر ئەبو حوسێن سەوسەن جەردی و ئیبن ئەبی عومەری طوسی و ئیسحاقی وەڕراق خوێندۆتەوە کە دەگاتەوە خەلەف وئەم ڕێگایە پێی دەگوترێت ڕێگەی سەوسن جەردی کە لەم پەرتووکەدا پشتی پێ بەستراوە.

✓ **دووەم:**

ڕێگەی بەکری کوڕی شازان لە ئیبنو ئەبی عومەر وەرگیراوە، ولە ڕێگاکانی خودی موحەممەدی کوڕی ئیسحاق و والبرصاطی هاتووە.

ب. ئیدریس چوار ڕێگای هەیە بۆ گێڕانەوەی قیرائەتەکەی بەم شێوەیە:

ڕێگەی شەتی و مطوعی و ئیبنو بویان وقوتیعی، وهەر چوار ڕێگاکە لەمانە وەرگیراوە، ئەوەی پشتی پێ بەستراوە لەم پەرتووکەدا لە ڕیوایەتی ئیدریسی حەداد لە دوو ڕێگاوەیە، ئەوانیش ڕێگەی ئەبو موحەممەد سیبتی خەیات، کە بەسەر هەردوو پێشەوای خوێندۆتەوە شەریف ئەبول فەزل عەبدول قاهری کوڕی عەبدولسەلامی عەباسی و ئەبولمعالی سابتی کوڕی بنداری کوڕی ئیبراهیمی بەقال، دەربارەی شەریف بەسەر پێشەوا ئەبو عەبدوللاْ موحەممەدی کوڕی حوسێنی کارزینی خوێندۆتەوە، وبەسەر پێشەوا ئەبولعباس حەسەنی کوڕی سەعیدی کوڕی جەعفەری مطوعی خوێندۆتەوە.

دەربارەی ئەبولمعالی ئەویش بەسەر پێشەوا قازی ئەبولعەلا موحەممەدی كوڕی عەلی كوڕی یەعقوبی واستی خوێندۆتەوە، وهەروها واستی له هەمان پەرتووك بەسەر پێشەوا ئەبو بەكر ئەحمەدی كوڕی جەعفەری كوڕی حەمدانی كوڕی مالیكی قوطیعی خوێندۆتەوە، قوطیعی و مطوعی یش بەسەر ئیدریسیان خوێندۆتەوە دواتر ئیدریسیش بەسەر خەلەف.


ئیبنول جەزەری[1](ڕەحمەتی خوای لێبێت) له هونراوەیەیكی دا دەفەرموێت:

وَيَعْقُوبُ قُلْ عَنْهُ رُوَيْسٌ وَرَوْحُهُمْ وَإِسْحَاقُ مَعْ إِدْرِيسَ عَنْ خَلَفٍ تَلاَ



(1)پەرتووكی(الدرة المضيئة في القراءات الثلاث)، دێری شەشەم.

سه‌نه‌دی
قیرائه‌تی خه‌له‌ف ی عاشر



سەنەدی
گێڕانەوەی ئیسحاق

پێشەوا ئەبولخەیر موحەممەدی کوڕی موحەممەدی جەزەری دەگێڕێتەوە لە ئەبو موحەممەد عەبدوڕحمانی کوڕی ئەحمەدی بەغدادی، لە ئەبو عەبدوللا موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولخالیقی صائغ، لە ئەبو ئیسحاق ئیبڕاهیمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی فارسی تەمیمی، لە ئەبو یەمەن زەیدی کوڕی حەسەنی کندی، لە ئەبولقاسم هیبەتوڵلای کوڕی ئەحمەدی کوڕی تەبەڕی بەغدادی، لە ئەبو بەکر موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی موسای خەیات، لە ئەبولحەسەن ئەحمەدی کوڕی عەبدوللای کوڕی خزری سەوسەنجەری، لە ئەبولحەسەن موحەممەدی کوڕی عەبدوللای کوڕی موحەممەدی طوسی، لە ئەبو یەعقوب ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی وەڕاق، لە ئەبو موحەممەد خەلەفی کوڕی هیشامی کوڕی ثەعلەبی بەزار.



سەنەدی
گێڕانەوەی ئیدریس

پێشەوا ئەبولخەیر موحەممەدی كوڕی جەزەری دەگێڕێتەوە لە ئەبو موحەممەد عەبدوڕحمانی كوڕی واسطی لە موحەممەدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی عەبدولخالقی معدل، لە ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی كوڕی ئەحمەدی كوڕی فارسی تەمیمی، لە ئەبی یەمەن زەیدی كوڕی حەسەنی كیندی، لە ئەبو موحەممەد عەبدوڵڵای كوڕی عەلی بەغدادی، وەهەروەها خوێندویەتیەوە بەسەر هەردوو شێخ:

✓یەكەم:

ئەبولمعالی سابتی كوڕی بونداری كوڕی ئیبراهیمی بەقاڵ لە قازی ئەبولعەلا موحەممەدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی یەعقوبی واسطی، ئەوانیش لە ئەبو بەكر ئەحمەدی كوڕی جەعفەری كوڕی حەمدانی قطیعی.

✓دووەم:

لە ئەبولفەزل عەبدولقاهر عەباسی كوڕی ئەبو عەبدوڵڵا موحەممەدی كوڕی حەسەنی كارزینی، لە ئەبولعەباس حەسەنی كوڕی سەعیدی موطەوعی، ئەو لەگەڵ قوتیعی خوێندویانەتەوە بەسەر ئەبولحەسەن ئیدریسی كوڕی عەبدولكەریمی بەغدادی حەداد.

بنچینەی
قیڕائەتی پێشەوا خەلەف

أصول: کۆیە تاکەکەی(أصل)ـە، لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت کە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت.

أصول: (بنچینەکان) لەرووی زاراوەدا: هەموو حوکمێکی گشتی دەگرێتەوە کە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی حوکمەکەی لیَ بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول(واتە: ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە کە دووبارە دەبنەوە)، وەك(مد) درێژکردنەوە، (قصر)کورتکردنەوە، (فتح)کردنەوە، (اماله) واتا لارکردنەوە، وئەوەی بەوانە دەچێت.

الفرش: لە زمانی عەرەبیدا، واتا ڕاخستن و بلاْوکردنەوە.

الفرش: لە زاراوەدا بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بەهەندیَ وشەی قورئانی کە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قوڕڕائەکانی خوێندنی قورئان لەگەڵ بەهێزکردنی هەموو خوێندنەوەکان بۆ خاوەنەکەی، وەك﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.

عاصم و کیسائی و یەعقوب و خەلەڤ عاشر وشەی(ملك) بەجێگیرکردنی ئەلیف دەخوێننەوە لە دوای پیتی(م)، بەلاْم جگە لەئەوان وەك: نافع و ئیبن کەثیرو ئەبو عەمرو ئیبن عامرو حەمزەو خەلەف ی عاشر ئەلیفەکە لادەبەن، واتا بەبیَ ئەلیف دەیخوێننەوە، بەم شێوەیە(مَلِكِ).

لای قاریئەکان هەر وشەیەك خولانەوەی کەم بێت لە نێوان قیڕائاتەکانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت، ئەوە پێی دەگوترێت فەرش، چونکە کە باسکراوە لە شوێنی خۆی لە سورەتەکاندا بەپێی ریزبەندی قورئان، ئەوە وەك ڕایەخراوێکی لێدێت کە ڕاخرابێت.

هه‌ندێك فه‌رش هه‌یه ده‌كرێت حوكمه‌كه‌ی گشتگیر بكرێت، وه‌ك زه‌نه‌داركردنی پیتی(د) له وشه‌ی(ٱلۡقُدُسِ) لای ئیبن كه‌ثیر، به پێچه‌وانه‌وه هه‌ندێك بنچینه‌مان هه‌یه كه ناكرێت حوكمیان گشتگیر بكرێت، هه‌ر وه‌ك له هه‌ندێك شوێنی دیاریكراودا هاتووه وه‌ك: له پیتی(ی)ی دانه‌پالْ و زیاده، یان وه‌ك هه‌ندێ له‌و وشانه‌ی كه‌له بابه‌تی هه‌مزه‌كان و بابه‌تی ئیماله‌دا باس ده‌كرێت، ئه‌م ناونانه‌ش له هه‌ر یه‌ك له‌وان به‌هۆی زۆر به‌كارهێنانیانه.



باسی
ئیستیعاذه و بهسمهله

جیاوازی نیه لهنێوان پێشهوا خهلهف و پێشهوا حهفص له باسی ئیستیعاذهدا، وههروها جیاوازی نیه له باسی بهسمهله لهنێوان قاریئهكان كه دهخوێندرێتهوه لهسهرهتای سورهتی فاتیحهدا، وخوێندنهوهی لهسهرهتای ههموو سورهتهكاندا جگه لهسورهتی تهوبه، جیاوازیشی نیه دهستپێكردنهكه لهدوای پچڕان بێت یان له باری وهستاندا بێت، بهلكو ئهوان جیاوازیان ههیه لهخوێندنهوهو لابردنی لهكاتی لكاندن لهنێوان دوو سورهتدا، وخهلهف عاشر یهكێكه لهوانهی كه بهسمهله ناكات له نێوان دوو سورهتدا، بهڵكو كۆتایی سورهت دهلكێنێت به سهرهتای سورهتی دوای خۆی بێ بهسمهله كردن، مهرجی ئهم خوێندنهوهش ئهگهر ههردوو سورهتهكه بهیهك نهفهس خوێندراوه ئهگهر نا دروست نابێت[1]، بهلاّم ئهگهر قارئ وهستا لهسهر كۆتایی سورهتی یهكهم و نهیلكاند بهوهی كۆتایی، لهو كاتهدا دهست دهكات به بهسمهله چونكه واجب دهبێت.

حوكمی لكاندن به یهك نهفهس شتێكی گشتیه له نێوان گشت سورهتێكی بهدوای یهك هاتوو له ڕیزبهندی نوسینی قورئان و خوێندنهوهی، وهك: كۆتایی سورهتی بهقهره به سهرهتای سورهتی ئالی عیمران، یان له دوای یهكتر نههاتوون وهك: سورهتی نیساء لهگهڵ سهرهتای سورهتی كههف، ئهگهر سورهتی یهكهم له دوای دووهم هات له ڕیزبهندی نوسینی قورئان –واته: بهدوای یهكتر نهبوون– وهك: كۆتایی سورهتی ئیخلاص لهگهڵ سهرهتای سورهتی كهوسهر لهو كاتهدا گوتنی بهسمهله دیاری دهكرێت بۆ ههموو قاریئهكان، لكاندنیش دروست نیه، ههروهك خهلهف بهسمهله دهكات وهك قاریئهكانی تر له نێوان سورهتی ناس و سورهتی فاتیحه.

---

[1] مهككی كوڕی ئهبی تالیب، پهرتووكی(الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)،(بهیروت، دهزگای ریساله، چ3،ب1، 1404ك)، لا 16.

دەربارەی سورەتی ئەنفال و سورەتی بەرائە بۆی هەیە وەستان یان سەکت یان لکاندن بکات وەك قاریئەکانی تر.

لکاندنی دوو سورەت بەبێ بەسمەلە دیارکردنی ئیعجازی قورئانی تێدا هەیە، وئاشکراکردنی گونجاندنی ڕیزبەندی سورەتەکانە، هەر ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی پێشە خۆی و دوای خۆی، وهەروها سورەتەکانیش بەم شێوەن، بیربکەوە لە کۆتایی سورەتی نەجم لەگەڵ سەرەتای سورەتی قەمەر﴿فَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ۩ ۝٦٢ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾.

لەکاتی لکاندا بەهەمان شێوە دەرکەوتنی سەرو ژێر –ئیعڕاب –وئاشکراکردنی واتای نوێی شاراوەیە بەوەی جاریێ دوو سورەتەکە پێك نەگشتوون، هەروك چۆن وەرزشی زووبانی تێدایە لەسەر ڕەوان بێژی و دەربڕینێکی دروست وەك لکاندنی تەنوین و لابردنی هەمزەی لکاندن و پیتی(ل)ی شەمسی و ئەوانی تر، وەك﴿عَلِيمٌ يَٰٓأَيُّهَا﴾، **کۆتایی سورەتی** نیساء **بە سەرەتای سورەتی مائیدە، وەئایەتی**﴿أَحَدًا كٓهيعٓصٓ﴾، **لە کۆتای سورەتی کەهف بە سەرەتای سورەتی مەریەم، وەئایەتی**﴿رِكۡزًا طه﴾، **لە کۆتایی سورەتی مەریەم بە سەرەتای سورەتی** طه، **وەئایەتی**﴿عَلِيمٌ تَبَارَكَ﴾، **لە کۆتایی سورەتی نور بە سەرەتای سورەتی فورقان وەئایەتی**﴿لِزَامًا طسٓمٓ﴾، **لە کۆتایی سورەتی فورقان بە سەرەتای سورەتی شوعرا وەئایەتی**﴿عَظِيمًا يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾، **لە کۆتایی سورەتی فەتح بە سەرەتای سورەتی حوجورات.**

مەککی قەیسی[1] وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە بۆچی بەسمەلە لادەبردرێت لە نێوان دوو سورەتدا، کاتێك لای ئەو﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ **ئایەتێك نیە لە هەموو سورەتێکدا –واتە کەسێکە لەوانەی کە دەتواندرێت لای ئەو بەسمەلە واز لێبهێندرێت– ولای**

---

[1] **مەککی کوڕی ئەبی تالیب، پەرتووکی**(الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)،**(بەیروت، دەزگای ریسالە، چ**3،**ب**1،1404**ك.)، لا**16.

كۆمهڵهی زانایان، لایبردووه لهكاتی لكاندنی به سورهتێك لهگهڵ سورهتێكی تر، تاوهكو كهس وا گۆمان نهبات بهسمهله ئایهتێكه له ههموو سورهتێكدا، قورئانی پیرۆز لای ئهو ههمووی یهك پارچهیهو بهیهك سورهت ئهژمار دهكرێت، ههر وهك چۆن پچران ڕونادات له نێوان ههندێك سورهت لهگهڵ بهسمهله، ههروها پچڕان ڕونادات له نێوان سورهتێك و سورهتێكی تر به بهسمهله، دهربارهی خوێندنهوهی له قورئانی پیرۆز بۆ ئهوهی تا بزاندرێت كۆتایی به سورهتێك هاتووهو دهست به سورهتێكی تر دهكرێت.

كهواتا: ئهگهر ویستت به خوێندنهوهی خهلهف بخوێنیتهوه بهبێ بهسمهله، پێویسته لهژێر ئهم چوار خاڵه بێت:

1. دهبێت سورهتهكه بهههمان شێوهی ڕیزبهندی قورئانی پیرۆز بێت، ههرچهنده له دوای یهكتریش نهبێت، وهك: كۆتایی سورهتی بهقهره لهگهڵ سورهتی كههف.

2. لكاندنی به دلنیایهوه له نێوان ههموو سورهتێك جگه له نێوان سورهتی ناس و سورهتی فاتیحه.

3. ئهگهر خوێنهر گواستنهوهی ئهنجامدا له كۆتایی سورهتێك بۆ ناوهڕاستی سورهتێكی تر به ههمان شێوهی ڕیزبهندی قورئانی پیرۆز.

4. خوێنهر ڕانهوهستێت له كۆتایی سورهتی یهكهم مهبهست پێی لكاندنی به سورهتی دووهم، ئهگهر وهستا به خوێندنهوهی بهسمهله له سهرتای سورهتی دووهم –جگه له سورهتی تهوبه –ئهوهش ڕای كۆی زانایانه، گرنگی نادرێت بهو وتهی كه دهلێت: پێویسته لهسهر خوێنهر بهسمهله نهكات[1] چونكه خوێندنهوه شوێن كهوتنی سونهته.

---

[1] ئهوه وتهی ئهحمهدی كوڕی عهلی كوڕی باذشه، له پهرتووكی(الإقناع في القراءات السبع) (مهككه، زانكۆی ئومول قوڕا(1403ك) لا159.

زانایـان بەرپەرچـی ئـەو جـۆرە بۆچـوونەیان داوتـەوە، یـەك لەوانـە پێشـەوا دانـی[1] دەفەرموێت: کێشـە نیـە لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی بەسمەلـە دەکـەن لـە سـەرەتای سـوڕەت، ئەگەر بچڕان ڕویـدا لـە کۆتـایی پـێش خـۆی و دواتـر دەسـتپێکردنی بیٚ ئـەوەی لکانـدنی بکرێت بە پێشە خۆی لەسەر بۆچوونی ئەو قورڕائانەی پچڕان و نەپچڕان ئەنجام دەدەن

- **واتا:** پچڕان دەکەن لە نێوان بەسمەلەو نەپچڕانی– جگە لە سوڕەتی بەڕائە نەبێت.

بەلاٚم ئیبنول جەزەری[2] دەفەرموێت: لەباسی ئاگادارکردنەوەکان لە ئاگادارکردنەوەی سێیەم بەدلنیایەوە هەر یەك لە وانەی کە بە نەلکاندنی بەسمەلەو لکاندنی و سەکت دەخوێننەوە ئەگەر دەست بەخوێندنەوەی سوڕەتێك لە سوڕەتەکان کرد بە بەسمەلە دەخوێندرێتەوە بیٚ جیاوازی لە هەریەکێك لەوان تەنها ئەگەر دەست پێکردن بە سوڕەتی بەڕائە بوو هەر وەك دواتر باسی دەکەین، جیاوازیش نیە سەرەتاکەی لە باری وەستاندا بێت یان نەوەستان، بەلاٚم دەربارەی ئەوانەی کە بەجیا دەیخوێننەوە ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، ودەربارەی خوێندنەوەی ئەو کەسانەی کە لایدەبەن ئەوە بۆ پیرۆزی و بەرەکەت دارکردن و گونجاندنی ڕێنوسی قورئانی پیرۆزە، چونکە لای ئەو کەسانەی لایدەبەن تەنها لەسەرەتای سوڕەت دەنوسرێت بۆ یەکەم سوڕەت لەبەر پیرۆزیە لای نابەن لەباری لکاندندا تەنها لەبەر ئەوەی دەست بەو نەکراوە، بەلاٚم ئەگەر بەو دەست پێکرا بە پێویست دادەنرێت تەنها خوێندنەوەی بۆ بکرێت تاوەکو نەبێتە پێچەوانەی نوسینی قورئانی پیرۆز لەباری لکاندن و نەلکاندندا، لەو کاتەدا دەردەچیٚ لە کۆ دەنگی و دەبێتە هاوشێوەی هەمزەکانی لکاو لادەبردرێت لەباری لکاندن و دەخوێندرێتەوە لەباری دەست پێکردن بەو، هەر بۆیە کێشە لەنێوان زانایان دروست نەبووە لەباری خوێندنەوەی بەسمەلە لە سەرەتای سوڕەتی فاتیحە،

---

[1]**باوکی عەمرِ عوسمانی دانی، لە پەرتووکی**(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة)،(**بەیروت** دار الكتب العلمية)، 1426ك)، **لا**152.

[2]**موحەممەدی جەزەری،** النشر في القراءات العشر(**قاهیرە، چاپەمەنی تیجاریەی کوبرا، ب**1، 1427**ك)، لا**263.

جیاوازیشی نیه لكاندنی بۆ بكرێت به سوڕه‌تی ناس له‌گه‌ڵ پێشه‌كه‌ی خۆی یان ده‌ستپێكردن به‌و بكرێت، چونكه ئه‌گه‌ر لكاندنی بۆ بكرێت به گوتراوی ئه‌وه ده‌بێته ده‌ست پێكراو حوكمه‌ن، هه‌ر بۆیه نه‌وه‌ستان لێره‌دا ده‌بێته باری گواستنه‌وه.

ده‌رباره‌ی پێشه‌وا عه‌لی صه‌فاقسی[1] ده‌فه‌رموێت: جیاوازی نیه له نێوانیاندا – واته: نێوان قاریئه‌كان– ئه‌گه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ده‌ست پێكرد به سه‌ره‌تای سوڕه‌ت جگه له سوڕه‌تی به‌رائه به به‌سمه‌له بێت، جیاوازیشی نیه ده‌ستپێكردنه‌كه‌ی –واته: قاریئه‌كه– له باری وه‌ستان یان نه‌وه‌ستاندا بێت، ره‌نگه هه‌ندێكیان وا تێده‌گه‌ن كه ده‌ستپێكردن نابێت ته‌نها دوای پچڕان نه‌بێت به‌ڵام وانیه.

كه‌واته: ئه‌گه‌ر قاریئێك ویستی بوه‌ستێت له كۆتایی سوڕه‌تی یه‌كه‌م به‌مه‌به‌ستی لكاندنی به سوڕه‌تی دووه‌م، پێویسته له‌سه‌ری به‌سمه‌له بكات له سه‌ره‌تای سوڕه‌تی دووه‌م –جگه له سوڕه‌تی ته‌وبه نه‌بێت– ئه‌وه‌ش دوو شێوه‌ی بۆ دروست ده‌بێت: یان لكاندنی به‌سمه‌له به سه‌ره‌تای سوڕه‌ت یان پچڕانی.

به‌پێی وته‌كانی ڕابردو بۆمان ڕونبویه‌وه كه خه‌له‌ف سێ خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه بۆ نێوان دوو سوڕه‌تدا:

1. لكاندنی كۆتایی سوڕه‌ت له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای سوڕه‌تی نوێ، بێ وه‌رگرتنی هه‌ناسه‌و بێ به‌سمه‌له.
2. وه‌ستان له‌سه‌ر كۆتایی سوڕه‌ت و دواتر وتنی به‌سمه‌له(له‌گه‌ڵ وه‌ستان) دواتر ده‌سپێكی سوڕه‌تی نوێ.
3. وه‌ستان له كۆتایی سوڕه‌ت و دواتر به‌سمه‌له له‌گه‌ڵ لكاندنی به سه‌ره‌تای سوڕه‌تی نوێ.

---

[1] **عه‌لی موحه‌ممه‌دی صه‌فاقچی**، په‌رتووكی(غيث النفع في القراءات السبع)(**به‌یروت**، دار الكتب العلمية، 1425ك)، لا 20.

كهواتا پێشهوا خهلهف هاوڕایه لهگهڵ پێشهوا حهفص له خوێندنهوهی دووهمدا(كه بریتیه له وهستان لهسهر ههمویان) وههروها هاوڕایه له خوێندنهوهی سێیهم(كه بریتیه له وهستان لهسهر یهكهم و لكاندن به دووهم و سێیهم)، بهڵام پێچهوانهی حهفصی كردووه له خوێندنهوهی یهكهم، چونكه خهلهف بهسمهلهی تێدا ناخوێنێتهوه.

ههندێك له زانایان و جێبهجێكارانی بهسمهله وایان بهباش زانیوه بهسمهله بكرێت له نێوان دوو سوڕهتدا له چوار شوێن بۆ كهسێك بیهوێت سهكته ئهنجام بدات له نێوان دوو سوڕهتدا به شێوهیهكی گشتی له ههموو قورئانی پیرۆزدا، سهكتیان لا پهسنده لهم چوار شوێنه له ههموو قورئاندا بۆ كهسێك بیهوێت لكاندن بكات له نێوان دوو سوڕهتدا له گشت قورئاندا، ئهو چوار شوێنهش پێی دهگوترێت(الاربع الزهر)، بریتین لهمانهی خوارهوه:

أ. نێوان سوڕهتی موددهثیر و سوڕهتی قیامه﴿هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ۝٥٦ لَآ/// أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾.

ب. نێوان سوڕهتی ئینفیطار**و سوڕهتی** موطه**فیفین**﴿وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ۝١٩ وَيْلٌ/// لِّلْمُطَفِّفِينَ﴾.

ت. نێوان سوڕهتی فهجرو سوڕهتی بهلهد﴿وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ۝٣٠ لَآ/// أُقْسِمُ بِهَـٰذَا ٱلْبَلَدِ﴾.

ث. نێوان سوڕهتی عهصرو سوڕهتی هومهزه﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ وَيْلٌ/// لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ﴾.

هۆكاری ئهم ههڵبژاردنه ڕودانی شتی نادروسته، چونكه سهرهتای ئهم چوار سوڕهته(ويلٌ) **یان** (لا أُقسم)**وه.**

هەلبژاردەی دروست ئەوەیە :

ئەوەی ڕابردوو شتێكی چاكەو بۆچوونی هەندێك لە زانایانە، بەڵام هیچ دەقێك نیە پابەندی دروست بكات، باشترینەكە ئەوەیە جیاوازی نەكرێت لە نێوان ئەم چوار شوێنە لەگەڵ ئەوانی تر، دەتوانرێت هەلبوشێندرێتەوە بەهۆی زۆر بەكارهاتنی ئەم بابەتە لە قورئانی پیرۆز، وەك﴿هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا﴾،﴿بەقەڕە:255﴾،﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ۝٢٥٥ لَآ﴾ ﴿بەقەڕە: 255﴾ ، ﴿نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ۝٤٤ وَيۡلٌ﴾ ، ﴿مورسەلات:44﴾.



بابه‌تی
درێژكردنه‌وه و كورت كردنه‌وه

بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورت كردنه‌وه له بابه‌ته گرنگه‌كانی ئه‌حكامی ته‌جویده، چونكه قورئانی پیرۆز به دوو شت جیاكراوته‌وه له زمانی عه‌ره‌بی، ئه‌ویش بریتین له: یه‌كه‌م: مینگه‌(الغنة) دووه‌م: درێژكردنه‌وه.

ڕه‌نگه بنچینه‌ی درێژكردنه‌وه له‌م فه‌رموده وه‌رگیرابێت كه پێشه‌وا بوخاری(ڕه‌حمه‌تی خوای لێبێت) باسی كردووه له صه‌حیحه‌كه‌ی خۆیدا له قه‌تاده(ڕه‌زای خوای لێبێت) ده‌گێڕێته‌وه كه ئه‌و پرسیاری له ئه‌نه‌سی كوڕی مالیك كردووه(ڕه‌زای خوای لێبێت) ده‌رباره‌ی خوێندنه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا له‌و شوێنه‌ی كه پێویستی به درێژكردنه‌وه ده‌بو.

له ڕیوایه‌تێكی تر هاتووه كه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا به ده‌نگه‌كه‌ی خۆی، وه‌هه‌روها پێشه‌وا سیوطی باسی كردووه له كتێبه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی(الدر المنثور) وئه‌لبانی به‌ڕاستی زانیوه كه پیاوێك﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾،﴿ته‌وبه:60﴾ی خوێنده‌وه بێ درێژكردنه‌وه، ئیبن مه‌سعود(ڕه‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌م شێوازه نه‌یخوێندۆته‌وه، پیاوه‌كه‌ش وتی ئه‌ی چۆن به‌سه‌رتانی ده‌خوێنده‌وه ئه‌ی باوكی عه‌بدوڕه‌حمان؟ فه‌رموی: به‌م شێوه‌یه ده‌یخوێنده‌وه﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾، واتا به شێوه‌ی درێژكردنه‌وه، مه‌به‌ستی ئیبن مه‌سعود واتا ڕازی نه‌بو كه پیاوه‌كه به‌بێ درێژكردنه‌وه ئایه‌ته‌كه بخوێنێته‌وه.

تێبینی:

زاراوه‌ی كورت كردنه‌وه ئه‌گه‌ر به‌ته‌نها باس كرا مه‌به‌ستی زانایانی ته‌جوید ئه‌وه‌یه كه ته‌نها دوو جووله درێژ بكرێته‌وه، به‌ڵام مه‌به‌ست له زاراوه‌ی درێژكردنه‌وه زیاتر له دوو جووله یه.

جیاوازی نێوان پێشه‌وا خه‌له‌ف و پێشه‌وا حه‌فص له‌سه‌ر كورت كردنه‌وه‌و درێژكردنه‌وه به‌م شێوه‌یه:

1. درێژكردنه‌وه‌ی لكاو:

بریتیه له‌وه‌ی كه له دوای پیتی درێژكردنه‌وه هه‌مزه بێت له یه‌ك وشه، وه‌ك(ٱلشِّتَآءِ، أُوْلَٰٓئِكَ، حُنَفَآءَ، ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ، قُرُوٓءٖ، وَجَآءَ، بَرِيٓءٞ)، **پێشه‌وا خه‌له‌ف ئه‌م وشانه ده‌خوێنێته‌وه به درێژكردنه‌وه‌ی چوار جوله به‌یه‌ك ده‌نگ.**

2. درێژكردنه‌وه‌ی پێویست:

ئه‌و وشانه‌ی به درێژكردنه‌وه‌ی پێویست ده‌خوێنێته‌وه (تُمَآسُّوهُنَّ، يَبۡلُغَآنِّ).



باسی(هائی) كینایه

هۆی ناونانی به‌هائی كینایه، چونكه ناسناوێكی وه‌رگرتووه ئه‌ویش به‌كارهاتنیه‌تی بۆ كه‌سی سێیه‌می تاكی نێر(له‌زمانی عه‌ره‌بی)، وه‌پێشی ده‌گوترێت هائی ڕاناو، واته(هاء الضمير).

(هائی) كینایه: له‌زاراوه‌ی قوڕائه‌كان ناسراوه به‌هائی زیاده‌ی به‌كارهاتوو بۆ كه‌سی سێیه‌می تاكی نێر.

كه ده‌ڵێین هائی زائیده، مه‌به‌ستمان هائی بنچینه نیه، واته:هائی ئه‌صڵی ناگرێته‌وه، وه‌ك(لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَـٰنُوحُ)،﴿شوعه‌را:116﴾.

كه گوتمان واتای كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر ده‌دات، ئه‌وه ناگرێته‌وه هائێك بۆ تاكی مێ هاتبێت، وه‌ك(إِلَيۡهَا) ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه كه بۆ دووان(مثنى)، وه‌ك(عَلَيۡهِمَا) یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه، وه‌ك﴿إِلَيۡهِمُ إِلَيۡهِنَّ﴾.

هائی كینایه به‌ناو(اسم) ده‌لكێت، وه‌ك(أَجَلِهِۦ) به كاریش(فعل) ده‌لكێت، وه‌ك(يُعَلِّمُهُ) به پیتیش ده‌لكێت، وه‌ك(إِلَيۡهِ).

هائی كینایه له بنچینه‌دا ضه‌مه‌داره، وه‌ك(لَهُۥ)، ته‌نها ئه‌گه‌ر كه‌سره یان پیتی(ی)ی له‌پێشدا هات ئه‌وه هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت نه‌ك ضه‌مه‌دار ئه‌مه‌ش له‌به‌ر هۆكارێك.

جگه له‌م دوو شوێنه هائی كینایه ضه‌مه‌دار ده‌بێت، له به‌ر كاركردن به بنچینه‌ی خۆی وه‌ك له‌ریوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَـٰنُ﴾، ﴿كه‌هف:63﴾و ﴿عَـٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾،﴿فه‌تح:10﴾، هه‌روه‌ك پێشه‌وا حه‌مزه به‌م شێوه ده‌خوێنێته‌وه﴿لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾،﴿طه:10﴾و ﴿قه‌صه‌ص:29﴾.

حاڵەتەكانی هائی كینایە

هائی كینایە لەقورئانی پیرۆز چوار باری هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1. **بكەوێتە نێوان دوو زەنەدار، واتە: پێش و پاشی ساكین بێت، وەك**﴿فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ، وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ﴾.

2. **پێشی جولەو پاشی زەنە بێت، وەك**﴿قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ، لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ، رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾.

قاریئەكان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە نابێت لەو دوو بارەدا هائی كینایە بە صیلە بخوێندرێتەوە، تا دوو زەنە بەیەكەوە كۆ نەبنەوە[1].

پێش هائەكە زەننەدار بێت و پاشی جوولە، وەك﴿وَشَرَوۡهُ بِثَمَنٍۭ، خُذُوهُ فَٱعۡتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ﴾.

كۆ دەنگی زانایان ولەناویشیاندا پێشەوا ئیبنو خەلەف لەسەر ئەوەیە كە لەم شوێنانەدا هائی كینایە بە صیلە ناخوێندرێتەوە.

3. **بكەوێتە نێوان دوو جووڵە، وەك**﴿فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾.

لەم بارەدا هەموو قارِیئەكان پیتی(ﻫ)یان لكاندووە بە پیتی(و)ی گوتراو(لفظي) ئەگەر ضەممەدار بوو، ولكاندویانە بە پیتی(ی)ی گوتراو ئەگەر كەسرەدار بوو، تەنها لەهەندێ باری تایبەت نەبێت.

---

[1] **تەنها شوێنێك نەبێت، بەزی خوێندویەتیەوە لە ئیبنو** كثير **كە هائی كینایەی بە پیتی(و)ی لكاندووەو پیتی(ت)ی دوای هائەكەشی شەددەدار كردووە، وەك**(تَّلَهَّىٰ)، **لە**﴿فَأَنتَ عَنۡهُ تَّلَهَّىٰ﴾،[**عەبەسە**:10].

حوكمی
هائی كینایه لای پێشهوا خهلهف

جیاوازیهكان كورت كراونهتهوه لهنێوان خهلهف و حهفص له بابهتی هائی كینایه لهم خالآنهی خوارهوه:

أ- پێشهوا خهلهف هائی كینایه به كهسره دهخوێنێتهوه بیٚ صیله لهم سیٚ وشهی خوارهوه:

1. **ئایهتی**﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾،(**كههف**:63)، **بهم شێوهیه**(وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ).

2. **ئایهتی**﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾(**فورِقان**:69)، **بهم شێوهیه**(وَيَخۡلُدۡ فِيهِ مُهَانًا).

3. **ئایهتی**﴿وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾(**فهتح**:10)، **بهم شێوهیه**(وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ)، **ودبێت پیتی(ل) قهڵهوبكرێت چونكه كهسرهی له پێشدا هاتووه.**

ب- پێشهوا خهلهف هائی كینایه به كهسره دهخوێنێتهوه به صیله به پیتی(ی)ی گوتراو له پێنج وشهدا بهم شێوهی خوارهوه:

1. **ئایهتی**﴿فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ﴾(**نهمل**:28)، **بهم شێوهیه**(فَأَلۡقِهِ إِلَيۡهُمۡ).

2. **ئایهتی**﴿أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ﴾(**ئهعراف**:111)**و** (**شوعهرِا**:36)، **بهم شێوهیه**(أَرۡجِئۡهُ وَأَخَاهُ).

3. ئایەتی﴿وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ﴾(نور:52)، لەگەڵ بونی تێبینی ئەوەی كە پێشەوا خەلەف پیتی(ق) بە كەسرە دەخوێنێتەوە لەم شوێنەدا بەم شێوەیە(وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ).

4. ئایەتی ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ﴾ (مائیدە:67) بەم شێوەیە (رِسَالَٰتِهِۦۚ)[2].

5. ئایەتی ﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ﴾(ئەنعام:124) بەم شێوەیە (رِسَالَٰتِهِۦۚ)[1].

ت- خەلەف هائی كینایەو بەصیلە بەپیتی(و) دەخوێندرێتەوە، ضەممەدار دەكات لە سێ وشەدا:

1. ئایەتی﴿وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ﴾(زومەر:7)، بەم شێوەیە(وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُۥ لَكُمۡۗ).

2. ئایەتی﴿وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ﴾،(زوخروف:88)، بەم شێوەیە(وَقِيلَهُۥ)[3].

3. ئایەتی﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ﴾،(طەلاق: 3) بەم شێوەیە(بَٰلِغُ ۨ أَمۡرَهُۥۚ)[1].

[1] خەلەف ئەم شوێنە بە كۆ دەخوێنێتەوە، واتە: بەكەسرەداركردنی پیتی(ت)و پیتی(ه)و زیادكردنی ئەلیف لەدوای پیتی(ل) لەسەر ئەمەش دروست دەبێت كەسرەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە بەهۆی كەسرەی پیتی(ت).

[2] خەلەف ئەم شوێنە بە كۆ دەخوێنێتەوە، واتە: بەكەسرەداركردنی پیتی(ت)و پیتی(ه)و زیادكردنی ئەلیف لەدوای پیتی(ل) لەسەر ئەمەش دروست دەبێت كەسرەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە بەهۆی كەسرەی پیتی(ت).

[3] یەعقوب ئەم شوێنە بە فەتحەداركردنی پیتی(ل) دەخوێنێتەوە، دروست دەبێت لەسەر ئەمە ضەممەداركردنی هائی كینایە بەهۆی فەتحەداركردنی پیتی(ل).

ث- **خەلەف هائی كینایە دەگۆڕێت بە پیتی(ت)ی مەنصوب بەكارهاتوو بۆ مێی مەنصوب لە ئایەتی**﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةًۗ﴾(**لوقمان**:20) **بەم شێوەیە**(عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً)، **هەروها پیتی**(ع) **زەنەدار دەكات و شاردنەوە(الاخفاء) دەكات لەكاتی گەیشتنی بە پیتی**(ظ).

ج- **خەلەف هائی كینایە لادەبات لە ئایەتی**﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ﴾(**زوخروف**:71)، **بەم شێوەیە**(مَا تَشۡتَهِيهِۢ ٱلۡأَنفُسُ)[1].

ح- **خەلەف هائی كینایە لادەبات لە ئایەتی**﴿وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۖ﴾(**یاسین**:35) **بە بەم شێوەیە**﴿وَمَا عَمِلَتۡ أَيۡدِيهِمۡۖ﴾.

---

(1) **یەعقوب ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەدار كردنی پیتی(ر) لێرەدا پێویستە پیتی(ه)ی كینایە ضـەممەداربكرێت، بەهۆی فەتحەدار كردنی پیتی(ر).**

(2) **لەباری نەوەستاندا: پیتی(ی) دەچێت بەهۆی گەیشتنە دوو زەنە بەیەك.**

بابهتی میمی كۆ

میمی كۆ: بریتیه له پیتێكی زیاده لهپێكهاتهی وشهدا كه بۆ نێری كۆ(جمع الذكور) بهكاردێت، وههروها(مێ)ش دهگرێته خۆی، جیاوازیش نیه حهقیقهت بێت یان ئهوهی وهكو نێری كۆ بهكاردێت، بهڵام بهخۆی نێری كۆ نیه.

دهرچوو له پێناسهكه: واتا ئهو شتانهی كه پێناسهكه نایان گرێتهوهو له بازنهی پێناسهكهدا دهردهچن:-

میمی زیاده: كه له پێناسهكهدا گوترا میمی زیاده، واتا ئهم پیته میمه ناگرێتهوه كه زیاد نهبێت و بنچینهو ئهصلی وشهكه بێت وهك﴿بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ﴾.

واتای كۆی نێر بدات: ئهمه ناگرێتهوه ئهگهر پیتی میمهكه واتای كۆی نێر نهدات، واتا بهكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وهك(أَنۡهَكُمَا).

كۆی مێ دهگرێتهوه: وهك(عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ)، لێرهدا پیته میمهكه بهكار هاتووه بۆ نێرو مێ، واتا ههردوو ڕهگهز دهگرێتهوه.

مهبهست له حهقیقهت: لهزمانی عهرهبیدا ئهوهدهگرێتهوه(مِنكُمۡ) پیتی(م) لهم وشه به میمی كۆ دادهندرێت له زمانی عهرهبیدا.

له بهكار هێنانی قورئاندا: ئهوهدهگرێتهوه(وَمَلَإِيْهِمُ)، له ئایهتی﴿عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمُ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ﴾(یونس:83)، لێرهدا ڕاناو دهگهڕێتهوه بۆ فیرعهون به تهنها بهڵام به شێوهی كۆ بهكار هاتووه، كهواته: ئهم میمهش به میمی كۆ ئهژمار دهكرێت.

نیشانه‌ی (میم)ی كۆ

- **میمی كۆ** ئه‌گه‌ر لایبه‌ری له‌ وشه‌دا مانای وشه‌كه‌ تێك نادات، وه‌ك(عَلَيْكُمُ) ده‌بێته‌(عَلَيْكُ).

1. یه‌كێك له‌م سێ پیتانه‌ له‌ پێش میمه‌كه‌دا بێت[1].

2. پیتی(ك) وه‌ك(مِنكُمْ)، پیتی(ك) ته‌نها ضه‌ممه‌دار ده‌بێت.

3. پیتی(ت) وه‌ك(كُنتُمْ)، پیتی(ت) ته‌نها ضه‌ممه‌دار ده‌بێت.

4. پیتی(ه) وه‌ك(أَمْوَالَهُمْ)، پیتی(ه)یان ضه‌ممه‌دار ده‌بێت، وه‌ك له‌ نمونه‌ی پێشو باسكرا، یان كه‌سره‌دار ده‌بێت وه‌ك(عَلَيْهِمْ).

[1] یه‌ك شوێن جیاكراوته‌وه‌، هه‌مزه‌ كه‌وتۆته‌ پێش پیتی(م)ی كۆ(میم الجمع)، ئه‌وه‌ش له‌ ئایه‌تی19ی سوره‌تی حاقه‌یه‌{هاؤم} لێره‌دا به‌ واتای(هلموا اقرؤوا كتابيه)، هه‌ندێ له‌ زمانه‌وانان ده‌ڵێن: به‌ واتای(هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوه‌ به‌ پیتی هه‌مزه‌، هه‌روه‌ك قوته‌یبی ئاماژه‌ی پێ كردووه‌، ره‌ضی ده‌فه‌رموێت(ها) ناوێكه‌ به‌ واتای (بگره‌) دێت وهه‌شت جۆر خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌، ئه‌مه‌ یه‌كێكه‌ له‌م خوێندنه‌وانه‌: له‌بری پیتی ئه‌لیف هه‌مزه‌ی پێوه‌ بلكێندرێت گۆڕانكاریه‌كانیشی وه‌ك گۆڕانكاری پیتی(ك) ده‌بێت، وه‌ك:(هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فه‌رمویه‌تی: به‌چه‌ن شێوازو زمانێك ده‌خوێندرێته‌وه‌ چاكترینیان ئه‌وه‌ی سێبه‌وه‌یهی باسی كردووه‌ له‌ په‌رتوكه‌كه‌ی خۆیدا(الكتاب) ده‌فه‌رموێت: عه‌ره‌ب ده‌ڵێن:(هاءَ یا رجل) بیگره‌ ئه‌ی پیاو، هه‌مزه‌كه‌ی فه‌تحه‌دار ده‌كه‌ن، و(هاءِ یا امرأة) بیگره‌ ئه‌ی ئافره‌ت بۆ ئافره‌ت هه‌مزه‌كه‌ كه‌سره‌دار ده‌كرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) له‌ وشه‌ی(هاؤم) وه‌ك پیتی میمه‌كه‌ بۆ ئێوه‌ به‌كاردێت، وضه‌ممه‌دار كردنیشی وه‌ك ضه‌ممه‌دار كانی تره‌ له‌ هه‌ندێ شوێن.

حاله‌ته‌كانی پیتی(میمی) كۆ

پیتی(میمی) كۆ دوو حاڵەتی هه‌یه :-

❖ **باری یه‌كه‌م:**

پیتێكی زه‌نه‌داری به‌دوادابێت، زۆربه‌ی قاریئه‌كان ضـه‌ممه‌داری ده‌كه‌ن بێ لكاندن، به شێوه‌یه‌ك بنچینه‌ی پیتی(میمی) كۆ ضـه‌ممه‌داره، وه‌ك﴿وَإِذۡ فَرَقۡنَا بِكُمُ ٱلۡبَحۡرَ﴾، ئه‌گه‌ر پیتی(هـ) بكه‌وێته پێش پیتی(میمی) كۆ، مه‌نهه‌جی پێشه‌وا خه‌له‌ف له باری نه‌وه‌ساندا: بریتیه له‌ضـه‌ممه‌داركردنی پیتی(میمی) كۆو ئه‌و پیته هائه‌ی ده‌كه‌وێته پێشی به دوو مه‌رج:

✓ **مه‌رجی یه‌كه‌م: ده‌بێت پیتی(هـ) پیتێكی له پێشدا هاتبێت كه‌سره‌داربێت یان پیتی(ی) زه‌نه‌داربێت.**

✓ **مه‌رجی دووه‌م: پیتێكی زه‌نه‌دار بكه‌وێته دوای پیتی(میمی) كۆ وه‌ك**﴿بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ، عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ، عَلَيۡهِمُ الباب، يُرِيهِمُ ٱللَّهُ، قُلُوبِهِمُ ٱلۡعِجۡلَ، قِبۡلَتِهِمُ ٱلَّتِي، عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ﴾.

ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر وه‌ستا له‌سه‌ر ئه‌و وشه‌ی كه كۆتاییه‌كه‌ی میمی كۆیه ئه‌وه كه‌سره‌ی بۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه وه‌ك(يُرِيهِم، قُلُوبِهِم).

به‌لاَم ئه‌گه‌ر پیتی(هـ) نه‌كه‌وێته پێش پیتی(م) وئه‌و پیته هاییێكه كه‌سره‌دارێكی له‌پێش بوو یان پیتی(ی) زه‌نه‌دار بوو، له‌و كاته‌دا پیتی(میمی) كۆ ضـه‌ممه‌دار

دەكرێت و پیتی پێش خۆی لەباری خۆیدا دەمینێتەوە، وەك﴿وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ، أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ﴾.

❖ **باری دووەم:** له دوای پیتی(میمی) كۆ پیتێكی جوڵەداری بێت، پێشەوا خەلەف هاوڕایه لەگەڵ پێشەوا حەفص لەو بارەیەوە.



باسی
ئەحكامی نونی ساكینە و تەنوین

ئەم بابەتە بەگشتی یەكسانە لەگەڵ ئەحكامی پێشەوا حەفص تەنها لەم شوێنانەی خوارەوە نەبێت:

- **پێشەوا خەلەف تێكهەڵكێشانی كردووە لە پیتی(ن) بە پیتی(ر) لە ئایەتی**﴿وَقِيلَ مَنۜ رَاقٍ﴾،**(قیامە:**27)**، بەم شێوەیەی خوێندۆتەوە**(وَقِيلَ مَن رَّاقٍ) **چونكە لێرەدا سەكت –وستانێكی كورتی بێ وەرگرتنی هەناسە– ناكات، ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا حەفصە.**

- **پێشەوا خەلەف هەندێ شوێن دەخوێنێتەوە بە زەنەداركردنی پیتی(ن) پاشان بۆی هەیە یان تێكهەڵكێشانی پیتە نونەكە بكات یان بیشارێتەوە(اخفاء)، ئەوەش بە پێی یاسای گشتی لە حوكمەكانی نونی ساكین و تەنوین، وئەوەی گرنگە لای ئێمە لەم بابەتەدا ئەم وشانەن:**

1. (مُنزِلُهَا)(**مائیدە**:115)[1].
2. (مُنَزَلُ)(**ئەنعام**:114)[2].
3. (وَيُنزِلُ)(**لقمان**:34)[3].
4. (يُنزِلُ)(**شوری**:28)[4].
5. (أن يُقْبَلَ)(**تەوبە**:54)[5].

---

[1](مُنَزِّلُهَا) **ئەم وشە بە زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ز) دەخوێنێتەوە.**

[2](مُنَزَّلٌ) **ئەم وشە بە زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ز) دەخوێنێتەوە.**

[3](ويُنَزِّلُ) **ئەم وشە بە زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ز) دەخوێنێتەوە.**

[4](يُنَزِّلُ) **ئەم وشە بە زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ز) دەخوێنێتەوە.**

[5](تُقْبَلَ) **ئەم وشە بە پیتی(ی) دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی(ت).**

6. (مَن يكُونُ)(**ئه‌نعام**:135)[1].

7. (أَن يَأۡتِيَهُمُ)(**ئه‌نعام**:158)[2].(**نه‌حل**:33).

8. (وَمَن يَكُونُ)(**قه‌صه‌ص**:37)[3].

9. (فَنُنۡجِي مَن نَّشَآءُ)(**یوسف**:110)[4].

10.(إِنَّا لَمُنجُوهُمۡ أَجۡمَعِينَ)(**حیجر**:59)[5].

11.(تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَنفَطِرۡنَ)(**مه‌ریه‌م**:90)[6].

12.(لَنُنجِيَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ)(**عه‌نكه‌بوت**:32)[7].

13.(إِنَّا مُنجُوكَ وَأَهۡلَكَ)(**عه‌نكه‌بوت**:33)[8].

14.(وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نَنكُسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ)(**یاسین**:68)[9].

15.(نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ)(**قه‌له‌م**:1).

---

(1)(تَكُونُ) **ئه‌م وشه به پیتی(ی) ده‌خوێندرێته‌وه له‌بری پیتی(ت).**

(2)(تَأۡتِيَهُمُ) **به پیتی(ی) ده‌خوێندرێته‌وه له‌بری پیتی(ت)ی یه‌كه‌م.**

(3)(تَكُونُ) **به پیتی(ی) ده‌خوێندرێته‌وه له‌بری پیتی(ت).**

(4)(فَنُجِّيَ) **به لابردنی شه‌ده له‌سه‌ر پیتی(ج) ده‌خوێندرێته‌وه له‌گه‌ڵ زیادكردنی پیتی(ن)ی زه‌نه‌دار له‌پێشی و زه‌نه‌ی پیتی(ی).**

(5)(لَمُنَجُّوهُمۡ) **به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ج) ده‌خوێندرێته‌وه.**

(6)(يَتَفَطَّرۡنَ) **به پیتی(ن)ی زه‌نه‌دار ده‌خوێندرێته‌وه له‌بری پیتی(ت) له‌گه‌ڵ كه‌سره‌داركردنی پیتی(ط)و لابردنی شه‌ده، له‌گه‌ڵ لاوازكردنی پیتی(ر).**

(7)(لَنُنَجِّيَنَّهُۥ) **به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)ی دووه‌م و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ج) ده‌خوێندرێته‌وه.**

(8)(مُنَجُّوكَ) **به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ج) ده‌خوێندرێته‌وه.**

(9)(نُنَكِّسۡهُ) **به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ن)ی یه‌كه‌م و ضه‌ممه‌ی پیتی(ك)و لابردنی شه‌ده ده‌خوێندرێته‌وه.**

• **پێشه‌وا خه‌له‌ف هه‌ندێك شوێن به‌ ته‌نوین ده‌خوێنێته‌وه‌، دواتر یان تێكهه‌ڵكێشانی**

ته‌نوینی بۆ ده‌كات یان وه‌ری ده‌گێڕێت(الاقلاب) یان شاردنه‌وه‌(الاخفاء)ی دوای ئه‌وی بۆ ده‌كات به‌پێی یاسای گشتی پیتی نونی ساكینه‌و ته‌نوین، ئه‌وه‌ی لامان گرنگ بێت له‌م بابه‌ته‌ ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن:

أ- هه‌ندێك شوێن به‌ تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌:

1. ﴿وَثَمُودَا وَأَصۡحَٰبَ﴾(**فورقان**:38).

2. ﴿وَثَمُودَا وَقَد﴾(**عه‌نكه‌بوت**:38).

3. **له‌ كۆتایی هه‌ندێك سوره‌ت به‌ سوره‌تی دوای خۆی له‌ كاتی لكاندن بێ به‌سمه‌له‌و بێ سه‌كت، وه‌ك**﴿عَلِيمٌ يَٰٓأَيُّهَا﴾، **كۆتایی سوره‌تی نیساء به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی مائیده‌، وئایه‌تی**﴿عَظِيمًا يَٰأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾، **كۆتایی سوره‌تی فه‌تح به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی حوجورات.**

ب- هه‌ندێك شوێن به‌ شاردنه‌وه‌ ئیخفا ده‌خوێنێته‌وه‌:

1. ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدَ﴾(**ئه‌نفال**:18)[1].
2. ﴿عِوَجَا ۝١ قَيِّمًا﴾(**كه‌هف**:1)[2].
3. ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾(**لوقمان**:20)[3].
4. ﴿وَغَيۡرِ صِنۡوَانٍ تُسۡقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ﴾(**ره‌عد**:4)[4].

---

[1] (مُوهِنُ) به‌ ته‌نوینی پیتی(ن)و فه‌تحه‌داركردنی پیتی(د) ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌ وشه‌ی(كَيۡدَ).

[2] (عِوَجًا) به‌ واز هێنان له‌ سه‌كت ده‌خوێندرێته‌وه‌، دواتر له‌ بابه‌تی سه‌كت باسی ده‌كه‌سن ان شاء الله.

[3] (نِعَمَهُۥ) به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ع)و پیتی(ت)ی كۆتایی نوندار به‌ فه‌تحه‌ له‌بری پیتی(ه) ده‌خوێندرێته‌وه‌ باسی كرا له‌ بابه‌تی پیتی(ه)ی كینایه‌.

[4] (يُسۡقَىٰ) به‌ پیتی(ت) ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌بری پیتی(ی) وئیماله‌ش ده‌كرێت.

5. ﴿ثَمُودَا كَفَرُواْ﴾(**هود**:68).
6. ﴿وَثَمُودَا فَمَآ﴾(**نه‌جم**:51).
7. ﴿قَوَارِيرَا ۝١٥ قَوَارِيرَا﴾(**ئینسان**:15)[1].
8. **له‌كاتی لكاندنی كۆتایی هه‌ندێك سوره‌ت به‌ سوره‌تی دوای خۆی له‌ باری لكاندندا بێ به‌سمه‌له‌و بێ سه‌كت وه‌ك﴿أَحَدًا كٓهيعٓصٓ﴾، كۆتایی سوره‌تی كه‌هف به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی مه‌ریه‌م، وئایه‌تی﴿رِكْزًا طه﴾، كۆتایی سوره‌تی مه‌ریه‌م به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی** طه، **وئایه‌تی﴿عَلِيمٌ تَبَارَكَ﴾، كۆتایی سوره‌تی نور به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی فورقان، وئایه‌تی﴿لِزَامًا طسٓمٓ﴾، كۆتایی سوره‌تی فورقان به‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی شوعه‌را، وئایه‌تی﴿مَّسَدِۭ قُلْ﴾، وكۆتایی سوره‌تی مه‌سه‌د به‌سه‌ره‌تای سوره‌تی ئیخلاص.**

ت- **شوێنێك هه‌یه‌ به‌ قه‌لب وه‌رگه‌ڕان ده‌یخوێنێته‌وه‌ئه‌ویش ئایه‌تی**﴿أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنَكُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾(**عه‌نكه‌بوت**:25)[2].

پێشه‌وا خه‌له‌ف ئایه‌تی﴿وَمَن يَطَّوَّعْ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾(**به‌قه‌ره‌**:158)[3] **به‌ تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه‌.**

پێشه‌وا خه‌له‌ف ئایه‌تی﴿فَمَن يَطَّوَّعْ خَيْرًا﴾(**به‌قه‌ره‌**:184)[4] **به‌ تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه‌.**

پێشه‌وا خه‌له‌ف ئایه‌تی﴿قَبْلَ أَن يَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّي﴾(**كه‌هف**:109)[5] **به‌ تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه‌.**

---

(1) (قَوَارِيرَاْ) **به‌ ته‌نوینی فه‌تحه‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌، وله‌سه‌ری ده‌وستێن به‌ ئلیفی قه‌ره‌بو.**

(2) **وشه‌ی(بینكم) به‌ فه‌تحه‌ی پیتی(ن) ده‌خوێنێته‌وه‌.**

(3) **وشه‌ی**(تَطَوَّعَ) **به‌ پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌بری پیتی(ت) له‌گه‌ڵ شه‌ده‌داركردنی پیتی**(ط)**و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ع).**

(4) **وشه‌ی**(تَطَوَّعَ) **به‌ پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌بری پیتی(ت) له‌گه‌ڵ شه‌ده‌داركردنی پیتی**(ط)**و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ع).**

(5) **وشه‌ی**(تَنفَدَ) **به‌ پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌بری پیتی(ت).**

تێبینی1:

خەلەف تێکهەڵکێشانی پیتی(ن) دەکات لە پیتی(و) لە ئایەتی﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾(**یاسین**:1)[1].

تێبینی2:

خەلەف تێکهەڵکێشانی پیتی(ن) دەکات لە پیتی(و) لە ئایەتی﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾(**قەلەم**:1).



[1] **خەلەف پیتی(ی) ئیماله دەکات.**

باسی سهکت

پێشهوا خهلهف وازی لهو سهکتانه هێناوه که پێویستن لای حهفص، بهشێوهیهك تێکههڵکێشانی بۆ دهکرێت ئهوهی گونجاو بێت بۆ تێکههڵکێشان، ئهوهش ڕو دهدات له﴿بَل رَّانَ، مَن رَّاقٍ﴾، بههۆی هاتنه دی مهرجهکانی تێکههڵکێشان لهههردووکیاندا.

ئیدریسی حهداد[1] سهکت دهکات بهڵام له بابهتهکه بۆچونی جیاواز ههیه ههروهك له داهاتوو بۆت ڕوون دهبێتهوه، بهڵام بۆچوونی ڕاست ئهوهیه که سهکهت نهکرێت –خودا زاناتره– ئهوهش لهبهر چهند هۆکارێك[2] بهم شێوهیه:

1. چونکه ئیبنولجهزهری له پهرتووکی تهحبیر باسی نهکردووه.

2. چونکه ئیبنولجهزهری له پهرتووکی دوره دهڵێت نابێت سهکهت بکرێت، دهفهرموێت(والسکتَ أهملا)[3].

3. زۆربهی زانایان لهسهر ئهوهن که سهکهت نهبێت، لهوانه: زانایان پێشوو وزانایانی ئێستا وهك: عهبولفهتاحی قازیو ئیبڕاهیمی شحادهتی سهمنودی.

---

[1] ههروهك له پێناسهی پێشهوا خهلهف باسمان کرد له سهرهتای ئهم پهرتووکه که پێشهوا خهلهف دوو ڕاوی ههیه، یهکهمیان: ئیسحاقی وهڕاقه، که ئهویان سهکتی نیه بههیچ شێوهیك، ڕاوی دووهمیان: ئیدریسه، ئهویش دوو ڕێگای ههیه: ڕێگای قوتیعی، که ئهویش سهکتی نیه بههیچ شێوهیهك، وڕێگای موتهوعی، ئهویش بۆچونی جیاوازی لهسهره، ههر وهك دواتر باسی دهکهین به درێژی.

[2] وهرگیراوه بهدهستکاریهوه له وتهی زانایان و پهرتووکهکانیان.

[3] پهرتووکی(الدرة المضیئة في القراءات الثلاث) دێری37.

4. قاریئەکان بە ئیجتیهادو گومانەوە کارناکەن، ئەوەی کار بە سەکت بکات ئەوە ئیجتیهادی کردووە، چونکە هەمو ئەو کەسانەی کار بە سەکت دەکەن ئەوە ئیجتیهادیان کردووە لە پەرتووکی دوڕەوە بۆ پەرتووکی نەشر ئەوە ڕوکردنە گومانە نەك دڵنیابوون.

هەروها ئەزمەیری و زۆربەی ئەوانەی کار بە پەرتووکی دوڕە دەکەن وا دەبینن کە دوڕە ڕێگایەکی سەربەخۆی هەڵبژاردووە، کەواتا ئێمە دەتوانین بڵێن پشت بەستنیان بە دوڕە ڕاست نیە، ئەوان پشت ئەنجام دانی سەکت لە لایەن ئیدریسەوە بە هێز دەکەن، ئەمەش ئیبنولجەزەری بە ئاشکرا باسی نەکردووە، کەواتا هەمو بەڵگەکانیان گوماناویە، ئیجتیهادە، نەك دڵنیابوون.

هەرکەسێك بڵێ ئیبنولجەزەری هەڵەی کردووە لە سەکت کاتێك لە هونراوەکەی باسی دەکات، ئەوە دەتوانین وڵامی بدەینەوە بڵێین: چۆن ئەمە ڕویداوە؟ لەکاتێك ئیبولجەزەری لە ساڵی(799)ی کۆچی هونراوەی تیبەی داناوە، دواتر دوڕەی نوسیوەتەوە لە ساڵی(823)ی کۆچی نێوانیان نزیکەی(24) ساڵە، ئەگەر بڵێین هەڵەی کردووە لەم ڕوەوە لە پەرتوکی تەحبیر ئەی چۆن هەڵەی کردووە لە دانانی هونراوەی دوڕە، چونکە ئەو بە ئاشکرا دەری خستووە کە خەلەف سەکت ناکات، وەئەوەی من بەسەر مامۆستاکانم خوێندۆتەوەو ئەوەی وەرم گرتووە لێیان کە نابێت سەکت ئەنجام بدرێت.

بۆ زانیاری و زانینی بۆچونی زانایان و بەڵگەکانیان لەم بابەتەوە، سەیری پاشکۆی ژمارە(2) بکە لە کۆتایی پەرتووکی ئوصول.

جیاوازی
لهنێوان وهستان و سهكت

1. كاتی وهستان زیاتره لهسهكت.

2. لهوهستاندا قورئانخوێن ههناسهیهك دهدات، بهڵام لهسهكت ههناسه نادات.

3. سهكت دروست نیه تهنها لهرێگهی گێڕانهوه نهبێت، بهڵام وهستان دروسته قورئانخوێن لهسهر ههر وشهیهك بێ بهمهرجێك واتای وشهكه تێك نهدات.

4. لهكاتی وهستاندا دروسته لهخوێندنهوهكهت بگهڕێیتهوه بۆ پێشهوهو دواتر تهواو بكهی، بهڵام لهسهكت دا خوێندنهكه تهواو دهكهی لهدوای سهكت.

5. وهستان تهنها لهسهر وشه دهبێت، بهڵام سهكت دهكرێت لهسهر وشه یان پیت بێت.

بابه‌تی
دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا

ئه‌گه‌ر دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا كۆبێته‌وه‌، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌بێته هه‌مزه‌ی پرسیاری وپێویسته به‌رده‌وام فه‌تحه‌داربێت، ئه‌م جۆره هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه لای گشت قورائه‌كان و هه‌مزه‌ی دووه‌م یان ضه‌ممه‌دار ده‌بێت یان فه‌تحه‌دار یان كه‌سره‌دار، وه‌مه‌زهه‌بی پێشه‌وا خه‌له‌ف خوێندنه‌وه‌ی هه‌ردوو هه‌مزه‌یه له یه‌ك وشه‌دا.

ئاگاداركردنه‌وه

هه‌ر یه‌ك له ئایه‌ته‌كانی﴿قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْۖ﴾(**ئه‌عراف**:123)﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْۖ﴾(طه:71)﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْۖ﴾(**شوعه‌را**:49)، خه‌له‌ف هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشه به‌م شێوه‌یه(أأأمنتم) واتا بوونی سێ هه‌مزه له‌یه‌ك كات و به‌دوای یه‌كدا، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌م فه‌تحه‌داره هه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌نه‌دارو گۆڕدراوه به ئه‌لیف، ئه‌ویش(فاء الفعل)ی وشه‌كه‌یه، وه‌مه‌زهه‌بی خه‌له‌ف هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌م ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه(ءَءَ امَنتُمْ).

خه‌له‌ف له ئایه‌تی﴿لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَا۬عْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّۗ﴾(**فوصیله‌ت**:44)، هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه(ءَأَعْجَمِيٌّ).

هەر یەك لە ئایەتەكانی ﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً﴾(**ئەعراف**:81)﴿قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ﴾(**ئەعراف**:113) ﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ﴾(**عەنكەبوت**:28) **ئەوە پێشەوا خەلەف هەمزەی پرسیاری بۆ ئەم سێ وشەیە زیاد دەكات و هەمزەی دووەمیش دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(ءَإِنَّكُمۡ، ءَإِنَّ).



بابەتی هەمزەی تاك

مەبەست له هەمزەی تاك: واته ئەو هەمزەی كه هاووێنەی خۆی لەگەڵیدا نەبێت، ئەوەش یان زەننەدار دەبێت یان جولەدار.

مەزهەبی
پێشەوا خەلەف لەسەر هەمزەی تاك

1.پێشەوا خەلەف هەمزە دەگۆڕێت بە ئەلیف له ئایەتی﴿يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ﴾ له سوڕەتی كەهف و سوڕەتی ئەنبیاءبەم شێوەیە(يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ).

2.پێشەوا خەلەف هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(ی) له وشەی(ٱلذِّئۡبُ)، ئەم وشەش له سیٚ شوێندا هاتووە، هەرسیٚ شوێنیش له سوڕەتی یوسف دایه بەم شێوەیە (یوسف: 13، 14، 17) ﴿وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ﴾﴿قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ﴾﴿وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ﴾، ئەم وشه لەسەر كێشی فیعلدایه بەم شێوەیە(ٱلذِّيبُ).

3.پێشەوا خەلەف پیتی(و) هەمزەداردەكات و پیتی(ز)یش زەنەدار دەكات له وشەی(هُزُوًا) بەم شێوەیە(هُزۡؤًا).

4.پێشەوا خەلەف پیتی(و) هەمزەدار دەكات و پیتی(ف)یش زەنەدار دەكات له وشەی(كُفُوًا)(ئیخلاص:4) بەم شێوەیە(كُفۡؤًا).

5.**پێشه‌وا خه‌له‌ف پیتی(و) هه‌مزه‌دار ده‌كات له‌ وشه‌ی**(ٱلتَّنَاوُشُ)**(سه‌به‌ء:52) به‌م شێوه‌یه**(ٱلتَّنَآؤُشُ) **له‌م كاته‌شدا درێژكردنه‌وه‌ی پێویست دروست ده‌بێت.**

6.**پێشه‌وا خه‌له‌ف هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار زیاد ده‌كات له‌دوای پیتی(ر) له‌ وشه‌ی**(جِبۡرِيلَ) **له‌ هه‌ر شوێنێك هاتبێت له‌ قورئانی پیرۆز، دواتر پیتی(ج)و(ر) فه‌تحه‌دار ده‌كات به‌م شێوه‌یه**(جَبۡرَءِيلَ)**، درێژكردنه‌وه‌ی له‌بری نه‌لكاویش ئه‌نجام ده‌درێت.**

7.**پێشه‌وا خه‌له‌ف هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار زیاد ده‌كات له‌دوای ئه‌لیف له‌ وشه‌ی** (وَمِيكَىٰلَ) **(به‌قه‌ره:98)، دواتر پیتی(ی) دێت له‌دوای ئه‌لیفه‌كه‌، به‌م شێوه‌یه**(وَمِيكَـٰٓئِيلَ)**، درێژكردنه‌وه‌ی له‌بر و لكاویش ئه‌نجام ده‌درێت.**

8.**پێشه‌وا خه‌له‌ف ئه‌لیف زیاد ده‌كات له‌دوای پیتی(ح)و پیتی(ی) له‌بری هه‌مزه‌ داده‌نێت له‌ ئایه‌تی**﴿وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ﴾**(كه‌هف:86) به‌م شێوه‌یه**(حَـٰمِيَةٍ).

9.**پێشه‌وا خه‌له‌ف هه‌مزه‌ لاده‌بات له‌وشه‌ی**(يُضَـٰهِـُٔونَ)**، له‌ئایه‌تی**﴿يُضَـٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ﴾**،(ته‌وبه‌:30)، ئه‌م وشه‌ به‌ضه‌ممه‌ی پیتی(ه) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌بێ هه‌مزه‌ به‌م شێوه‌یه:** (يُضَـٰهُـونَ) [1].

[1] **ڕای جمهوری قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ وشه‌ی**(يُضَـٰهُونَ)**، به‌بی هه‌مزه‌ بخوێندرێته‌وه‌، واته‌: پیتی(ه) ته‌نها** ضه‌ممه‌ی **له‌سه‌ر بێت، بنچینه‌ی ئه‌م وشه**(ضاهی)**یه‌، به‌ڵام پیتی ئه‌لیف گواستراوته‌وه‌ بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوه‌ له‌ پێناو پیتی(و) واپێده‌چێت كه‌ ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌ك بێت له‌ وشه‌ی**(ضاهی) **ئه‌م وشه‌یه‌ وه‌رنه‌گیراوه‌ له‌وته‌ی عه‌ره‌بیدا كه‌ ده‌ڵێن:**(امرأة ضهياء) **چونكه‌ پیتی(ی) بنچینه‌ی خۆیه‌تی و پیتی هه‌مزه‌كه‌ش زیاده‌یه‌، وناكرێت پیتی (ی) زیاده‌بێت، چونكه‌ له‌ ڕسته‌كه‌دا وشه‌ی(فعیل)ی فه‌تحه‌داری فائی تێدا نیه‌(عبدالله‌ عه‌كبه‌ری** –إملاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الإعراب والقراءات-.**(به‌یروت، چاپخانه‌ی زانستی،** ب2، 1389ك)لا14.

بابه‌تی
پرسیاری دووباره

پرسیاری دووباره له قورئانی پیرۆز له یازده شوێندا هاتووه، له نۆ سوره‌ت به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

1. ﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾(**ره‌عد**:5).
2. ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾(ئیسراء:98).
3. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾(**نه‌مل**:67).
4. ﴿قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ﴾(موئمینون:82).
5. ﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾(**عه‌نكه‌بوت**:28 و 29). **خه‌له‌ف به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه**﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَءِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾.
6. ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۢ﴾(**سه‌جده**:10).
7. ﴿أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ﴾(**صافات**:16).
8. ﴿أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ﴾(**صافات**:53).
9. ﴿أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ﴾(**واقیعه**:47).
10. ﴿يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ﴾(**نازیعات**:10و11).

مەزهەبی
پێشەوا خەلەف دەربارەی پرسیاری دووبارە

خەلەف هەمزەی پرسیاری دەخوێنێتەوە لە وشەی یەکەم و دووەم لە گشت ئەو شوێنانەی ڕابردو کە باسکران، حەفص هەمزەی یەکەم بە ئیخبار دەخوێنێتەوە لە سورەتی عەنکەبوت بە خەبەری دەخوێنێتەوە لە وشەی یەکەم وبە پرسیاری دەخوێنێتەوە لە وشەی دووەم.

بابەتی گواستنەوەی
جووڵەی هەمزە بۆ زەنەی پێش خۆی

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای گواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

خەلەف تەنها لەیەك وشە گواستنەوە دەكات، ئەویش فیعلی ئەمره﴿اسأل﴾ ئەگەر پێش پیتی(س) پیتی(و) یان پیتی(ف) بێت، وەك﴿وَسۡـَٔلُواْ، فَسۡـَٔلُوآْ، فَسۡـَٔلِ﴾، بە گواستنەوەی فەتحە بۆ پیتی(س)و هەمزەش لادەچێت، بەم شێوەیە﴿وَسَلُواْ، فَسَلُواْ، فَسَـلِ﴾.

باسی
ئیشمام لەچەند فیعلێكی دیاریكراودا

ئەم بابەتە پەیوەندی بە هەندێك وشە هەیە كە پێشەوا خەلەف بە ئیشمام دەیخوێنێتەوە.

ئیشمام: لای جمهوری زانایانی نەحوی و قورڕائەكان: بریتیە لە داپۆشینی دەنگی زمانەوانیەوە بە لابردنی دەنگێكی تر، وەك ئاخاوتنی زۆرێك لە هۆزەكانی وەك قەیس و بەنی ئەسەد بۆ نمونەكانی وشەی(قيل)و (بيع) بە ئیمالەكردن، وەك پیتی(و)ی درێژكراوو ئیشمام كردنی پیتی(ص) بە دەنگی پیتی(ز) لەخوێندنەوەی كیسائی دا، وەهەروها ئاماژە بە هەردوو لێوەكان بۆ ضـەممەی لابردراو لەكۆتایی وشە لە باری وەستاندا بە زەنە بەبێ ئەوەی دەنگی ضـەممەكە دەربكەوێت، یان تێكەڵ كردنی دەنگێك بە دەنگێكی تر.

مەبەست لەئیشمام

مەبەستیش لەئیشمام لەم بابەتەدا تایبەتە بە حەوت وشە، لەسەر ئەمەش تێكەل كردنی پیتی(ص) بە پیتی(ز) لەهەردوو پیتدا پیتێكی نوێ دروست دەبێت لە نێوان پیتەكانی(ص)و (ز)،(واتە: نە پیتی(ص)ی تەواوە نە پیتی(ز)ی تەواوە)،﴿ئەم پیتە نوێیەش بە قەڵەوی دەردەبڕدرێت، شێوازی گوتنەكەشی قەڵەوكردنی پیتی(ز) یان ئاشكراكردنی پیتی(ص) دەبێت﴾، ئەم پیتە نوێیەی كە دروست دەبێت لە نێوان(ص)و (ز)دا لێكچوونی هەیە لەگەڵ پیتی(ظ) لەلای زۆربەی خەڵكی ئاسایی لە وڵاتی میسڕ، وەك وشەی(أظلم)، وهۆكاری خوێندنەوەشی بە ئیشمام جەختكردنە لەسەر بوونی

پەیوەندی لەنێوان پیتی(ص)و پیتی(ز) لەشوێنی دەرچوونیان لەکاتی دەربڕیندا، ڕونکردنەوەی ئەن بابەتەش بەم شێوەیە:

خەلەف پیتی(ص)ی زەنەدار ئیشمام دەکات ئەوەی دەکەوێتە دوای پیتی(د)[1]

أ- وشەی﴿أصدق﴾، **لە دوو شوێندا هاتووە لە سوڕەتی نیساء ئایەتەکانی**(87، 122) ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا﴾،﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا﴾.

ب- وشەی﴿يصدفون﴾، **لە سێ شوێندا هاتووە لە سوڕەتی ئەنعام، ئایەتی**(46)**و دوو شوێن لە**(157) **بەم شێوەیە**﴿سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَـٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ﴾.

ت- وشەی﴿وتصدية﴾، **ئایەتی**﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ۚ﴾،(**ئەنفال**:35).

ث- وشەی﴿تصديق﴾، **لە دوو شوێندا هاتووە، سوڕەتی یونس ئایەتی**(37)**و سوڕەتی یوسف ئایەتی**(111)﴿وَلَـٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾.

ج- وشەی﴿فاصدع﴾، **لە سێ شوێندا هاتووە ئایەتی**﴿فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾،(**حیجر**:94).

---

[1] **بەم دوو مەرجەیە، بەڵام ئەگەر پیتی(ص)ی زەنەدار نەبوو، وەك**(صَدقة، صَدقوا) **یان ئەگەر پیتی(ص) زەنەاربوو وپیتی(د) لەدوای نەهاتبوو وەك**(فاصْفح، واصْنع)، **ئەوە بە ئیسمام ناخوێندرێتەوە.**

ح- وشەی﴿قصد﴾، **لەئایەتی**﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ﴾،(**نەحل**:9).

خ- وشەی﴿يصدر﴾، **له دوو شوێندا هاتووه، ئایەتی**﴿قَالَتَا لَا نَسۡقِي حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ﴾،(**قەصەص**:23)، **وئایەتی**﴿يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾،(**زەلزەلە**:6).



باسی تێكهه‌ڵكێشان

ئیدغام له‌ زمانی عه‌ڕه‌بیدا: به‌كاردێت بۆ تێكهه‌ڵكێش كردنی شتێك له‌ شتێكی تر .

ئیدغام له‌ زاراوه‌دا: واتا تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتێك له‌ پیتێكی تر به‌ شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت به‌ پیتێكی توندی شه‌ده‌دار ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌ ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به‌ دوو به‌ش: بچوك و گه‌وره‌.

مه‌به‌ست له‌ خوێندنی ئه‌م بابه‌ته‌، شاره‌زابوونه‌ له‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت و ئه‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، گه‌یشتنه‌ دوو پیت به‌یه‌ك و كۆبونه‌وه‌یان ده‌كرێت به‌ سێ به‌ش:

- ✓ **یه‌كه‌م:** پێك گه‌یشتنیان له‌ وشه‌و نوسیندا، به‌ شێوه‌یه‌ك پچڕان نه‌كه‌وێته‌ نێوانیان وه‌ك پێك گه‌یشتنی دوو پیتی(د) وه‌ك: ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.

- ✓ **دووه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌ نوسیندا، وه‌ك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾. لێره‌دا پچڕان له‌ نێوانیاندا ڕوویداو.

- ✓ **سێیه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌ گوتن و خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك: ﴿أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾. ﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایه‌كی گشتی گرنگ

هەر كاتێك دوو پیت بەیەكتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەكسانە یان جیاوازە[1].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیاوازبوو(دەرچەیان یەكسان نەبوو) ئەوكات بە لەیەكتر دوور ئەژماردەكرێن، تەنها پیتی(غ)و (خ) نەبێت كاتێك دەگەن بە پیتی(ق)و (ك).

❖ هەركاتێك پیتی(غ) وهەركاتێك پیتی(خ) بە یەك گەیشتن لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەكتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیتە لێك دوورەكان، چونكە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیایە بەڵام دەرچوونیان لەیەكتر نزیكە.

❖ پیتی(غ)و (خ) دەرچوونیان دەكەوێتە نزیكترین شوێنی قوڕگ، ئەو شوێنەی كە لە دوای ئەو زمان دەست پیٚ دەكات.

❖ هەروها پیتی(ق)و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە دوورترین شوێنی زمان كە لە دوای ئەو نزیكترین شوێنی قوڕگ دێت.

كەواتە: شوێنی دەرچوونی هەموو ئەو پیتانەی باس كران لەیەكتر نزیكن، لەبەر ئەم هۆكارانە دەركەوت كە پیتی(غ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن، وبەهەمان شێوە پیتی(خ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن.

---

[1] مەحمود خەلیل حوصەری، پەرتووكی ئەحكامی قورئانی پیرۆز، (مەككە ی پیرۆز، نوسینگەی مەككیە – دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بەدەست كارییەوە.

❖ ئهگهر پیتهكان لهیهك ئهندام بوون، لهو كاتهدا دهبن به دوو بهش:
یان شوێنی دهرچوونیان له یهكتر نزیكه.
یان شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر دووره.

ئهگهر شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونهدات له نێوان ههردوو پیتهكه له یهكتر نزیكن، ئهم دوو پیته به له یهكتر نزیك سهیر دهكرێن.

لهم قسانهی ڕابردوو وا دهردهكهوێت ئهگهر دوو پیت شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر جیابوو، به شێوهیهك ههر یهكێكیان له شوێنێك دهردهچوو، (پچڕان و دابڕان له نێوانیاندا ههبوو) به دوو پیتی له یهكتر دوور سهیردهكرێن.

بۆمان ڕوون بویهوه كه نێوان پیتهكانی قوڕگ (حروف الحلق) كه ژمارهیان شهش پیته لهگهڵ ههژده پیتهكهی زمان، دوریهك ههیه (شهش پیتهكانی قوڕگ دوورن له ههژده پیتهكانی زمان) چونكه پیتهكانی قوڕگ له شوێنێك دهردهچێت و پیتهكانی زمانیش له شوێنێكی تر.

تهنها پیتهكانی(غ) لهگهڵ(ق)و (ك) وپیتی(خ) لهگهڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) نهبێت، ئهوانه جیادهكرێنهوه لهم حوكمهی كه لهسهر پیتهكانی قوڕگ و پیتهكانی زمان دا ههبوو ههروهك له ڕابردو باسكرا.

❖ له نێوان پیتهكانی قوڕگ و پیتهكانی لێو دورییهك ههیه، چونكه ههر یهك لهوان شوێنی دهرچوونیان له یهكتر جیاوازه، وله كاتی دهربڕیندا جیاكاریهك دهكهوێته نێوانهكانیان.

❖ له نێوان پیتهكانی زمان و پیتهكانی لێو دووری ههیه، چونكه شوێنی دهرچوونیان له یهكتر جیایه، تهنها پیتی(م) لهگهڵ(ن) نهبێت لێكچوونێكیان ههیه له نزیك بونهوه.

پیتی(ن) لهگهڵ(و) نزیكبوونهوهیهكیان ههیه له یهكتر له شێوهی دهربڕیندا.
پیتی(ی)ی لیین لهگهڵ(و) نزیك بونهوهیهك ههیه له نێوانیاندا له دهربڕیندا.

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی قوڕگ پیتێك له‌گه‌ڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركه‌وتنه‌وه‌ هه‌یه‌.

❖ ئه‌م دوو پیته‌ی كه‌ شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته‌ سه‌ره‌وه‌ی به‌شی قوڕگ كه‌ ئه‌وانیش هه‌مزه‌و پیتی(هـ) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته‌ ناوه‌ڕاستی قوڕگ ئه‌وانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه‌ له‌ نێوانیاندا، ئه‌م دوو پیته‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه‌ ده‌رچوونیان ده‌كه‌ویته‌ خواره‌وه‌ی قوڕگ وه‌ك پیتی(غ)و (خ) دوریه‌ك هه‌یه‌.

❖ پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته‌ سه‌ره‌وه‌ی قوڕگ و پیتی نزیكترین شوێنی قوڕگ نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌.

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه‌.

❖ ئه‌م دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه‌ سه‌ره‌وه‌ی زمان(أقصى اللسان) كه‌ پیته‌كانی(ق)و (ك) له‌ نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی ته‌نیشت زمان وه‌ك پیتی(ض)و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، ئه‌و پیتانه‌ له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێواری زمان كه‌ بریتین له‌(ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) دوریه‌ك هه‌یه‌.

ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان(الذلقية) پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی زمان (النطعية) وپیته‌كانی سه‌ره‌تای پێشه‌وه‌ی زمان(الأسلية) وپیته‌كانی لێو(الشفوية)و (پیته‌كانی نزیك له‌ پودو).

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و پێشه‌وه‌ی زمان و لێواری زمان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌.

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان و لێواری نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، وله‌نێوان پیتی(ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو وه‌ك(و، ب، م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، وله‌ نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان هاوره‌گه‌زیه‌ك هه‌یه‌.

ڕوونكردنه‌وه

ڕوون و ئاشكرایه كه هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی(ء)و (ه) هه‌ردووكیان یه‌ك ڕه‌گه‌زن له به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌رچوونیان یه‌كه به‌ڵام ده‌ربڕینان له‌یه‌كتر جیایه.

پیته‌كانی(ع)و (ح) له‌ناوه‌ڕاستی گه‌رو ده‌رده‌چن، ئه‌م دوو پیته‌ش یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
پیتی(غ)و (خ) له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن ئه‌وانه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ی ئه‌و پیتانه‌ی باسكران یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

پیته‌كانی دوور هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ء)و (ه) به‌رامبه‌ر پیته‌كانی ناوه‌ڕاست واته(ع)و (ح) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌رامبه‌ر پیته‌كانی نزیكترینی گه‌رو(غ)و (خ) له‌یه‌كتر دوورن، چونكه پیته ناوه‌ڕاسته‌كان له‌یه‌كتریان جیاده‌كاته‌وه.
پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی گه‌رو(ع، ح) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی دوورترین و نزیكترین نزیكایه‌تیه‌كیان هه‌یه.

پیتی(غ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.

پیتی(خ) له‌گه‌ڵ(ق)و (ك) به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن، چونكه پیتی(غ)و (خ) هه‌ر چه‌نده له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن، به‌ڵام كاتێك نزیكییێكی به‌هێز هه‌یه له‌نێوان ئه‌وان و پیته‌كانی(ق)و (ك) كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دورترین شوێنی زمان، ئه‌مه وای كردووه كه ئه‌م پیتانه به نزیك له‌یه‌كتر بخوێندرێنه‌وه‌و سه‌یر بكرێن، هه‌رچه‌نده له‌یه‌كتر جیان هه‌روه‌ك له‌ڕابردوو باس كران.
پیته‌كانی(ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، به هۆی بوونی جیاكاریه‌ك له‌شوێنی ده‌رچوونیان، وه‌گوتراوه پیتی(ق)و (ك)یه‌ك ڕه‌گه‌زن به هۆی شوێنی ده‌رچوونیان كه دورترینی زمانه.

پیتی(ق)و هاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی ناوەڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی سەرە زمان وەك(ض)و (ل) لەیەكتر نزیكن، وەلەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەكی زمان دەردەبردرێن لەیەكتر دوورن.

پیتەكانی(ج)و (ش)و (ی) كە درێژناكرێنەوە(مەدیان تێدا نیە) لەناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەكانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هەموویان لەیەكتر نزیكن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەكان بە دوور ئەژمار دەكرێن.

پیتی(ض) لەیەك لەدوو لێواری زمان (لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لەددانەكان خرێنە(اضراس) دەردەچێت لەناوەڕاستی لاییێكی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت، ئەوە لەگەڵ پیتی(ق) یان(ك) یان هەر پیتێكی تری دەرچوو لەناوەڕاستی زمان یان پێشەوەی زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لەیەكتر ئەژمار دەكرێن.

پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا كۆتایەكەی.

پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێكی تر لەو پیتانەی كە لەناوەڕاستی زمان یان لاییێكی زمان، یان پیتی(ض) ئەمانە هەمووی بە نزیك ئەژمار دەكرێن لەگەڵ پیتی(ل).

پیتی(ل) لەگەڵ پیتەكانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەكرێن.
پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەكرێت لەسیفەت.

پیتی(ن) لە بەشێكی پێشەوەی زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) كەمێك دەكەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل) .
پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن.

پیتی(ن) لەگەڵ ئەو پیتانەی کە شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی کە لەلێواری زمان دەردەچن، بە نزیك ئەژمار دەکرێت.

پیتی(ر) لەپێشەوەی زمان(طرف اللسان) دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ر) نزیکە لەشوێنی دەرچوونی پیتی(ن) لەکاتی دەربڕینی پیتی(ر) شێوەی دەربڕینەکە زیاتر بەرەو لای سەرووی زمان دەچێت.

پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) لەیەکتر دوورن، بەڵام بەرامبەر بە پیتەکانی دەرچوو لەناوەڕاستی زمان وهەروها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیتەکانی تری دەرچوو لە پێشەوەی زمان(طرف اللسان) بە نزیك ئەژماردەکرێت.

هەر یەك لەپیتەکانی(ط)و (د)و (ت) دەرچوونیان دەکەوێتە پێشەوەی زمان(طرف اللسان) بە شێویەك شوێنی دەرچوونەکەیان زیاتر بۆ بەشی لای سەرەوەی ددانەکان نزیك دەبێتەوە، هەر یەك لەم سێ پیتە(ط)و (د)و (ت) لەگەڵ یەکتر بە یەك ڕەگەز سەیر دەکرێن.

پیتەکانی(ط، د، ت) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەکتر دوورن.

پیتی(ط، د، ت) لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و ئەم پیتانەی بە پێشەوەی زمان دەردەبڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیتەکانی دەرچووی پێشەوەی زمان بە نزیك لەیەکتر ئەژمار دەکرێن.

پیتەکانی(ص، ز، س) دەرچوونیان دەکەوێتە پێشەوەی زمان(طرف اللسان)و سەروی ددانەکانی خواروو.

هەر یەك لەپیتی(ص، ز، س)و لەگەڵ یەکتردا یەك ڕەگەزن.

ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) دورن لەپیتەکانی(ق)و (ك).

ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) نزیکیان هەیە لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئەو پیتانەی تری دەکەوێتە پێشەوەی بەشێکی زمان.

پیتهكانی(ظ، ذ، ث) دهرچوونیان به پێشهوهی زمانه (طرف اللسان) كه دهكهوێته لای ددانهكانی سهروو.
ئهم سێ پیته(ظ، ذ، ث) لهگهڵ یهكتر یهك ڕهگهزن.
ههر یهك لهم پیتانه(ظ، ذ، ث) لهگهڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن.
ئهم سێ پیته(ظ، ذ، ث) لهگهڵ پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) نزیكی ههیه.

پیتی(ف) لهنێوان بهشی ناوهوهی لێوی خوارهوهو بڕبڕهكانی سهرهوه دهردهچێت، پیتی(ف) لهگهڵ ههر پیتێك لهپیتهكانی گهرو یان ههر پیتێك لهپیتهكانی زمان به ڕهها لهیهكتر دوورن، جگه لهپیتی(ن) نهبێت لێك نزیكن لهگهڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لهگهڵ(و، ب، م) لهیهكتر نزیكن.

پیتی(و، ب، م) به لێوهكان دهردهبردرێت، ههر یهك لهم سێ پیتانه لهگهڵ یهكتر یهك ڕهگهزن.
ئهم سێ پیته(و، ب، م) بهرامبهر به پیتهكانی گهرو(حلق)و پیتهكانی زمان لهیهكتر دوورن.
پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) به نزیك لهیهكتر سهیر دهكرێن.
پیتی(م) لهگهڵ (ن)یهك ڕهگهزن لهسیفهتدا.
پیتی(و) لهگهڵ(ن) بهههمان شێوه لهیهكتر نزیكن لهسیفهتدا.
پیتی(و)و (ی)ی لینن یهك ڕهگهزن و لهیهك چوونیان ههیه لهدهربریندا.

زانایان دهفهرموون:

ئهوانهی لهڕابردوو باسكران بۆ ئهو پیتانه بوون كه شوێنی دهرچوونیان دیار بوو، وشێوهی دهربڕینان زاندراوبوو، بهڵام ئهو پیتانهی كه شوێنی دهرچوونیان به تهخمین دیاری كراوه، بریتین لهسێ پیتی مهد (درێژكردنهوه) ئهم سێ پیته مهده شێوهی گهیشتنیان به پیتهكان نادیارهو باس ناكرێت ئهگهر پیتی مهد گهیشتن به پیتێك لهپیتهكانی زمانی عهرهبی نزیك بوونهوهیان بۆ نیهو یهك رهگهزنین لهگهڵ یهكتر، لێك دوركهوتنهوهشیان بهیهكهوه نیه، چونكه پیتهكانی مهد شوێنی دهربڕین و دهرچونیان نیه وهك پیتهكانی تر، بهڵكو ئهم پیته مهددانه تهنها به ههوای دهم و گهرو دروست دهبێت.

بهڵێ پیته مهدهكان باس دهكرێن لهگهڵ ههندێك لهپیته عهرهبیهكان كه رهگهزایهتیێك و هاوشێوهییێك ههیه لهسیفهتدا، بهڵام نهك لهشوێنی دهرچوون.

ئهو پیتانهی هاوشێوهییان ههیه لهگهڵ پیته مهدهكان، وهك پیتی(و)ی جوڵهدار لهگهڵ ئهلیف ههروهك لهوشهی(والٍ).

پیتی(و) لهگهڵ ئهلیف یهك رهگهزن لهسیفهتدا بههۆی یهكبونیان له گشت ڕویهكهوه.

پیتی(ی)ی جوڵهدار لهگهڵ ئهلیف وهكو پیتی(و) وایه، وهك(الصِّيَامُ)، كهواتا ههردو پیتی(ی)و ئهلیف یهك رهگهزن لهسیفهت بههۆی گشت دهربڕینێكهوه.

پیتی(و)ی جوڵهدار لهگهڵ(و)ی زهنهدار وهك(وُورِيَ) به هاوشێوه دادهندرێن، ههردوو پیتی(و) لهیهك رهگهزدان چوونكه هاوسیفهتی یهكترن.

پیتی(ی)ی جوڵهدار لهگهڵ پیتی(و)ی زهنهدار یهك رهگهزن لهسیفهتدا بههۆی گشت دهربڕینێكهوه وهك(يوقنون).

تێبینی:

پیته‌كانی(ت)و (ك) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(ح)و (ث)و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا،(حثه).

پیته‌كانی(ج)و (د) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(م)و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(و)و (ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

ئه‌و پێنج پیته یه‌كسانن له هه‌مو سیفه‌تێكدا، وپیته نه‌رمه‌كان(لیین) وه‌ك(و)و (ی) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.

سه‌یری پاشكۆی ژماره(1) بكه له كۆتایی به‌شی ئوصول



پەیوەندی نێوان پیتەكان

پیتە هاووێنەكان (متماثلين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو رێنووسیان یەكسانە، وەك: (ن) لەگەڵ (ن).

پیتە لێك نزیكەكان (متقاربين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەكتر نزیكە، وەك: (ن) لەگەڵ (ل)یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیكەو سیفەتیان جیاوازە، وەك: (ج) لەگەڵ (ض)یان تەنها سیفەتیان لەیەكتر نزیكەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك: (غ) لەگەڵ (ظ).

پیتە یەك رەگەزەكان (متجانسين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەكسانەو سیفەتیان لەیەكتر جیاوازە، وەك: (ذ) لەگەڵ (ظ)یان شوێنی دەرچوونیان لە یەكتر جیاوازەو سیفەتیان یەكسانە، وەك: (ت) لەگەڵ (ك).

چۆنیەتی دۆزینەوەی
پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەکتر

هەرکاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەکتر بزانین، پێویستە سەرەتا سەیری شوێنی دەرچوون و سیفەتیان بکەین، ئەگەر هاتوو هاووێنە بوون(متماثل) **وەك پیتەکانی**(ق) **لەگەڵ**(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، **بڕیار لەسەر ئەو جۆرە پیتانە دەدەین بە هاووێنە بوون، بەڵام ئەگەر هاووێنەی یەکتر نەبوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەتیاندا، لەو کاتەدا سەیری شوێنی دەرچوونی پیتەکان دەکەین لە ڕووی هاوشێوەییان، ئەگەر هەردوو پیتەکە هاوشێوە بوون لە شوێنی دەرچوونیان، ئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەم دوو پیتە کە یەك ڕەگەزن لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتەکانی**(ع) **لەگەڵ**(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا).

ئەگەر شوێنی دەرچوونی پیتەکان یەکسان نەبوون، سەیری سیفەتیان دەکرێت، ئەگەر هاوشێوەی یەکتر بوون، بە شێوەیەك کە نە لەیەکتر کەمتربوون نە لەیەکتر زیاتر بوون لە سیفەتیان، بڕیاری یەك ڕگەز بوونیان لەسەر دەدرێت لە سیفەت دا.

هەر وەك پیتەکانی(ح، ث، ه) **کۆدبێتەوە لە وشەی**(حثه) **ئەم پیتانە بە هاوشێوەی یەکتر ناودەبردرێن و نمونەکانیان بەم شێوەیە**(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۖ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

پیتی(م)**و** (ن) **یەك ڕگەزن**(يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ).

پیتی(ت)**و** (ك) **یەك ڕگەزن**(وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ).

پیتی(ج)**و** (د) **یەك ڕگەزن**(وَلَقَدۡ جَآءَكَ).

پیتی(و)**و** (ى)**ی لیین یەك ڕگەزن**(أَوۡ يَعۡفُوَاْ).

لە نێوان پیتی نەرم(لین) لە لایەك لەگەڵ پیتە درێژكراوەكان(حروف المد) لە لایەكی تر هاوشێوەیی هەیە(وَالٍ).

جگە لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەزی نیە نە لە شوێنی دەرچوون و نە لە سیفەت دا، لە ڕابردوش باسمان كرد، ئەگەر یەكسان نەبوون لە سیفەتدا ئەوا سەیری لە یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت لە ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان، ئەگەر یەكسانی هەبوو لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان هەر وەك لە نێوان پیتەكانی(ل)و (ر)،(قُل رَّبِّ).

نێوان پیتەكانی(ذ)و (ز)(وَإِذۡ زَيَّنَ).

نێوان پیتەكانی(ق)و (ك)(نَخۡلُقكُّم).

بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باسكران، بە نزێك بوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، وئەگەر بەم شێوەیە نەبوون لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتی(د)و (ص)،(ولقد صدقكم).

ئەگەر لە یەكتر نزیك نەبوون لە ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت، وئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان سیفەتیان، –بە شێوەیەك جیاوازیان تەنها لە یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت– بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی سیفەت، هەروەك پیتی(و)و (ن)،(أو نصارى).

وهەروها لە نێوان پیتی(س)و (ح)،(للناس حسابهم)، وەهەمزەو پیتی(د)(أدنى)، پەیوەندی نزیكایەتی لە نێوان پیتەكاندا زۆرە.

هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر لە هەر خوێندنەوەو ڕیوایەتێك بێت و هاوڕەسمی یان یەك رەگەزی لە نێوانیان نەبێت، بە لە یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن،

بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس کران لە نێوان پیتەکاندا نەبێت، ئەوە بە لە یەکتر دوورو جیاواز ئەژمار دەکرێن.

کەواتە: ریزبەندی پەیوەندی نێوان پیتەکان ریزبەندیەکی دابەزینە، واتا کامەی لەپێشترە ئەو باس دەکرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە[1]:

1. هاووێنە لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.
2. یەك ڕەگەز لە شوێنی دەرچوون.
3. یەك ڕەگەز لە سیفەت.
4. لەیەکتر نزیك لە شوێنی دەرچوون وسیفەت.
5. نزیکی لە شوێنی دەرچوون.
6. نزیکی لە سیفەت.
7. لەیەکتر دوور.

---

(1) زانای خەلیجی پیتەکانی زمانی عەرەبی دابەش گردووە بۆ سەر پێنج بەشی سەرەکی سەبارەت بە تێکهەڵکێش کردن و تێکهەڵنەکێشکردن: **یەکەم:** نە تێکهەڵکێش دەکرێت و نە تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت، ئەوانەش سێ پیتن(ء، ا، خ). **دووەم:** تێکهەڵکێش ناکرێت، بەڵام تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت، ئەوانەش چوار پیتن(ط، ظ، ص، ن). ناگوترێت پیتی(ط) تێکهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ پیتی(ت) لە(أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێکهەڵکێشێکی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، چونکە مەبەست بە تێکهەڵکێشێکی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك(الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لەلای سوسی، **سێیەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها بەهاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە(ع، غ، ف، ه، و، ی)، **چوارەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها لەڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش پێنج پیتە(ج، د، ذ، س، ض)، **پێنجەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش یازدە پیتە(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن)، **بڕوانە:** موحەممەدی خەلیجی، لە پەرتووکی(حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێکۆڵینەوەی عومەری کوڕی عەبدولقادر،(ریاض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپەڕە23.(بەدەست کارییەوە) خەلیجی هونراوەیەکی هەیە لەم بەشەوە، باسمان نەکردووە لەبەر درێژبوونەوە.

تێکهەڵکێشانی بچوك

تێکهەڵکێشانی بچوك: بریتیە لە تێکهەڵکێشانی پیتێکی زەنەدار بە پیتێکی جووڵەدار، بە شێوەیەك بە هۆی ئەو تێکهەڵێشانە هەردوو پیت دەکرێن بە یەك پیتی شەدەدار لە یەك ڕەگەز لەگەڵ پیتی دووەم.

هۆی ناونانی بە بچوك

ناوی نراوە بە تێکهەڵکێشانی بچوك، چونکە لە کاتیً تێکهەڵکێشاندا تەنها پێویستی بەیەك هەنگاوی بچوکە، ئەویش بریتیە لە تێکهەڵکێشانی پیتی یەکەم بە پیتی دووەم، ئەمەش دەبێت بە دوو بەش:

- ✓ **بەشی یەکەم: هاووێنەی بچوك**

بریتیە لە یەکسانی شوێنی دەرچوون و شێوەی دوو پیت، ئەوەش لە یەك وشە یان دوو وشە ڕودەدات، ئەم بابەتەش یەکسانە لەگەڵ پێشەوا حەفص.

- ✓ **بەشی دووەم: لەیەکتر نزیك و یەك ڕەگەزی بچوك**

لەم بابەتە پێشەوا خەلەف هەندێ شتی زیاترە لە پێشەوا حەفص لەم شوێنانەی خوارەوە:

1. خەلەف تێكهەڵكێشانی پیتی(ن) بە پیتی(و) دەكات لە ئایەتی﴿يسٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾[1] وئایەتی﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ قسەمان لەسەر ئەم بابەتە كرد لە ڕابردودا لە بابەتی ئەحكامی نونی ساكینەو تەنوین.

2. خەلەف پیتەكانی(د)و (ص) تێكهەڵكێش دەكات بە پیتی(ذ) لە سەرەتای سوڕەتی مەریەم﴿كٓهيعٓصٓ ۝ ذِكۡرُ﴾[2].

3. خەلەف پیتی(د) تێكهەڵكێش دەكات بە پیتی(ث) لە ئایەتی﴿وَمَن يُرِدۡ ثَوَابَ﴾،(عیمڕان:145).

4. خەلەف پیتی(د) تێكهەڵكێش دەكات لە وشەی(قد) لە هەر هەشت پیتەكاندا، كە بریتین لە(س، ص، ز، ذ، ظ، ج، ش، ض)، ئەم هەشت پیتە كۆدەبێتەوە لە سەرەتای هونراوەی شاطبی:

وَقَدْ سَحَبَتْ ذَيْلاً ضَفَا ظَلَّ زَرْنَبٌ		جَلَتْهُ صَبَاهُ شَائِقاً وَمُعَلِّلَا

بەم شێوەیە﴿لَّقَدۡ سَمِعَ، لَقَدۡ صَدَقَ ٱللَّهُ، وَلَقَدۡ زَيَّنَّا، وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا، فَقَدۡ ظَلَمَ، قَدۡ جَآءَكُمۡ، قَدۡ شَغَفَهَا، قَدۡ ضَلُّواْ﴾.

5. خەلەف تێكهەڵكێشان دەكات لە پیتی(ت)ی بەكارهاتوو بۆ مێینە لە شەش پیت كە بریتین لە(س، ص، ز، ث، ظ، ج)، ئەم شەش پیتە كۆدەبێتەوە لە سەرەتای هونراوەی شاطبی:

---

(1) پێشەوا خەلەف لەم شوێنە ئیمالەی پیتی(ی) دەكات.

(2) پێشەوا خەلەف ئەم شوێنە بە ئیمالەی پیتی(ی) دەخوێنێتەوە.

وَأَبْدَتْ سِنَا ثَغْرٍ صَفَتْ زُرْقُ ظَلِمِهِ جَمَعْنَ وُرُودًا بَارِدًا عَطِرَ الطِّلَا

ئه‌وه‌ش وه‌ك﴿وَجَآءَت سَّيَّارَةٌ، حَصِرَت صُّدُورُهُمۡ، خَبَت زِّدۡنَٰهُمۡ، كَذَّبَت ثَّمُودُ، كَانَت ظَّالِمَةً، نَضِجَت جُّلُودُهُم﴾.

6. خه‌له‌ف تێكهه‌لكێشان ده‌كات له‌ پیتی(ذ) له‌ وشه‌ی(إذ) له‌ پێنج پیتدا به‌م شێوه‌یه‌(ت، د، ز، س، ص) ئه‌م پێنج پیته‌ كۆبویته‌وه‌ له‌ سه‌ره‌تای هونراوه‌ی شاطبی:

نَعَمْ إِذْ تَمَشَّتْ زَيْنَبٌ صَالَ دَلُّهَا　　　سَمِيَّ جَمَالٍ وَاصِلًا مَنْ تَوَصَّلَا

ئه‌وه‌ش وه‌ك﴿إِذ تَّبَرَّأَ، إِذ دَّخَلُواْ، وَإِذ زَّيَّنَ، إِذ سَّمِعۡتُمُوهُ، وَإِذ صَّرَفۡنَآ﴾.

7. خه‌له‌ف تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ذ) به‌ پیتی(ت) ده‌كات له‌ هه‌ردوو فیعلی(ٱتَّخَذۡتُ)، (أَخَذۡتُ) له‌ هه‌ر شوێنێك هات، وه‌ك(لَئِنِ ٱتَّخَذتَّ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا).

8. خه‌له‌ف تێكهه‌لكێشان ده‌كات له‌ پیتی(ذ) به‌ پیتی(ت) له‌(عُذتُّ، فَنَبَذتُّهَا) له‌ هه‌ر شوێنێك هاتبێت.

9. خه‌له‌ف پیتی(ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به‌ پیتی(م) له‌(وَيُعَذِّب مَّن) (به‌قه‌ره‌: 284)[1].

10. خه‌له‌ف پیتی(ب) ئاشكرا ده‌كات له‌﴿ٱرۡكَب مَّعَنَا﴾(هود:42) به‌م شێوه‌یه‌(ٱرۡكَبۡ مَعَنَا) قه‌لقه‌له‌ش ئه‌نجام ده‌درێت.

---

[1] له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه‌ پێشه‌وا خه‌له‌ف به‌ جه‌زمی پیتی(ب) ده‌خوێنێته‌وه‌.

تێبینی1:

پێشه‌وا خه‌له‌ف تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ل) به پیتی(ر) ده‌كات له﴿كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ﴾**(موطه‌فیفین:**14) **به‌م شێوه‌یه**(كَلَّاۖ بَل رَّانَ)، **وه‌هه‌روه‌ها پیتی(ن) به پیتی(ر) ده‌كات له**﴿وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ﴾**(قیامه:**27) **به‌م شێوه‌یه**(وَقِيلَ مَن رَّاقٍ)، **به‌هۆی هاتنه دی مه‌رجه‌كانی تێكهه‌ڵكێشان له هه‌ردووكیان، وسه‌كته پێویسته‌كانی لابردووه ئه‌وه‌ی واجبه لای پێشه‌وا حه‌فص.**

تێبینی2:

پێشه‌وا خه‌له‌ف تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(د) به پیتی(ت) ده‌كات له وشه‌ی(وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ) **له ئایه‌تی**﴿وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنَ﴾(طه:80) **به‌م شێوه‌یه**(وَوَٰعَدتُّكُمۡ)[1].

[1] پێشه‌وا خه‌له‌ف ئه‌م وشه‌یه به پیتی(ت)ی ضه‌ممه‌دار ده‌خوێنێته‌وه له‌بری پیتی(ن) له‌گه‌ڵ لابردنی ئه‌لیف.

حوكمی
بەیەك گەیشتنی دوو زەنەدار

ئەگەر دوو پیتی زەنەدار بەیەك گەیشتن لە دوو وشەدا ئەوە پێشەوا خەلەف زەنەی وشەی یەكەم دەگۆڕێت بە ضەممە ئەگەر وشەی دووەم دەست پێكردنی بە هەمزەی لكاوی ضەممەدار بوو.

هۆكارەكەشی ئەوەیە گواستنەوە لە كەسرەوە بۆ ضەم پەسند نیە، دواتر جولەداركردنی زەنەی یەكەم بە ضەممە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جولەی هەمزەی لكاو لەكاتی دەستپێكردن بە وشەی دووەم ضەممەیە، وەك﴿وَلَقَدُ ٱسۡتُهۡزِئَ﴾،﴿خَبِيثَةِ ٱجۡتُثَّتۡ﴾،﴿أَنُ ٱقۡتُلُوٓاْ﴾،﴿بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ﴾،﴿أَوُ ٱنقُصۡ﴾.

خوێنەر ئاگاداردەكرێتەوە لە ضەممەداردا ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزەی لكاو دەستی پێكردبوو، بەلأم ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزە دەستی پیٚ كردبو بەلأم بە كەسرە خوێندراوە ئەوە زەنەداری یەكەم دەكرێت بە كەسرە وەك(بِغُلَٰمٍ ٱسۡمُهُۥ، قُلِ ٱلرُّوحُ، أَنِ ٱمۡشُواْ).

باسی
حەوت ئەلیفەکان

پێشەوا خەلەف پێچەوانەی حەفصی کردووە لە بابەتی حەوت ئەلیفەکان لە:

1. **وشەی**(قَوَارِيرَاْ) **شوێنی یەکەم لە ئایەتی**﴿وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا﴾(**ئینسان**:15)، **پێشەوا خەلەف لە باری نەوەستاندا بە تەنوین دەخوێنێتەوە، ولەباری وەستاندا بەگۆڕینی بە ئەلیف دەخوێنێتەوە.**

2. **وشەی**(ثَمُودَاْ) **پێشەوا خەلەف بە تەنوینی پیتی(د) دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(ثَمُودًا) **ولە چوار شوێندا بە ئەلیف لەسەری دەوستێت بەم شێوەی خوارەوە:**

أ- ﴿أَلَا إِنَّ ثَمُودَا كَفَرُواْ رَبَّهُمْۗ﴾(**هود**:68).

ب- ﴿وَعَادَا وَثَمُودَا وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ﴾(**فورقان**:38).

ت- ﴿وَعَادَا وَثَمُودَا وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم﴾(**عەنکەبوت**:38).

ث- ﴿وَثَمُودَا فَمَا أَبۡقَىٰ﴾(**نەجم**:51).

بابەتی فەتح و ئیمالە

بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی عەڕەب، لارکردنەوەیان هەیە لە خوێندنەوەدا، وەك بەشێکی زۆر لە خەڵکی نەجد، وەك هۆزەکانی(بەنی تەمیم، بەنی ئەسەد، قەیس و ئەوانی تر)، هەندێك لە هۆزەکانی عەڕەب ئاخاوتنیان بە فەتحەدارکردنی وشەیە، وەك خەڵکی حیجاز لە قورەیشیەکان و هەوازن و ثەقیف و کینانە.

- **فەتح (کردنەوە) :** مەبەست لە وشەی کردنەوە(فەتح) ئەوەیە کە خوێنەر دەمی خۆی بکاتەوە لەکاتی دەربڕینی پیتەکە.

- **لارکردنەوە(الامالە) لە زمانی عەڕەبی:** واتە لادان لە شتێك و ڕووکردنە شتێکی تر.

- **لارکردنەوە لای زانایان:** بریتیە لە لادان لە فەتحەوە بەرەو کەسرە، ولە ئەلیفەوە بۆ پیتی (ی)، ئەوەش دەکرێت بە دوو بەش[1]:.

---

[1] هۆکاری ئیمالە هەشتن:

1/ بوونی کەسرە لە پێش وشە یان لە دوای وشە، وەك هەر یەك لە وشەکانی(الناس، النار، الربا، کلاهما، مشکاة).

2/ کەسرەیەکی پەیداکراو لە هەندێك کاتدا وەك(طاب، جاء، شاء، زاد) چونکە لەم وشانەدا پیتی(ف)ی فیعل کەسرەدار دەکرێت لە کاتی لکاندن بە راناوی رەفعەدار(مەرفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) لە وشەدا، وەك(لا ضير) سوك خوێندنەوە لەم وشەدا بە ئیمالە دادەندریت(لارکردنەوە).

4/ قەلب کردن، وەك(رمی).

5/ یان لێکچوون بە وەرگەڕان، وەك: ئەو پیتە ئەلیفەی بۆ مێ بە کاردێت.

6/ یان پێچونێك بە پێچواندنی گۆرینی پیتی(ی) بێت، وەك(موسی، عیسی).

7/ یان ئەوەی دەبێتە نزیك لە ئیمالە(لارکردنەوە) ناودەبردرێت(ئیمالە) لە پێناو(ئیمالە)،(لارکردنەوە) وەك وشەی(تراءی) مەبەست پێی پیتی ئەلیفی یەکەمە، وبەهەمان شێوە پیتی(ن) لە وشەکانی(نأی، وراء، رأی).

8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی(ی) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك(ضحی).

- **لارکردنەوەی گەورە(إمالە کبرى): بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان ئەلیف و پیتی(ی)دا بە تەواوی، نەگواستنەوەو نەمانەوەی تەواوە، وپێشی دەگوترێت ئیضجاع(الاضجاع)، هەر ئەمەش مەبەستە لەکاتی ناوهێنانی بە ڕەهایی.**

- **لارکردنەوەی بچووك(إمالە صغرى): بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان کردنەوەی سروشتی و ئیمالەی تەواو، واتە لارکردنەوە لە فەتحە بەرەو کەسرەی تەواو، لەگەڵ مانەوەی دەم لەباری ئاسایی خۆی، واتە نەفەتحەیەکی تەواو نەکەسرەیەکی تەواو، وپێشی دەگوترێت کەم بوون(التقلیل)، یان خوێندنەوە لە نێوان، واتە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە.**

زمان بەرزدەبێتەوە بە کردنەوەی دەم، لار دەبێت بە(ئیمالە)[1] وهەروها خوێندنەوە بە لارکردنەوە ئاسانترە لەسەر زمان لە بەرزکردنەوە، هەر بۆیە لارکردنەوە دەکەن، ئەوەی کردنەوە دەکات بۆچوونی وایە کە کردنەوە پەسندەو ئەو ڕەسەنە.


ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبنولجەزەری(ڕەزای خودای لێبێت) باسی دەکات لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی نەشر(النشر) پالپشتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوللەی کوڕی مەسعود(ڕەزای خودای لێبێت) کاتێك پیاوێك سوڕەتی(طه)ی لەلا دەخوێندو کەسرەداری نەکرد(واتە: لارکردنەوەی نەکرد) بۆ پیتە پچراوەکانی سەرەتای سوڕەتەکە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لێبێت) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتە: لارکردنەوەی ئەنجام دا سێ جار، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمەی فێرکردووە.

ئەوانەی باس کران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت کەسرەو (ی). سەیرکە: عەلی کوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة فى بيان أصول القراءة،**(قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ کەلتور، ساڵی**1420**ی کۆچی، لاپەڕە**29.

[1]**لە کاتی ئیمالە کردن بە ئەلیفی(**طغى**) زمان بەرز دەبێتەوە، بەلام کەمێك لاردەبێت کە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاکانی.**

[2]**فەرموودەیەکی غەریبە.**

زانایانی زمانهوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان ههیه لهسهر كردنهوه(فتح)و لاركردنهوه(امالە)، ئایه كامهیان ڕهسهنه؟ بۆچوونی بههێز ئهوهیه كه كردنهوه(فتح) ڕاستره له ئیماله، چونكه ئیماله پێویستی به هۆكارێكه به پێچهوانهی كردنهوه پێویستی به هۆكار نیه، (ئیمالە)لاركردنهوه لقێكه له كردنهوه، ئیبنو لقاصح له شهرحهكهی لهسهر كتێبی(حرز الامانی) دهفهرموێت: ئهوهی لاركردنهوهی بۆ دهكرێت، كردنهوهشی بۆ دهكرێت، بهڵام ئهوهی كردنهوهی بۆ دهكرێت مهرج نیه لاركردنهوهی بۆ بكرێت.



مهبهست لهلاركردنهوه یان كهم كردنهوه: ڕاگهیاندنه تا بزاندرێت بنچینهی ئهلیف پیتی یائه، یان ئاگاداركردنهوهیه لهسهر وهرگهڕانی بۆ پیتی(ی) له شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوهیه لهگهڵ ئهو كهسرهی كه نزیكیهتی.

مه‌زهه‌بی
خه‌له‌ف له‌سه‌ر ئیماله

خه‌له‌ف ئیماله‌ی هه‌مو ئه‌لیفێكی بنچینه‌و كۆتایی و گواستراوه‌ له‌ پیتی(ی) یان له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) ده‌كات، ئه‌وه‌ش ڕونادات ته‌نها له‌ ناو(الاسم)و فیعل(الفعل)دا نه‌بێت.

كه‌ گوتمان ئه‌لیفی بنچینه‌یی، ئه‌لیفی زیاده‌ ده‌رده‌چێت وه‌ك(قائم) وكه‌ ده‌ڵێین ئه‌لیفی كۆتایی، ئه‌لیفی ناوه‌ڕاست ده‌رده‌چێت وه‌ك(نمارق) كه‌ ده‌لێین ئه‌لیفی گۆڕدراو له‌ بری پیتی(ی)و هاوشێوه‌ی، ئه‌وه‌ ئه‌لیفی گۆڕدراو له‌ بری پیتی(و) ده‌رده‌چێت، وه‌ك(نجا)، یان ئه‌لیفی گۆڕدراو به‌ ته‌نوین به‌ هه‌مان شێوه‌ ده‌رده‌چێت وه‌ك(عوجاً) وئه‌لیفی به‌كارهاتوو بۆ دووان ده‌رده‌چێت، وه‌ك(یخافا).

ناسینه‌وه‌ی ئه‌لیف له‌ ئیسمدا

لێره‌دا پرسیارێك دروست ده‌بێت، ئایه‌ ئێمه‌ چۆن بزانین ئه‌و ئه‌لیفه‌ له‌ بنچینه‌دا پیتی یائه‌ له‌ ئیسمه‌كه‌دا؟ وڵامه‌كه‌ش ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و ئیسمه‌ی پیتی(ی)ی گۆردراوه‌ به‌ ئه‌لیف ده‌بێت ئیسمێكی به‌كار هاتوو بێت بۆ دووان، بۆ نمونه‌ وشه‌ی(الهدی)، ده‌بێته‌(الهدیان)، لێره‌دا ئه‌لیف گۆڕدراوه‌ به‌(ی) له‌ كاتی ته‌سنیه‌و بۆته‌ گواستراوه‌ له‌بری پیتی(ی).

ناسینەوەی ئەلیف لە فیعلدا

دەربارەی فیعل ئایە ئێمە چۆن بزانین لە بنچینەدا ئەو ئەلیفە پیتی یائە لەم فیعلە؟ گونجاوترین فیعل لای من وشەی(أنا) -كە ڕاناوی ئاخاوتنە- بۆ نمونە لە فیعلی(اشترى) دەلێم (اشتريتُ)، كەواتا ئەلیف لە فیعلی(اشترى) گۆڕدراوە لە كاتی پاڵنانی بۆ لای ڕاناوی ئاخاوتن بۆ پیتی(ى).

تێبینی:

گشت قورائەكان لە سێزدە وشەدا لە قورئانی پیرۆز ئیمالەو كەمكردنەوە ناكەن، ئەوانیش ئەو شوێنانەن كە بنچینەی ئەلیف تێیدا پیتی واوە، پێشەوا موتەولی كۆیكردۆتەوە لەم وتەی خۆی:

عصــا شفــا إن الصفا أبا أحد		سنا ما زكى منكم خلا وعلا ورد

عفا ونجا قل مع بدا ودنا دعا		جميعاً بواوٍ لا تمــالُ لــدى أحــد

مەبەست لە دێری یەكەم لە هونراوەكە لە وشەی(أبا) ئەوە لە وشەی(الأبوة) وەرگیراوە، وەك(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ) ئیمالەو كەمكردنەوەی تێدا نیە، بەلاٚم(أبى) لە(أبيتُ) هاتووە، ئیمالەی تێدا دروستە وەك(إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ).

دەربارەی ئەوەی لەسەر شێوەی پیتی(ى) نوسراوە وەك(بلى) ئەوە لای خەلەف ئیمالە دەكرێت.

مه‌زهه‌بی
خه‌له‌ف له‌ ئیماله‌ی گه‌وره‌

خه‌له‌ف ئیماله‌ی هه‌مو ئه‌لیفێكی گواستراوه‌ له‌بری پیتی(ی) یان ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) نوسراوه‌، له‌سه‌ر هه‌ر كێشێك(وزن) هاتبێت، وه‌ك وشه‌كانی(الهدى، استوى، الدنيا، بلى، أنى، متى، حسرتى، أسفى، ضِيزى، مَرضى، يَحيى، مُزْجاة، طُوبى، مَثوى، الموتى، أدنى، تزكّى).

تێبینی1:

ئه‌و ئه‌لیفانه‌ی گواسترابێته‌وه‌ له‌ پیتی(ی) له‌ ڕه‌سمی عوسمانی، به‌ ئه‌لیفی درێژ نوسراوه‌ به‌یه‌ك ده‌نگی زانایانی ڕه‌سمی موصحه‌ف، ئه‌وه‌ش پێچه‌وانه‌ی نوسینی ئه‌و ڕه‌نوسه‌ ناسراوه‌یه‌[1]**، هه‌موشیان دوانزه‌ وشه‌یه‌**[2].

1. (عصاني)(**ئیبراهیم**:36).
2. (الأقصا)(**ئیسراء**:1).
3. (ونـــا)(**ئیسراء**:83)و(**فوصیله‌ت**:51).
4. (كلتا)(**كه‌هف**:33).
5. (تولاه)(**حه‌ج**:4).
6. (تترا)(موئمینون:44).
7. (ترآءا)(**شوعه‌ڕا**:61).
8. (أقصا) **له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ یه‌كێكیان سوره‌تی قه‌صه‌ص ئایه‌تی**20، **دووه‌میان سوره‌تی یاسین ئایه‌تی**20.
9. (سیماهم)(**فه‌تح**:29).
10. (طغا)(**حاقه‌**:11).

---

[1] **بۆ زانینی گشت به‌شه‌كانی تر، سه‌یری پاشكۆی ژماره‌**3 **بكه‌ له‌ كۆتایی به‌شی ئوصول**.

[2] **وشه‌ی(العليا) ده‌رده‌چێت له‌ ئایه‌تی**(وكلمة الله هي العليا)،(**ته‌وبه‌**:40) **چونكه‌ مه‌رجه‌كه‌ی وایه‌ ده‌بێت پێچه‌وانه‌ی ڕه‌سمی ڕه‌نوس بێت**.

11.(رءا)، له چەند شوێنێكی جیا هاتووه[1]
12.(مرضات) له پێنج شوێندا هاتووه.

هەر دوانزه وشەی پێشوتر باسمانكرد ئیمالەیان تێدا دروسته لای پێشەوا خەلەف[2]، تەنها وشەكانی(عَصَانِي)له شوێنێك له سورەتی ئیبراهیم و وشەی(مَرْضَاتِ) فەتح دەكات نەك ئیماله.

ئاماژەمان بەم دوانزه وشەیه كرد تاوەكو قاریء ئاگاداربێت، چونكه پێچەوانەی ئەو رەسمەی ئێمه لەسەری راهاتوین، چونكه ئەو لەسەر شێوەی پیتی(ی) نوسراوه، دەربارەی وشەی(أحيا الناس) ئاماژەی پێنەدراوه كه لەبابەتی پێشوبێت، چونكه ئێمه لەسەر شێوەی رەسمی عوسمانیمان نوسیوه، لەسەر ئەوەش هاتوینەتەوه سەر یاسا بۆمان دەركەوتووه كه گواستراوتەوه له پیتی(ی)، بەلاٌم پێشەوا خەلەف ئیمالەی تێدا ناكات چونكه ئەمەیان جیایه هەر وەك دواتر باسی دەكەین.

تێبینی2:

لێرەدا یانزه سورەت هەیه خەلەف له كۆتایی وشەكاندا ئیماله دەكات به یەك دەنگ –هەرچەنده ئیمالەشی تێدانیه–[3] بەلاٌم ئەو ئیمالەی دەكات، جیاوازیشی نیه وشەكه واوی بێت یان یائی، بەلاٌم لەم بابەته چوار وشه جیاكراوتەوه خەلەف به كردنەوه(فەتح) دەخوێنێتەوه بەم شێوەیه(دَحَىٰهَآ، تَلَىٰهَا، طَحَىٰهَا، سَجَىٰ) دواتر باسیان دەكەین له بابەتی جیاكراوەكان، یازده سورەتەكەش ئەمانەن(طه، نەجم، مەعارج، قیامه، نازیعات، عەبەسه، ئەعلا، شەمس، لەیل، ضوحا، عەلەق).

[1]لەم بابەته سورەتی نەجم جیاكراوتەوه ئایەتەكانی(11)و (18) وەك(رمی) رەنوسی نوسراوه، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشه ئیماله دەكرێت بەپێی مەرجی خۆی هەروەك دواتر باسی دەكەین.
[2]وشەكان(ونـئـا، ترآءا، كلتا) له ئیمالەكردنیان درێژه هەیه دواتر باسی دەكەین ان شاء الله.
[3]وەك ئەوئەلیفانەی گۆڕدراون به تەنوین ئیمالەی تێدا نیه.

خهلهف لهباری وهستاندا ئیمالهی یهك وشهی واوی دهكات و ناكهوێته كۆتایی یازده سورهتهكه، ئهویش وشهی(ضحى)**یه له ئایهتی**﴿أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾،(**ئهعراف**:98).


خهلهف ههمو ئهلیفێكی یائی ئیماله دهكات ئهگهر بكهوێته دوای پیتی(ر) **وهك**(أُخۡرَىٰ، ٱلنَّصَٰرَىٰ، ٱشۡتَرَىٰ، تَرَىٰٓ، ٱلۡقُرَىٰ، مَجۡرَىٰهَا، سُكَٰرَىٰ، أَسۡرَىٰ).

خهلهف له باری وهستاندا ئیمالهی پیتی(ر)**و ههمزه دهكات له وشهی**(تَرَٰٓءَا)، **له ئایهتی**﴿فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ﴾(**شوعهرا**:61)، **بهڵام له باری نهوهستاندا تهنها ئیمالهی پیتی**(ر) **دهكات.**

خهلهف ئیمالهی پیتی(ر)**و ئهلیف دهكات له وشهی**(تَتۡرَاۖ)، **له ئایهتی**﴿ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَاۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُۖ﴾(**موئمینون**:44)، **چونكه ئهم ئهلیفه بهكار هاتووه بۆ مێ، وخهلهف بێ تهنوین دهخوێنێتهوه وهك حهفص.**

خهلهف ئیمالهی پیتی(ر)**و ههمزه دهكات له فیعلی**(رَأَىٰ) **ئهگهر جولهدارێكی نهلكاو بهدوای داهات وهك**(رَءَا كَوۡكَبٗاۖ، رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ، رَءَا بُرۡهَٰنَ، رَءَا قَمِيصَهُۥ)، **یان ئهم فیعله به راناوێك وهلكا وهك**(أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ، رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا، رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ، رَءَاهَا تَهۡتَزُّ، رَءَاكَ ٱلَّذِينَ، فَرَءَاهُ حَسَنٗاۖ)، **بهڵام ئهگهر زهنندارێك لهدوای هات لێرهدا دوو باری بۆ دروست دهبێت:**

- **یهكهم: دهبێت زهننهدارهكه بهئهوهوه لكاوبێت وهك**(رأتهم، رأوك، رأوهم، رأته) **ئهوه پێشهوا خهلهف فهتحهداری دهكات لهباری وهستان و نهوهستاندا.**
- **دووهم: زهنهدارهكه بهئهوهوه نهلكابێت، وهك**(رأى الشمس، رأى القمر، رأى الذين كفروا) **لێرهدا پیتی**(ر)**و ههمزه ئیماله دهكرێت لهباری وهستاندا، وتهنها پیتی**(ر) **ئیماله دهكرێت لهباری نهوهستاندا بههۆی نهمانی ئهلیف بۆ ڕزگاربوون له گهیشتنه دوو زهنهدار بهیهكهوه.**



1. پێشه‌وا خه‌له‌ف ئیماله‌ی پیته‌كانی(حي طهر) له پیته‌كانی ده‌سپێكی سوره‌ته‌كان ده‌كات وه‌ك(الر)،(كهيعص)ی سه‌ره‌تای سوره‌تی مه‌ریه‌م، ته‌نها پیتی(ه) نه‌بێت له ده‌سپێكی سوره‌تی مه‌ریه‌م ئه‌و پیته هائه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت.

2. پێشه‌وا خه‌له‌ف ئیماله‌ی هه‌مو ئه‌لیفێك ده‌كات بكه‌وێته نێوان دوو پیتی(ر) یه‌كه‌میان فه‌تحه‌داربێت و دووه‌میان له كۆتایی و كه‌سره‌ی ره‌سه‌ن بێت، له‌و كاته‌دا پیتی(ر)ی كۆتایی لاواز ده‌كرێت، ئه‌وه‌شیان له قورئانی پیرۆز نه‌هاتووه ته‌نها له سێ شوێن نه‌بێت (ٱلۡأَشۡرَارِ، ٱلۡأَبۡرَارِ، ٱلۡقَرَارِ)، به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت.

3. **پێشەوا خەلەف ئیمالەی فیعلی ماضی سێ پیتی موعتەلی عەین دەکات-واتە: ئەجوەف-[1] بە شێوەیەك کە ئەلیف ببێتە عەینی وشەکە، ئەوەش بە گواستنەوە بۆمان هاتووە[2] لە سێ فیعلدا لە قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە**(شَآءَ، جَآءَ، رَانَ).



---

[1]ناوی نراوە بە ئەجوەف چونکە لەناوەڕاستەکەی پیتی صەحیح نەهاتووە، وەهەندێك ناوی دەنێن(خاوەن سیان) چونکە لەکاتی پاڵ نانی بۆ لای پیتی(ت)ی بکەر(فاعل) دەبێتە سێ پیت وەك(جئت) بنچینەکەی(جاء)یە.

[2]ئەوەیان دەردەچێت بە گواستنەوە(سار، قال)، چونکە فیعلی سیانەن، بەلاّم ئیمالەی تێدا نیە.

مهزههبی پێشهوا
خهلهف لهسهر خوێندنهوهی چهند وشهیهكی تایبهت

1. **خهلهف ئیمالهی وشهی**(ٱلتَّوۡرَىٰةَ) **دهكات به ههر شێوهیهك هاتبێت.**

2. **خهلهف ئیمالهی پیتی**(ن)**و ههمزه دهكات له وشهی**(وَنَـَٔا) **لهههر شوێنێك بێت، ئهوهش له دوو شوێندا هاتووه وهك**﴿أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾(**ئیسرِاء**:83)**و** ﴿أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾(**فوصیلهت**:51).

3. **خهلهف ئیمالهی وشهی**(كِلَاهُمَا) **دهكات له ئایهتی**﴿إِمَّا يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ﴾(**ئیسرِاء** 23)[1].

4. **خهلهف ئیمالهی وشهی**(الربـا) **دهكات لهههرشوێنێك هاتبێت له قورئانی پیرۆز**[2] **وهك**﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾.

5. **خهلهف ئیمالهی ئهلیف دهكات له وشهی**(إِنَىٰهُ)، **له ئایهتی**﴿إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ﴾،(**ئهحزاب**:53).

---

[1] **خهلهف وشهی**(يَبۡلُغَنَّ) **به ئهلیفی دوای پیتی**(غ) **دهخوێنێتهوه، لهگهڵ درێژكردنهوهی پێویست، وهروها وشهی**(أُفِّ) **به كهسرهی پیتی**(ف) **دهخوێنێتهوه بێ تهنوین.**

[2] **ئهم وشه له ههشت شوێندا هاتووه، پێنجیان له سورهتی بهقهره كه ئهمانهن**(275، 276، 278) **وله سورهتی ئالی عیمران ئایهتی**(130) **وله نیساء ئایهتی**(161) **ولهسورهتی ڕووم ئایهتی**(39).

6. خه‌له‌ف ئیماله‌ی وشه‌ی(فَنَادَىٰهُ)[1] ده‌كات له ئایه‌تی﴿فَنَادَاهُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٞ يُصَلِّي فِي ٱلۡمِحۡرَابِ﴾(ئالی عیمڕان:39).

7. خه‌له‌ف ئیماله‌ی هه‌مزه‌و ئه‌لیف ده‌كات له وشه‌ی(ءَاتِيكَ) له ئایه‌تی﴿قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ﴾،﴿قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ﴾،(نه‌مل:39+40).

8. خه‌له‌ف ئیماله‌ی پیتی(ر) ده‌كات له وشه‌ی(رَانَ) له ئایه‌تی﴿كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم﴾(موطه‌ففین:14)[2].

9. خه‌له‌ف ئیماله‌ی پیتی(ر) ده‌كات له وشه‌ی(أَدۡرَىٰكَ، أَدۡرَىٰكُم)، له هه‌ر شوێنێك هاتبێت.

10. خه‌له‌ف وشه‌ی(أحيا) ئیماله ده‌كات كه له‌گه‌ڵ پیتی(و)بێت، ئه‌وه‌ش ته‌نها له یه‌ك ئایه‌ت هاتووه﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحۡيَا﴾(نه‌جم:44)، جگه له‌م شوێنه ئیماله‌ی تێدا نیه.

11. خه‌له‌ف ئیماله‌ی وشه‌ی(كِلۡتَا) ده‌كات له‌باری وه‌ستاندا، له ئایه‌تی﴿كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا﴾،(كه‌هف:33). چونكه ڕای جیاواز هه‌یه له‌سه‌ر ئه‌لیفه‌كه‌ی،

---

(1) خه‌له‌ف وشه‌ی(فَنَادَتۡهُ) به لابردنی پیتی(ت) ده‌خوێنێته‌وه له‌گه‌ڵ زیادكردنی ئه‌لیف به ئیماله له دوای پیتی(د).

(2) سه‌كت و تێكهه‌ڵكێشان ناكرێت.

گوتراوه ئه‌وه بۆ مێینه به‌كارهاتووه، وه‌ك وشه‌ی(إحدى)و (سيما) وگوتراوه ئه‌م ئه‌لیفه ئه‌لیفی به‌كار هاتوو بۆ دوانه‌یه ئیماله‌ی تێدا نیه، به‌ڵكو ڕاستر وایه بگوترێت كردنه‌وه فه‌تحی تێدایه نه‌ك ئیماله، كه ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت، به‌ڵكو ئیماله ته‌نها له باری نه‌وه‌ستاندا ده‌كرێت، خاوه‌نی په‌رتووكی(النشر) ده‌فه‌رموێت هه‌ردوو خوێندنه‌وه زۆر باشه به‌ڵام من كردنه‌وه(فه‌تح)م لا باشتره پێشتریش باسمان كرد.



ئەو وشانەی
جیاکراوتەوە لە ئیمالە لای خەلەف

خەلەف ئەم وشانەی جیاکردۆتەوە لە ئیمالە کردن:

1.**وشەی**(لَدَی)، **ئیمالەی تێدا نیە لە ئایەتی**﴿إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَۚ﴾،﴿**غافیر**:18﴾، **وەهەروها وشەی**(لَدَا) **لە ئایەتی**﴿وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلْبَابِۚ﴾، ﴿**یوسف**:25﴾، **ئەوەش بەهەمان شێوە ئیمالەی تێدا نیە، چونکە ئەلیف درێژکراوەتەوە لە گشت قورئانی پیرۆزدا.**

2.**وشەی**(حَتَّىٰ).
3.**وشەی**(إِلَىٰ).
بەهەر شێوەیەك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز.

4.**وشەی**(عَلَىٰ)**ی جەرە**[1].

5.**وشەی**(زَكَىٰ) **لە ئایەتی**﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ﴾،﴿**نور**:21﴾. **ئەم وشە واویە، بەڵام لێرەدا تەنها بۆ ئاگادارکردنەوە باسکراوە.**

6.**وشەی**(كَمِشْكَوٰةٍ) **لە ئایەتی**﴿كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ﴾،﴿**نور**:35﴾.

7.**وشەی**(مَرْضَاتِ)[1] **لە هەر شوێنێك هات لە قورئانی پیرۆز، ئەویش لە پێنج شوێن هاتووە کە ئەمانەن: ئایەی**207 + 265 **لە سورەتی بەقەرەو ئایەتی**114 **لە سورەتی**

---

[1]**تایبەت کراوە پیتی**(علی) **بە جەرە تا ئەوەی لەسەر شێوەی فیعل ی ڕابردو**(ماضی) **دێت دەربچێت هەروەك**(إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا) **ئەوە فیعل ی واویە ئیمالەی تێدا نیە.**

نیساءو ئایه‌تی1 له سوره‌تی مومته‌حینه، وه‌ك﴿تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ﴾ ،﴿ته‌حریم:1﴾.

8.وشه‌ی(مَثْوَایَ) له ئایه‌تی﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾،(یوسف:23)، ده‌رباره‌ی وشه‌ی(فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ)(زومه‌ڕ:72)، له ئایه‌تی(وَٱلنَّارُ مَثۡوًى لَّهُمۡ)(موحه‌ممه‌د:12) وئایه‌تی(وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ)(موحه‌ممه‌د:19) ئه‌م شوێنانه‌و هاوشێوه‌كانی له‌باری وه‌ستاندا ئیماله ده‌كرێت.

9.وشه‌ی(هُدَایَ) له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت، ئه‌وه له دوو شوێندا هاتووه كه ئه‌مانه‌ن: (بقه‌ره:38)و (طه:123).

10.وشه‌ی(عَصَانِي) له ئایه‌تی﴿وَمَنۡ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾،(ئیبراهیم:36).

11.وشه‌ی(ءَاتَىٰنِيَ) له ئایه‌تی﴿قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيّٗا﴾،(مه‌ریم:30)(1) وئایه‌تی﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم﴾،(نه‌مل:36)(2)، ده‌رباره‌ی وشه‌ی(وَءَاتَىٰنِي مِنۡهُ رَحۡمَةٗ)(هود:28) له‌م شوێنه‌و هاوشێوه‌كانی ئیماله ده‌كرێت.

12.وشه‌ی(وَأَوۡصَٰنِي) له ئایه‌تی﴿وَأَوۡصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ﴾(مه‌ریه‌م:31).

---

(1)بنچینه‌ی خۆی واویه زیاد كراوه به پیتی(م) به‌ڵام یاسای زمانه‌وانی: فیعل ی زیادكراوی واوی به پیتی(ی) ده‌نوسرێت ئه‌م شێوه‌ش به پیتی(ی) ئه‌ژمارده‌كرێت.

(2)به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی) ده‌خوێندرێته‌وه له وشه‌ی(ءاتاني) له‌م شوێنه‌دا، به‌ڵام لابردراوه به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌ك.

(3)به لابردنی پیتی(ی) له وشه‌ی(ءاتان) ده‌خوێندرێته‌وه له‌م شوێنه‌دا.

13.**وشه‌ی**(خَطَايَا) **له‌هه‌رشوێنێك هات، ئه‌وه‌ش له‌ چوار شوێندا هاتووه‌ كه‌ ئه‌مانه‌ن،** (**به‌قه‌ره‌**:58)،(طه‌:73)،(**شوعه‌را**:51)،(**عه‌نكه‌بوت**:12).

14.**وشه‌ی**(رُءْيَا) **ئه‌گه‌ر به‌ راناو وه‌لكابوو، ئه‌وه‌شیان نه‌هاتووه‌ ته‌نها له‌ ئایه‌تی**5**و** 43**و** 100 **نه‌بێت له‌ سوره‌تی یوسف، وه‌ك**﴿وَقَالَ يَـٰٓأَبَتِ هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَـٰىَ مِن قَبْلُ﴾ **ده‌رباره‌ی ئایه‌تی**﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلرُّءْيَا ٱلَّتِىٓ أَرَيْنَـٰكَ إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ﴾(**ئیسراء**:100) **ئه‌وه‌یان ئیماله‌ی تێدایه‌.**

15.**وشه‌ی**(أَحْيَا) **له‌هه‌رشوێنێك هات، ته‌نها یه‌ك شوێن نه‌بێت پیتی**(و)**ی له‌پێشدا هاتبێت، ئه‌ویش ئایه‌تی**﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا﴾،(**نه‌جم**:44) **ته‌نها ئه‌م شوێنه‌ ئیماله‌ ده‌كرێت، چونكه‌ سه‌ره‌ ئایه‌ته‌و یه‌كێكه‌ له‌و یازده‌ سوره‌ته‌ی پێشوتر باسمان كرد.**

16.**وشه‌ی**(مَحْيَا) **له‌هه‌رشوێنێك بێت، ئه‌وه‌شیان له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ ئه‌وانیش**(**ئه‌نعام**:162)**و** (جاثية:21) ﴿سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ﴾.

17.**وشه‌ی**(أَنسَىٰنِيهُ) **له‌ ئایه‌تی**﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَـٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾، (**كه‌هف**:63).

18.**وشه‌ی**(تُقَاتِهِۦ) **له‌ ئایه‌تی**﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ﴾(**ئالی عیمران**:102).

19.**وشه‌ی**(هَدَىٰنِ) **له‌ئایه‌تی**﴿قَالَ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ﴾(**ئه‌نعام**:80)، **ده‌رباره‌ی ئایه‌تی**﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَـٰذَا وَمَا كُنَّا

لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ﴾،(ئه‌عراف:43) ئیماله‌ی تێدایه‌، وهه‌روها ئایه‌تی﴿وَقَدۡ هَدَىٰنَا سُبُلَنَاۚ﴾،(ئیبراهیم:12) ئه‌وه‌شیان ئیماله‌ی تێدایه‌.

20.وشه‌ی(دحاها)،(نازیعات:30) پێشتر باس كراوه‌.

21.وشه‌ی(تلاها)،(شه‌مس:2) پێشتر باس كراوه‌.

22.وشه‌ی(طحاها)،(شه‌مس:6) پێشتر باس كراوه‌.

23.وشه‌ی(سجى)،(ضوحا:2) پێشتر باس كراوه‌.



هائی سەکت

هائی سەکت هائێکی زەنەدارە دەچێتە کۆتایی وشە، بەکاردێت بە مەبەستی دەرخستنی پیتی کۆتایی یان دەرخستنی جوولەی کۆتایی لەم وشەی کە پیتە هائەکەی چۆتە سەر، ئەمەش بۆ گرنگی یان زێدەڕەوی کردنە، زەننەدار دەکرێت لە باری وەستان و نەوەستاندا، عەرەب بەمەبەستی گەیاندنی واتاو تێگەشتنی کەسی بەرانبەر بەکاری دەهێنن، بۆ نمونە لە سورەتی حاقە کاتێك پەروەردگار ویستی بۆ بێبڕواکان ڕونبکاتەوە کە پەشیمان دەبنەوە لە ڕۆژی دوایی، ئەو کاتە پیتی(ه)ی سەکتی بەکارهینا لە(مالیه، سلطانیه)[1].

مەنهەجی پێشەوا خەلەف بریتیە لەوەی کە لەباری وەستاندا پیتی هائی سەکتە بخوێندرێتەوە، ولەباری نەوەستاندا هائەکە لادەبردرێت، ئەوەش لە دوو وشەدا[2]:

1. وشەی﴿يتسنه﴾ لە ئایەتی﴿فَٱنظُرۡ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰ حِمَارِكَ﴾،(بەقەڕە:259) لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە﴿لَمۡ يَتَسَنَّ وَٱنظُرۡ﴾، بەلاَم لەباری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە﴿يَتَسَنَّهۡۖ﴾.

---

[1] بۆ زیاتر سود بینین سەیری پاشکۆی ژمارە(5) بکە لە کۆتایی بەشی ئوصولْ.

[2] پیتی(ه)ی سەکت لەقورئانی پیرۆز لە حەوت وشە هاتووە لە نۆ شوێندا، دوانیان لەسەرەوە باسکران، زیاد لەسەر ئەمەش وشەی(کتابیه) لە ئایەتی(19)و (25) لە سورەتی حاقە، لەگەلْ وشەی(حسابیه) لە ئایەتی20و 26ی سورەتی حاقە، ووشەی(مالیه) ئایەتی28ی سورەتی حاقە، وهەروها وشەی(سلطانیه) بەهەمان شێوە ئایەتی29 هەر لە سورەتی حاقە، ووشەی(ماهیه) ئایەتی10ی سورەتی قاریعە.

2. وشه‌ی ﴿اقتده[1]﴾ له ئایه‌تی ﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ﴾ ، (ئه‌نعام:90)، له‌باری نه‌وه‌ستاندا به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه﴿ٱقۡتَدِ قُل﴾ به‌لاّم له‌باری وه‌ستاندا به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه﴿ٱقۡتَدِهۡ﴾.



[1] بۆچوونی جیاواز هه‌یه له‌سه‌ر وشه‌ی(اقتده)، ئه‌مه‌یان پیتی(ه)ی سه‌كته له‌سه‌ر بۆچونی به‌هێز.

بابه‌تی یائه‌كانی دانه‌پاڵ

یائی دانه پاڵ (ئیضافه):- ئه‌و پیته یائه‌یه عه‌ره‌ب به‌كاری دێنن بۆ ده‌ربڕینی كه‌سی قسه‌كه‌ری تاك وه‌ك(بِكِتَابِي)، پیتی یائی دانه‌پاڵ(له بنچینه‌ی وشه‌كه‌دا نیه، به‌ڵام بۆی زیاد كراوه).

به وشه‌ی (زیاده) ئه‌و پیته یائه ناگرێته‌وه كه زیاده نیه‌و بنچینه‌ی خۆیه‌تی وه‌ك(يهدي، سآوي).

به وشه‌ی(تاك) ئه‌و پیته یائه ده‌رچوو كه بۆ تاك به‌كار نه‌هاتووه وه‌ك(حَاضِرِي)، چونكه پیتی(ی) له‌م وشه‌دا بۆ جه‌معی موذه‌كه‌ری سالم به كار هاتووه نه‌ك بۆ تاك(مفرد).

به وشه‌ی(قسه‌كه‌ر) ئه‌و پیته یائه ناگرێته‌وه كه بۆ كه‌سی دووه‌م(مخاطب)ی به‌كار هاتوو بۆ مێ، وه‌ك(فكلي واشربي).

یائی دانه پاڵ: ده‌چێته سه‌ر ناو(اسم) وكار(فعل) وپیت(حرف) وه‌ك(سَبِيلِي، ذَرُونِي، فَإِنِّي).

ئه‌گه‌ر(ی)ی دانه‌پاڵ چووه سه‌ر فیعل ده‌بێته به‌ركار(مفعول به)، وه‌ك (أَوْزِعْنِي)(نه‌مل: 9)، وئه‌گه‌ر(ی)ی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ ناو بوو ده‌بێته مه‌جروری شوێنی(مجرور محلاً) وه‌ك(ذِكْرِي)،(طه:14).

یائی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ پیت ده‌بێته مه‌جروری شوێنی(مجرور محلاً)، به‌ڵام ده‌بێته مه‌نصوبی شوێنی(منصوب محلاً) ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ(إنَّ)و خوشكه‌كانی هات(إنَّ واخواتها).

نمونه‌ی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به پیت له‌گه‌ڵ(إنَّ)و خوشكه‌كانی، نه‌صبه‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك:(إِنِّيٓ أَخَافُ)،(ئه‌نعام:15).

نمونه‌ی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به پیت، جه‌ڕه‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك(وَلِيَ دِينِ)،(كافرون:6).

نیشانه‌ی یائی دانه‌پاڵ ئه‌وه‌یه بتواندرێت پیتی(ك) یان پیتی(ه) بخرێته شوێنی، وه‌ك(فَطَرَنِي) ده‌بێته(فطرك) و(فطره).

عه‌ڕه‌ب یائی دانه‌پاڵ زه‌نه‌دار ده‌كه‌ن وهه‌ندێك جار فه‌تحه‌داری ده‌كه‌ن.

گوتراوه زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ بنچینه‌یه، چونكه خۆی مه‌بنیه(نه‌گۆڕه له جووڵه‌دا) بنچینه‌ی مه‌بنیش زه‌نه‌داریه، هه‌ر وه‌ك چۆن یائی دانه‌پاڵ له زۆربه‌ی شوێندا له قورئانی پیرۆز به زه‌نه‌داری هاتووه.

هه‌ندێك ده‌ڵێن فه‌تحه‌داركردنی یائی دانه‌پاڵ بنچینه‌ی دووه‌مه، واتا فه‌تحه‌داری بنچینه‌یه‌و زه‌نه‌داریشی به‌هه‌مان شێوه بنچینه‌یه، چونكه یائه‌كه ناوه، ئه‌و ناوه‌ی كه ده‌بێته پیت ڕه‌فعه وه‌رناگرێت به‌هێز ده‌بێت به جووڵه، فه‌تحه‌داركردن بۆ ئاسانكردنه، به‌ڵام بۆچوونی یه‌كه‌م به‌هێزتره.


له قورئانی پیرۆز پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ876 جاره هاتووه، دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر سێ به‌ش، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

أ- قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه زه‌نه‌دار ده‌كرێت، ئه‌وه‌شیان زۆر ترینه، وه‌ك(إِنِّي جَاعِلٌ)،(به‌قه‌ره:30)، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته566 یاء.

ب- قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت، وه‌ك(بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ)،(ئالی عیمران:40). كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته98 پیتی(ی).

ت- قورائه‌كان بۆچوونی جیایان هه‌یه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ، ئایه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت یان زه‌ننه‌دار، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته212 پیتی یاء، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر شه‌ش به‌ش ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی له دوای خۆی دێت.

جۆره‌كانی یائی دانه‌پاڵ



مه‌زهه‌بی
پێشه‌وا خه‌له‌ف له‌سه‌ر یائی دانه‌پاڵ

پێشه‌وا خه‌له‌ف له‌ هه‌ندێك شوێندا پیتی یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات و له‌ هه‌ندێك شوێن دا زه‌نه‌داری ده‌كات، وجیاوازی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له‌ هه‌ندێك شوێندا به‌م شێوه‌یه‌:

1 **فه‌تحه‌:** پێشه‌وا خه‌له‌ف پیتی(ی) فه‌تحه‌دار ده‌كات له‌ وشه‌ی(عهدی) له‌ ئایه‌تی﴿قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِيَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾(به‌قه‌ره‌:124).

2 **زه‌نه‌:** پێشه‌وا خه‌له‌ف پیتی(ی) له‌ باری نه‌وه‌ستاندا زه‌نه‌دارده‌كات له‌م وشانه‌[1]:

1. وشه‌ی(بيتی) له‌ هه‌ر سێ شوێن، به‌م شێوه‌یه‌(به‌قه‌ره‌:125)و (حه‌ج:26)و ئایه‌تی﴿وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا﴾(نوح:28)

2. وشه‌ی(وجهي) له‌ هه‌ردوو شوێنیدا، به‌م شێوه‌یه‌(ئالی عیمران:20)و ئایه‌تی﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ﴾(ئه‌نعام:79).

3. وشه‌ی(يدي) له‌ ئایه‌تی﴿مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ﴾(مائیده‌:28)، به‌ڵام ئه‌وانی تر جگه‌ له‌م شوێنه‌ ئه‌وه‌ یه‌كسانه‌ له‌گه‌ڵ وشه‌كانی پێشه‌وا حه‌فص.

---

[1] له‌گه‌ڵ ئاگاداربون له‌ حوكمی درێژكردنه‌وه‌ی لكاو ئه‌گه‌ر له‌دوای پیتی(ی) هه‌مزه‌ هات.

4. وشه‌ی(أمي) له ئایه‌تی﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ﴾(مائیده:116).

5. وشه‌ی(معي) له هه‌ر یازده شوێنه‌كه‌ی خۆیدا، به‌م شێوه‌یه (ئه‌عراف:105) (ته‌وبه:83)(كه‌هف:67+72+75)(ئه‌نبیاء:24)(شوعه‌را:62+118)(قه‌صه‌ص:34) ﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَهۡلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوۡ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ﴾(مولك:28).

6. وشه‌ی(أَجۡرِيَ) له هه‌ر نۆ شوێندا، به‌م شێوه‌یه: (یونس:72)(هود:29+51)(شوعه‌را: 109 + 127 + 145 + 164 + 180) له ئایه‌تی﴿إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ﴾ (سه‌به‌ء:47).

7. وشه‌ی(وَلِيَ) له پێنج شوێندا، (ئیبراهیم:22)(طه:18)(ص:23+69) له ئایه‌تی﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾(كافرون:6)، جگه له‌م وشه كه له‌م شوێنانه‌دا هاتووه، هه‌موویان یه‌كسانه له‌گه‌ڵ بۆچونی پێشه‌وا حه‌فص.

8. ئایه‌تی﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾(عه‌نكه‌بوت:56) پێشه‌وا خه‌له‌ف ئه‌م شوێنه به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه، وله‌باری نه‌وه‌ستاندا زه‌نه‌كه لاده‌بات به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌كه‌وه.

9. ئایه‌تی﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ﴾(زومه‌ر:53) پێشه‌وا خه‌له‌ف ئه‌م شوێنه به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه، وله‌باری نه‌وه‌ستاندا زه‌نه‌كه لاده‌بات به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌كه‌وه.

بابه‌تی یائه‌كانی زیاده

یائی زیاده: هه‌موو یائێك ده‌گرێته‌وه كه ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه، ده‌خوێندرێته‌وه‌و زیاده له ڕێنووسی قورئانی پیرۆزدا.

یائی زیاده یان ده‌بێت(لام)ولفیعل یان ده‌بێت یائی قسه‌كار بێت(یاء المتكلم).

یائی زیاده ده‌چێته سه‌ر ناو(اسم) وده‌چێته سه‌ر كار(فعل) به‌لاّم ناچێته سه‌ر پیت(حرف) وه‌ك(أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي)[1].

یائی زیاده به پیتێكی زێده ئه‌ژمار ده‌كرێت لای ئه‌وانه‌ی كه جێگیریان كردووه(واتا ده‌یخوێننه‌وه)، به‌لاّم ئه‌وانه‌ی جێگیری ناكه‌ن(واتا نایخوێننه‌وه) به زیادی دانانێن.

پێشه‌وا شاطبی ئاماژه‌ی به‌(ی)ی زیاده كردووه له‌م هونراوه:

وَدُونَكَ يَاءَاتٍ تُسَمّى زَوَائِدَا لأَنْ كُنَّ عَنْ خَطِّ المَصَاحِفِ مَعْزِلاَ

(ی)ی زیاده ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه به‌لاّم نانوسرێت، به‌ڵكو ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه به‌لاّم پێوه نالكێندرێت.

پیته یائه‌كان دوو به‌شن:

1. پیتی یائی زیاده له وشه‌دا، وه‌ك(نَكِيرِ، وَعِيدِ، أَكۡرَمَنِ).
2. پیتی یائی بنچینه له وشه‌دا، وه‌ك(ٱلۡمُنَادِ، يَسۡرِ).

له‌باری نه‌وه‌ستاندا ده‌خوێندرێته‌وه لای ئه‌وانه‌ی جێگیری ده‌كه‌ن، به‌لاّم له‌باری وه‌ستاندا لاده‌بردرێت.

---

[1] پیتی(ی)ی زیاده له دوو وشه ده‌خوێندرێته‌وه، به ڕها له‌لای یه‌عقوب، وله‌باری نه‌وه‌ستاندا: لای هه‌ر یه‌ك له: وه‌رش، ئه‌بو عه‌مر، خه‌له‌ف ی عاشر، قالون له یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی.

حوکمی
یائەکانی زیادە لای پێشەوا کیسائی

پێشەوا خەلەف پیتی(ی)ی زیادە لا دەبات بە ڕەها لە وشەی(ءَاتَىٰنِۦَ) لەئایەتی﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُمۚ﴾، (نەمل:36).

خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە لە باری نەوەستاندا دوو هۆکاری هەیە:

أ- شوێن کەوتنی ئەو گواستنەوەی لە شێخەکانەوە بۆمان هاتووە بە پاڵ پشتی لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، کە بریتیە لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە یائە.

ب-شوێن کەوتنی بنچینەی خۆی، چونکە بنچینەی پیتی(ی)ی زیادە خوێندنەوەیە، بەڵام بە هۆی ئاسان کردن یان دامەزراندنی لابردراوە.

جیاوازیه‌كانی
نێوان یائی زیاده‌و یائی دانه‌پاڵ

ده‌تواندرێت جیاوازیه‌كان دیاری بكه‌ین له‌ نێوان پیتی(ی)ی زیاده‌و پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ له‌م خالأنه‌ی خواره‌وه‌:-

أ- پیتی(ی)ی زیاده‌ ته‌نها ده‌چێته‌ سه‌ر ناو(اسم) وده‌چێته‌ سه‌ر كار(فعل) به‌لأم پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ده‌چێته‌ سه‌ر ناو(اسم)و كار (فعل)و پیت(حرف).

ب- پیتی(ی)ی زیاده‌ لابردراوه‌ له‌ نوسینی قورئانی پیرۆز، به‌لأم پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ نوسراوه‌ له‌ قورئانی پیرۆز.

ت- پیتی(ی)ی زیاده‌ ده‌بێته‌ بنچینه‌و ده‌بێته‌ زیاده‌، ودێته‌ شوێنی(لام الفعل)، به‌لأم پیتی(ی)ی دانه‌پال ده‌بێته‌ زیاده‌ له‌سه‌ر وشه‌، به‌لأم نابێته‌ بنچینه‌ بۆی، به‌ڵكو وه‌ك پیتی(ه)و پیتی(ك)ی ڕاناوی لكاوو پیتی(ك)ی خۆیه‌تی.

ث- بۆچوونی جیاواز له‌سه‌ر پیتی(ی)ی زیاده‌ له‌سه‌ر لابردن و جێگیركردن هه‌یه‌، به‌لأم بۆچوونی جیاواز له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ له‌سه‌ر فه‌تحه‌داركردن و زه‌نه‌داركردنه‌.

ئەم وشانەی
جیاكراونەتەوەو پێشەوا خەلەف جیاوازی هەیە تیایدا لەگەڵ حەفص

1. وشەی(رَءُوف) لە هەر شوێنێك هات، بەلابردنی پیتی(و) بێ درێژكردنەوە، بەم شێوەیە﴿رَؤُف﴾.

2. وشەی(بُيُوتَ) جیاوازیشی نیە ناسراوبێت یان نەناسراو، بە كەسرەی پیتی(ب)، بەم شێوەیە﴿بِيُوتَ﴾.

3. وشەی(يَحۡسَبُ) لە هەر شوێنێك هات، بە كەسرەداركردنی پیتی(س) بەم شێوەیە﴿يَحۡسِبُ﴾.

4. وشەی(خُطُوَٰتِ) لە هەر پێنج شوێنەكەی خۆی بە زەنەداركردنی پیتی(ط) دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە﴿خُطۡوَٰتِ﴾.

5. وشەی(يَٰبُنَيَّ) بە كەسرەی پیتی(ی) لە هەر شوێنێك هات، بەم شێوەیە﴿يَٰبُنَيِّ﴾.

6. وشەی(ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ)(طور:37) خەلەف شوێنی ڕابرود تەنها بە پیتی(ص) دەخوێنێتەوە.

7. وشەی(كِسَفًا) بە زەنەی پیتی(س) دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە(كِسۡفًا)

لە هەر شوێنێك هاتبێت جگە لە لە سورەتی ڕوم نەبێت ئایەتی(48) ئەوە پێشەوا خەلەف بە فەتحەی پیتی(س) دەیخوێنێتەوە، واتە: وەك حەفص.

❖ پاشکۆی ژمارە (1)

✓ یەکەم: **شیکردنەوەی بیرۆکەی نوسینی پیت:-**

بیرۆکەی وێناکردنی پیتەکان و ڕوونکردنەوەیان، ئاسانکردنی زانیاریەکانە، وپێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ئەم بیرۆکەیە بابەتێکی گرنگە لە زانستی تەجوید و قیرائاتدا.

هەرکاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان هەر دوو پیتێك بزانین، لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە زۆر بە ئاسانی پەیوەندیەکە دەدۆزینەوە، تەنها بە سەیرکردنی ئەو خانەیەی کە هێڵەکە لەلای ئەو دەپچڕێت بە گەیشتنی نێوان دوو پیتەکە.

بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی نێوان پیتی(ق)و پیتی(ش) بزانین، سەیری پیتی(ق) دەکەین لە ڕوونکراوەی وێنەی پیتەکان، جیاوازیشی نیە ئایە پیتی(ق) لە هێڵی ستوونیە یان لە هێڵی ئاسۆییە دەتوانین لە هەردوولا بیدۆزینەوە، پاشان سەیری پیتی(ش) دەکەین بە پێچەوانەی ئەو ستونەی هەلمان بژاردووە.

کەواتا ئەگەر ئێمە پیتی(ق)مان هەڵبژاردبێت لە هێڵی ستوونی، ئەوە پیتی(ش) لە هێڵی ئاسۆیی هەڵدەبژێرین بە پێچەوانەی پیتی(ق) ودتوانین پێچەوانەشی بکەینەوە(واتا پیتی(ق) لە ئاسۆیی و پیتی(ش) لە ستوونی.

دوای هەلبژاردنی پیتەکان و دیاری کردنی ستوونەکان سەیری خاڵی بەیەك گەیشتنیان دەکەین، ئەگەر هاتوو خاڵی بەیەك گەیشتنیان کەوتە چوارگۆشەی ڕەنگی ڕەش ئەوە دەردەکەوێت کە هەردو پیت هاووینەی یەکترن، (بەلاّم سەیر دەکەین بۆ ئەم دوو پیتە ئەمە ڕوی نەداوە کەواتا هاووێنەی یەکتر نین).

ئەگەر شێوەی چوارگۆشەکە لە کاتی بەیەك گەیشتنیان خوارو ڕەنگی گول بوو، ئەوە وا دەردەخات کە ئەم دوو پیتە یەك ڕەگەزن، لێرەدا ئەمەش ڕووی نەداوە.


ئەگەر خاڵی پێك گەیشتنیان کەوتە چوار گۆشەی ڕەنگی سپی، ئەوە دەریدەخات کە ئەم دوو پیتە لەیەکتر دورن، بەلاّم ئەمە ڕوی نەداوە بۆ ئەم دوو پیتە.

ئهگهر ڕهنگی چوار گۆشهی بهیهك گهیشتنیان شین بو، ئهوه دهریدهخات كه ئهم دوو پیته لهیهكتر نزیكن، ئهمهیان ڕوی داوه له نێوان ئهم دوو پیتهی باسمان كرد، سهیری وێنهی خوارهوه بكه:

تێبینی1:

ئهگهر وێنه ڕوونكراوهكه دابهش بكهین به هێلی هاوڕهسمی كه به ڕهنگی ڕهش دهكهوێته ناوهڕاستی خشتهكه (ئهوهی به هێلی یهكتر بر ناوبرا له ڕابردو) بۆمان دهردهكهوێت كه بهشێكی وێنه ڕوونكراوهكه یهكسان دهبێت لهگهڵ ههموو پیتهكان و چوارگۆشهكان.

✓ **دووەم: وێنەی ڕوونکردنەوە:**



کلیلی شکلی ڕوونکردنەوە:

■ هاووێنە ▢ هاووڕەگەز ▢ لێکنزیک ▢ لێکدوو

✓ **پاشکۆی ژمارە (2)**

بۆچونی زانایان لەسەر سەکتی ئیدریس لە خەلەڤ بەزار لە پەرتووکی(دوڕە) هەندێکیان سەکتیان لا دروستە، وەهەندێکی تریان سەکت ناکەن، هەندێکیش سەکت دەبەستنەوە بە ئیدریس بە درێژکردنەوەی شەش جولە لە لکاودا هەر هەمویان بەڵگەی خۆیان هەیە:

❶ **بۆچونی یەکەم: ئەوانەی دەڵێن بە ڕەها سەکت ناکرێت لای ئیدریس لە ڕێگەی دوڕە:**

1. **پێشەوا ئیبنولجەزەری دەفەرموێت: لە بابەتی سەکت لە پەرتووکی دوڕە**(مِن اسْتَبْرَقِ طِيبٌ وَسَلْ مَعْ فَسَلْ فَشَا ** وَحقَّق هَمْزَ الْوَقْفِ وَالسَّكْتَ أَهْمَلاَ).

ئەمـەیان وتەیـەكی ئاشـكراو ڕونـە لـە هونراوەكـەدا كـە دان بـە سـەكت نانێـت لـە ڕێگەی دوڕە، چونكە بە تەواوی ڕەتی دەكاتەوە.

2. پێشـەوا ئیبنولجـەزەری دەفـەرموێت: لـە پـەرتووكی(تحبیر التیسـیر في القـراءات العشر) كە ئەم پەرتووكە بە بنچینەی دوڕە ئەژمار دەكرێت.

ئەبو عەمری دانی دەفەرموێت: ئەوە بزانـە كە حەمزە لە گێڕانـەوەی خەلـەف سـەكتی دەكـرد لەسـەر زەنەیـەك ئەگـەر بكەوێتـە كۆتـایی وشـەو پـیتی درێژكردنەوەی تێدا نەبێت، ئینجا دوای هەمزەكە سەكتێكی كورتی بۆ دەكرێت بەبێ پچڕان بەمەبەستی دەرخستنی هەمزەكە وەك وشەكانی(مَـنۡ ءَامَـنَ)و (هَلۡ أَتَىٰكَ)و (عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ)و (نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ)و(خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ) و(قَـدۡ أَفۡلَـحَ)و (مِّن شَيۡءٍ إِذۡ)و هاووێنەكانی.

وهـەروها وشـەكانی(حَامِيَـةُۢ أَلۡهَىٰكُمُ)و (ٱلۡأٓخِـرَةُ)و (ٱلۡأَرۡضِ)و (ٱلۡأٓزِفَـةِ)و (ٱلۡـَٔـٰنَ)و هاوشێوەكانی.

چونكە ئەم وشانە بە دوو وشە دادەندرێت، ئەگەر زەنـە لەگـەڵ هـەمزە لـە یـەك وشە بێت ئەوە زەنەكە سەكتی بۆ ناكرێت، تەنها لە بنچینەیەكی دەركراو نـەبێت، مەبەست لە بنچینەی دەركراو واتە لە وشەی(شَيۡءٍ)و(شَيۡـًٔا) نەك هیتر.

ئەبو عەمر دەفەرموێت: هـەردوو ڕیوایـەتم بەسـەر ئـەبو حەسـەن خوێنـدەوە بـە سەكت بەسەر پیتی(ل)ی ناسراوو بەسەر ئەوانی تر ئەمـە ڕویـدا، وئـەوانی تـر بـە لكاندنی زەنەدار لەگەڵ هەمزە خوێندیانەوە بێ سەكت.

ئیبنولجـەزەری باسـی وتـەی دانـی كـردووە لـە پـەرتووكی تەیسـیر وەسـەكتی ئـەنجام داوەو لـە خەلـەفی عاشـر گێڕاویەتیـەوە، ئەگـەر خەلـەف لـە ڕێگـەی دوڕەو تەحبیر سەكتی هەبوایە ئەوە باسی دەقەكەی دەكرد، هەر وەك چۆن ئەمە پیشەی

بو لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی(تحبير التيسير) چونکە ئەوە پەرتووکێکە لە قیرائەتی عەشر.

3.نویری دەفەرمویێت: لە پەرتووکی شەرحی دوڕە، کە نویری قوتابی ئیبنولجەزەریە چونکە شتێکی بەسەر خوێندۆتەوە لە زانستی قیرائەتی عەشرەدا، لە شەرحی هونراوەی دوڕە دەفەرمویێت(وحقق همز الوقف والسكت)، واتە: هەمزە بە وەستان و سەکت دەخوێندرێتەوە.

خەلەف هەمزە دەخوێنێتەوە لە باری وەستاندا، کە ئەوەش پێچەوانەی هاوڕێکەیەتی کە واز هێنانی سەکتە لە زەنەداری پێش خۆی بە پێچەوانەی بنچینەی خۆی دوانەکەی تریش بە هەمان شێوە هاوڕان، پەروەردگار هاوکاربێت ان شاء الله.

4.پێشەوا زوبەیدی دەفەرمویێت لە پەرتووکی(الإيضاح) کە شەرحی پەرتووکی مەتنی دوڕەیە وەخۆشی قوتابی ئیبنولجەزەریە کە قیرائاتی عەشرەی بەسەر خوێندۆتەوە: لە باری وەستاندا خەلەف هەمزە دەخوێنێتەوەو سەکت ناکات کە ئەوەش پێچەوانەی بنچینەیە.

5.زانای ئیبیاری دەفەرمویێت لە مەتنی تەنقیحی هونراوەی دوڕە لە سێ قیرائەتەکەی تەواوکەری قیرائاتی عەشرە(الآن كلا ملء بن والسكت ذر والهمز في وقف بتحقيق فخر)

6.پێشەوا موحەممەدی مونیری سەمنودی لە شەرحی دوڕەدا دەفەرمویێت(وحقق همز الوقف والسكت أهملا)، واتە لەباری وەستاندا خەلەف عاشر هەمزە دەخوێنێتەوەو وەسەکت ناکات لەسەر ئەو زەنەدارەی دەکەوێتە پێش هەمزەکە هەر چەندە ئەمە پێچەوانەی بنچینەیە واتا پێچەوانەی خوێندنەوەی حەمزەیە

7.هەمو زاناکانی پێشو لە شەرحی پەرتووکی دوڕەدا باسی ئەوەیان کردووە کە سەکت ناکرێت، لەوانە ڕمیلی و ئەوانی تریش زۆرن.

8. **دکتۆر موحەممەد سالم محێسن لە پەرتووکەکەی بەناوی**(التذكرة في القراءات الثلاث المتواترة وتوجيهها من طريق الدرة) **دفەرموێت: دەربارەی حوکمی سەکت لەسەر زەنە کە بکەوێتە پێش هەمزەو وەستان لەسەر هەمزە بەم شێوەی خوارەوەیە: هەر سێ قاریئەکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نابێت سەکت بکرێت لەسەر ئەو زەنەی دەکەوێتە پێش هەمزەی پچڕاو جیاوازیشی نیە ئایە هەمزەکە لکاوە یان نەلکاوە، وەمەبەستمان لە لکاو وەك وشەی**(شيء)**و** (شيئاً) **وبە نەلکاو**(قد أفلح)**و** (الأرض).

9. **شێخ عەبدولفەتاحی قازی بۆچونی وایە کە خەلەف سەکتی نەکردووە، هەر وەك لە پەرتووکەکەی ئاماژەی پێکردووە بەناوی**(الإيضاح) **لە شەرحی دوڕە، دەفەرموێت: خەلەف هەمزە دەخوێنێتەوە لە باری وەستاندا بەهەمو جۆرەکانی، لەوەشدا پێچەوانەی بنچینەی کردووە، وەهەروها جەختی لەسەر کردۆتەوە لە پەرتووکەکەیدا بەناوی**(البدور الزاهرة).

10. **زانا موحەممەد موتەوەلی دەفەرموێت: لە پەرتووکەکەیدا بەناوی**(الوجوه المسفرة) **خەلەف ئاسانکاری نەکردووە بۆ هەمزە لە باری وەستاندا وهەروها سەکتیشی نەکردووە لەسەر زەنەی پێش هەمزە.**

11. **شێخ ڕەمەزانی کوڕی نەبیهی کوڕی عەبدولجوادی هەدیە، کە پەرتووکی**(روض النضير)**ی تەحقیق کردووە، کە خاوەنەکەی زانا موتەوەلیە، دەفەرموێت: ئەوەی زانا موتەوەلی باسی کردووە دەربارەی سەکت بۆ ئیدریس لە خەلەڤ عاشر لە پەرتووکی دوڕە پشتی بەوە بەستووە کە پەرتووکەکانی تەحبیرو دوڕە ڕێگەی** مطـوعـي **وەرگرتووە لە پەرتووکی موبهیج ی پێشەوا سبتی خەیات، وەقوطـەیعی لە پەرتووکی کیفایە بەهەمان شێوە باسی کردووە کە پەرتووکی موبهیج سەکتی تێدایە کە ڕودەدات لە یەك وشە یان دوو وشە لە ڕێگەی** مطوعي، **هەر لەسەر ئەمەش موتەوەلی سەکتی لە ئیدریس وەرگرتووە لە ڕێگەی دوڕرە بەهەمان شێوە شێخ عەبدولڕەزاقی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسی شوێنی کەوتووە، لە پەرتووکەکەی بەناوی**(تأملات حول القراءات) **لەم پەرتووکە سەکت جێگیرکراوە بۆ ئیدریس لە پەرتووکی دوڕە، ولە پەرتووکەکەی تری بەناوی**(الفوائد التجويدية)

بهههمان شێوه سهكتی ئیدریس باسكراوه له ڕێگهی دوره، ئهوانهی باسكران ههر ههموویان ناڕاستن، بهڵكو ههموویان به گومانهوه باسیان كردووه، چونكه پێشهوا سبتی خهیات چهند پهرتووكێكی ههیه له زانستی قیرائاتدا یهك لهوانه پهرتووكی (المبهج في القراءات الثمانية)، وههروها پهرتووكێكی تری بهناوی (الايجاز في القيراءات) و پهرتووكی (تبصرة المبتدئ) وپهرتووكی (إرادة الطالب) و پهرتووكی (الاختيار في القراءات العشر)، ئیبنولجهزهری له ڕێگهی تهحبیرو دورهی له پهرتووكی (الاختيار في القراءات العشر) وهرگرتووه، من لێكۆلینهوهم كردووه له سهنهدی موطهوعی له ئیدریس له تهحبیر كه به بنچینهیهی دورره ئهژمار دهكرێت هاوتایه لهگهڵ پهرتووكی (الاختيار لسبط الخياط) بۆم دهركهوت كه سهنهدی موطهوعی له تهحبیر بریتیه له سهنهدی موطهوعی لهپهرتووكی (الاختيار).

لێكۆڵینهوهم كرد له بابهتی درێژكردنهوهو سهكت له پهرتووكی (الاختيار) بۆم دهركهوت كه خهلهف عاشر مام ناوهندی ههڵبژاردووه له نێوان درێژكردنهوهی لكاوو نهلكاو لهگهڵ وازهێنان له سهكت.

لهوهدا بۆمان دهركهوت كه ئیبنولجهزهری له ڕێگهی تهحبیری مطوعی وهرگرتووه له ئیدریس ئهویش له خهلهف عاشر له پهرتووكی (الاختيار) وههروها وهریگرتووه له ڕێگهی نهشری مطوعی لهپهرتووكی موبهیج ه، ههردووكیان خاوهنهكهی سبتی خهیاته، لهسهر ئهمهش سهكت ئهنجام نادرێت له دوره لای ئیدریس ههر وهك چۆن ئیبنولجهزهری باسی كردووه، تهنها ئهوه نهبێت ئهوهی زانا موتهولی و شوێن كهوتوانی باسیان كردووه لهم بابهته، وهك ضباع و شێخ عهبدوڕهزاق موسی خاوهنی پهرتووكی (تأملات حول القراءات) ئهوه ڕاست نیه بهڵكو گومانه لهبهر چهند هۆكارێك گرنگتریان ئهمانهی خوارهوهن:

أ- ڕێگهی دوره له پهرتووكی (الاختيار) هاتووه.

ب- پهرتووكی (الاختيار)ی سبتی خهیات و تهحبیرو دوره سهكتیان تێدانیه.

ت-لهپهرتووكی(الاختیار) درێژكردنهوه به چوار جوله له لكاوو نهلكاو دا هاتووه، وههروها له پهرتووكی دوڕرهو تهحبیرو موبهیج درێژكردنهوه به شهش جوله له لكاودا ههیه له لكاودا.

ث-ئیدریس له ڕێگهی موطهوعی سهكت ناكات له پهرتووكی ئختیار بهلاّم سهكت دهكات له پهرتووكی موبهج وهك ئیبن زهكوان و حهفص، ئهم دوانه له ههندێك پهرتووكیاندا سهكت دهكهن و له ههندێكی تریان سهكت ناكهن، ههر بۆیه ئیبنو زهكوان ههندێك جار سهكت دهكات و ههندێك جار سهكت ناكات ههر وهك له پهرتووكی موبهج دا وای كردووه، وههروها سهكت له ڕێنیشاندانی ئهبو عزی قهلانسی و مهبهستی ئهبولعلائه، وهتهركی سهكتیشی ههیه له پهرتووكهكانی تردا، وههروها حهفص سهكت دهكات له پهرتووكی تهجریدی ئیبن فهحام و ڕهوزهی مالیكی، وهتهركی سهكتیشی ههیه له پهرتوكهكانی تر، موطهوعی سهكتی ههیه له پهرتوكی موبهیج و تهركی سهكت دهكات له پهرتووكی ئیختیار.

ج-دوڕهو تهحبیر له قیرائاتی عهشرهی بچوكن، واته: له یهك ڕێگا هاتووه، ڕێگاكانی دوڕهو تهحبیر21 ڕێگان، وپهرتووكی طیبه له قیرائاتی عهشرهی گهورهیهو980 ڕێگهیه.

ئیبنولجهزهری ئاگاداری گشت پهرتووكهكان و ناوهڕۆكهكهیهتی كه بهسهر شێخهكان خوێندۆتهوه، بهلاّم موتهوهلی و خاوهنی پهرتوكی(تأملات حول القراءات) ئاگاداری گشت پهرتووكهكان نین.

ح-ئیبنول جهزهری شارهزاتره له ڕێگاكان و پهرتووكهكان لهوانی تر.

خ- قیرائات به گومان و ئیجتیهاد وهرناگیرێت، بهڵكو به گواستنهوهو بیستن وهردهگیرێت.

د-پهرتووكی طیبه ئیبنولجهزهری داینـاوه له سالّی799ی كۆچی، وپهرتووكی دوڕه هونراوهتهوه دوای سالّی820 لهكاتی چوونی بۆ فهریزهی حهج، لهو كاتهی كهل و

پەلــەكانیان لـــێ دزی لـــە ڕێگـــا كـــە چـــیرۆكەكەی بەناوبانگـــەو زانـــدراوە لـــە ئیبنولجەزەریەوە.

❷ **بۆچـونی دووەم:** ئیـدریس سـەكت دەكات لـە ڕێگـەی(الدرة المضـية)، پێشـەوای ئـەم بۆچونە زانا شێخی موحەقیقین موحەممەد موتەوەلیە:

1. زانا موتەوەلی دەفەرموێت لە پەرتووكی(الروض النضير)، لاپەرە494، دوای ئـەوەی پاشـگەزبویەوە لـە بۆچـوونی خـۆی كـە سـەكت ناكرێـت ئـەوەی باسـی كـردووە لـە پەرتووكـەكـەی(الوجـوه المسـفرة) دەفـەرموێت: ئـەوەی وەردەگیرێـت ئەوەیـە كـە لـە پـەرتووكی تـەحبیرو دورە ڕێگـەی موطـەوعـی هەڵبـژاردووە لـە پـەرتووكی مـوبهیج ی سبتی خـەیات، لەگەڵ ڕێگەی قوطـەیعی لە پەرتووكی كیفایـە ئـەویش بەهـەمان شێوە خاوەنەكەی سبتی خەیاتە.

دەربارەی باسی سەكت لە پەرتووكی نەشر، دەفەرموێت: واتـە: ئیبنولجـەزەری، لـەو ڕیوایەت كراوە، واتە: ئیدریس، دەفەرموێت: مطوعي سەكتی كردووە لەسـەر ئـەوەی كە لە یەك وشە یان دوو وشە هەیە بەگشتی، ئەم دەقەی باسكردووە لە پەرتووكی موبەهج.

لەوەوە بۆمان دەركەوت كە باسی سەكتی نەكردووە لە پەرتووكەكانی دورەو تـەحبیر هیچ بنەماییێكی نیە.....كۆتایی هات.

2. زانا ضباع دەفەرموێت: لـە پـەرتووكی(الإضـاءة فـي بيـان أصـول القـراءة)، خـەلـەف دەخوێنێتەوە لە ڕیوایەتی ئیدریس لـە ڕێگـەی مطـوعي، واتـە سـەكت دەكات لەسـەر زەنەدارێكی درێژنەكراو ئەگەر لەدوای هەمزە هـات لـە یـەك وشـە یـان دوو وشـە، وەك وشەكانی(الأنهار، الآخرة، يسئمون، من آمن، قد أفلح).

3. وەهەروها ضباع دەفەرموێت لە پەرتووكی(البهجة المرضـية) لـە شـەرحی(شـرح الـدرة المضية) خەلەف بە وازهێنـان لەسـەكت دەخوێنێتـەوە، واتـە: تـەركی سـەكت دەكات لەسەر زەنەی پێش هەمزە بە ڕەها.

ئەوەش کورتکراوەی دانەری هونراوەکەیە لەسەر یەکێك لە ڕێگاکانی هونراوەکە، کە لە ئیدرسەوە هاتووە ئەویش لە خەلەف، کە لە ڕێگەی قوطەیعی لە ئیدریسی وەرگرتووە، وئەوەش نابێتە بەربەست بۆ ئەوەی کار بە ڕێگەی دووەم بکات کە ڕێگەی مطوعیە، مەزهەبیشی بریتیە لەوەی کە سەکت بکرێت بۆ ئەو زەنەدارەی دەکەوێتە پێش هەمزە، ئینجا چ لە یەك وشە بێت یان دوو وشە ودرێژکردنەوەشی تێدا نیە، وەك وشەکانی(قرآن)، و(الأنهار)، و(شيء)، و(من آمن)، و(خلوا إلى)، و(كل آمن)، بەمەوە لکەدار ناکرێت کە باسی نەکردووە لە پەرتووکی تەحبیر بەڵکو لە پەرتووکی نەشر باسی کردووە، ئێمەش لەسەر ئەمە کارمان بە هەردووکیان کردووە، خودا یارمەتی دەرمان بێت.

لە بۆچونی دوەم و سێیەم تێبینی ئەوە دەکەین کە ضباع سەکت دەکات و ناکات واتە: هەردوو لا پەیڕەو دەکات.

4. شێخ عبدلڕزاق موسی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی(تأملات حول تحريرات العلماء للقراءات المتواترة)وتەی ئیبنولجەزری لە پەرتووکی دوڕە لە بابەتی گواستنەوە کە دەفەرموێت(والسكت أهملا) ماناکەی ئەوە دەگێنێت کە خەلەف لە هەڵبژاردنەکەیدا وازی لە سەکت هێناوە لە ڕێگەی دوڕەو تەحبیر بە پێچەوانەی ڕیوایەتەکەی خۆی لە حەمزەوە، وگشت شیکەرەوەکانی پەرتووکی دوڕە لە کۆن و ڕابردودا لە تەفسیری هونراوەکان بە زاهیری دەقەکان دەکەن، بێ لێکوڵینەوە لە ڕێگەی ڕیوایەتی ڕاست و دروست، هەر وەك چۆن لە بابەتی یەکەم وایان کردووە، تاوەکو ئیبنولجەزەری بچووك کە کۆتایی موحەقیقینان بوو، موحەممەد متولی، ولە پەرتووکی(الروض النضير) کە بە دەست نوس نوسراوە ئەمە واتاکەیتی: ئیبنولجەزەری هیچ ڕێگەیەکی نیە کە سەکت ناکات، چونکە لە پەرتووکی تەحبیر باسی ئەوەی کردووە کە مطوعي لە پەرتووکی موبهیج لە ڕێگەی ئیدریس لە پەرتووکی دوڕە، ولە پەرتووکی نەشر هاتووە کە مطوعي لە پەرتووکی موبهیج سەکت دەکات لە دوڕە، سەرۆکی قاریئەکان شوێن کەوتووی ئەم بۆچونە دەکات، عەلی ضباع لە شەرحەکەی لەسەر پەرتووکی دوڕە بەم شێوە دەفەرموێت: کە ئیبنولجەزەری سەکتی ئیهمال

كـردووە لـە ئیدریسـەوە، وكـورت كردنـەوەی كـردووە لەسـەر یـەك لـە ڕێگـەكانی ئیدریسـەوە كـە ئـەویش قوطـەیعیـە، هیچ بەربەستێك نیـە لەسـەر كـە كـار بـە سـەكت بكـەین لەسـەر ڕێگـەی مطـوعي كـە ئـەوە بۆچونی دووەمـە لـە پـەرتووكی تـەحبیر، بـە هەڵەش داناندرێت كە باسی نەكردووە لـە تـەحبیر بەڵكو لـە پـەرتووكی نەشر باسی كردووە.

من دەڵێم لەبەر ئەوەی ڕێگەی شاطبی و دوڕە یەكێكن لە ڕێگاكانی پـەرتووكی نەشر هەر بۆیە لە پەرتووكی نەشر باسی كردووە هەر وەك ئەوە وایە كـە لـە پـەرتووكی تـەحبیر باسی كردبێت مادەم ڕێگایان یەكە، هەر كەسێك بەوەی كـە لـە پـەرتووكی نەشر هاتووە بخوێنێتەوە هەر وەك ئەوە وایە كە لە شـاطبیەوە دوڕەو تیبـەی هـەموویانی خوێندبێتـەوە، هەر وەك لە ڕابرودا باسمان كرد.

كـە دەڵێت(والسـكت أهمـلا) ئـەوە پێچـەوانەی ئەوەیـە كـە لـە پەرتووكـەكانی نەشـرو تەحبیر هاتووە، لەگەڵ ئەوەش گشت قاریئەكان هاوڕان لەسەر ئـەوەی موتـەولی و ضـباع دەیڵێن لەم گێڕانەوەیەدا، لەم بارەیەوە چەند پـەرتوكێكیان نوسـیوە بـە هـونراوەو نوسـین یـەكێك لەوانـە شـێخ همـامی قوتـب و شـێخ عـەلی سـەبیع و كەسـانی تـر، ئەوەشـیان هـیچ كەسێك ڕەتی ناكاتەوە.

لێـرەدا هەنـدێك كـەس كـار بـەم خوێندنەوەیـە ناكـەن بـەهۆی ئـەوەی كـە گوایـە ئـەم بۆچونە هەڵەیە كە بەهەردووكیان دەخوێندرێتەوە بە بەڵگەیـەك كـە هـیچ بنـەماییێكی بـۆی نیە، ئێمە لێرەدا باسی هەردوو بەڵگەكانی دەكەین وڕونی دەكەینەوە كە هیچ بنـەماییێكی بـۆ نیـە، تـاوەكو ڕاسـت و دروسـتی گێڕانەوەكـە بـۆ خوێنـەر دەركـەوێت و دروسـت بـونی خوێندنەوەكـە بـۆ كۆتـایی، وپێویسـت بـونی خوێندنـەوەی لـەلای ئـەوانی تـر، بۆیـە بـە پشتوانی خودا دەڵێم:

لە پـەرتووكێكی چاپكراو هـاتووە دەربـارەی پێداچونەوەی طیبـە لەلایـەن كەسێكەوە كـە ئەمە دەقەكەیەتی: درێژكردنەوەی شەش جولـە دیـاری دەكرێت بۆ لكـاو لەسـەر سـەكت، چـونكە لـە پـەرتووكی مـوبهیج ی موطـەوعـی هـاتووە، ئـەم وتەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ

ئیدریس، دواتر ئهمه دهقه زیاتر ڕونبۆتهوه لهلایهن كهسێكی تر له تهحقیقی پهرتووكێكی تری چاپكراودا له شهرحی دورهش كه دهفهرموێت: پێویسته درێژكردنهوهی شهش جوله له لایهن خهلهفهوه لهباری سهكت دا، چونكه سهكت نههاتووه تهنها له ڕێگهی موبهیج ی له موطهوعی نهبێت، ومهزههبی موبهیج درێژكردنهوهی شهش جولهیه.

من دهڵێم: ئهم شیكردنهوهی كۆتایی ئیبنولجهزهری كه دهفهرموێت(والسكت أهملا) ئهوه پێچهوانهی شیكردنهوهی موتهوهلی زباع و ئهوانی تره له گهوره زانایانی زانستی قیرائاتدا[1]، ئهوهی كۆتایی كه دهڵێت سهكت ناكرێت پشتی بهستووه بهوهی كه له پهرتووكی دوره هاتووه، وهگوتراوه: درێژكردنهوهی شهش جوله نیه له لكاودا لهلایهن یهك له سیٚ قاریئهكه له پهرتووكی دوره، چونكه سهكت نههاتووه تهنها له ڕێگهی طیبهوه نهبێت، وهكه دهگوترێت ئیدریس مهنعی سهكت دهكات له پهرتووكی دورهو تهحبیر ئهوه پێچهوانهی بنچینهی بۆچونی ئیدرسه، ئهوهیان تاكه بهڵگهیانه لهسهر ئهنجام نهدانی سهكت، چونكه ئهوان هیچیتریان باس نهكردووه جگه لهم دوو پهرتووكه نهبێت كه باسكراوه، یهكهمیان له پهرتووكی(تحریرات الطیبة) كه تێیدا هاتووه درێژكردنهوهی شهش جوله له لكاودا به سهرپشك نهك دیاریكردن، دووهمیان: له پهرتووكی دوره كه ئهویش درێژكردنهوهی شهش جولهی تێدا نیه له لكاودا لهلایهن یهك له سیٚ قاریئهكان، ئهگهر شیكردنهوهكهیان دروست بێت ئهوه ئێمه هاوڕایان دهبوین، چونكه پێویسته شوێن ڕاستی بكهوین به تایبهت ئهگهر ڕاستیهكه پهیوهندی به پهرتووكی خوداوه ههبێت كه قورئانی پیرۆزه، بهڵام شتێكی ڕاست و دروست نیه ههر بۆیه بهم شێوه وهڵامیان دهدهینهوه:

---

[1] ئهم وشه به زمانی عهرهبی پاراو نیه، مهبهست له وشهی(فطاحل)ه ماناكهی به گهوره دێت، سهیریكه (موحهممهدی عهدنانی: پهرتووكی (معجم الأغلاط اللغویة المعاصرة)، بهیروت، نوسینگهی لوبنان، چ2، ساڵی1996ی زاینی، پهرتووكی(الغلط) لا516. وهسهیریكه: ئهحمهد موختار عومهر: پهرتووكی (معجم الصواب اللغوي دلیل المثقف العربي) قاهیره، جیهانی پهرتووك، ساڵی1429ی كۆچی، لا3845.

✓ **یەکەم:** کە دەڵێن مەزهەبی پەرتووکی موبهیج درێژکردنەوەی لکاوە، ئەمە ڕاست نیەو گومانە، هیچ بەڵگەیەکیان نیەو کەسیش وای نەگوتووە، ئێمەش لێرەدا بەڵگەی تەواو دەخەینە ڕوو کە دەیسەلمێنێت کە لە پەرتووکی موبهیج هاتووە درێژکردنەوەی چوار یان شەش جولە هەیە نەك تەنها درێژکردنەوەی شەش جولە هەر وەك ئەوان باسی دەکەن.

